# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژماره ٧٦٧ ■ سێشەممە ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٨ _ ٤ی فێورییەی ٢٠٢٠

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا


## ئیمپراتووریی درۆ، لە سەربازەوە هەتا ئیمپراتوور



بڵاوبوونەوەی فایلێکی دەنگیی خەڵەبانی فڕینی تاران_شیراز ئاشکرای کردەوە کە هەر لە یەکەم ساتەکاندا هەم بورجی چاودێری و هەم کاربەدستانی سیاسی و سەربازیی ڕێژیم زانیویانە کە فڕۆکە ئۆکراینییەکە بە مووشەک بەردراوەتەوە. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ حاشایان لەوە کرد و بەتەما بوون چەندی دەکرێ ئەو جینایەتە تراژیکە بشارنەوە.

ئەم فایلە دەنگییە کە کۆماری ئیسلامیی ئێرانی توورە کردوە، شەوی یەکشەممە، ١٣ی ڕێبەندان لە تەلەڤیزیۆنەکانی ئۆکراین بڵاو بۆوە و بەوە دەردەکەوێ کە کۆماری ئیسلامی سەرەڕای ئەوەی بەتەواوی بە هۆکاری بەربوونەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکەی زانیوە، بەڵام بەتەمای شاردنەوەی ئەم جینایەتەی بووە.

سپای پاسداران ڕۆژی ١٨ی بەفرانبار دوو مووشەکی لەم فڕۆکەیە گرت و بوو بە هۆی کوشتنی ١٧٦ کەس.

# ٤١ ساڵ دەسەڵاتی زۆر و درۆ

# بەردەوامیی خەباتێکی خوێناوی بۆ بەچۆکداهێنانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران

◆ سەروتار

## ئێران لە دوای ٤١ ساڵ لە شۆڕشی ئیسلامی

**کەماڵ کەریمی**

٤١ ساڵ لەمەوبەر و لە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەنداندا دەسەڵاتی حەمەڕەزاشا و تەمەنی حکوومەتەکەی لە دوای ٣٧ ساڵ دەسەڵاتداری بەسەر ئێراندا، بە هۆی ڕاپەڕینی هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی ئێران کۆتایی پێهات. ئێران لە سەردەمی ڕێژیمی شادا لە دنیای دەرەوەدا، بە وڵاتێکی سەقامگرتوو، پێشکەوتوو و بەهێز لە ناوچەدا چاو لێدەکرا. ئەمریکا و ئورووپا لە کێبەرکێی نێودەوڵەتیدا گرینگیی تایبەتیان پێدەدا، ئابووریی ڕوو لە گەشەی وڵات بە پشتبەستن بە پیشەسازیی نەوت و پەرەسەندنی پێوەندیی سەرمایەداریی ئێران و جیهان لە لایەک و خۆ پڕچەککردنی ئەرتەش بە چەکی مۆدێرن و پێشکەوتوو، ئێرانیان کردبوە قوتبێکی گرینگی پاراستنی هاوسەنگی لە ناوچەدا و ئەمانە ئەگەر بەستراوەیی شای بە بەرەی سەرمایەداریی جیهانییەوە بە دواوە بوو، ئێرانی خستبوە سەر ڕێگەی گەشەسەندن و پێشکەوتن.

لە ئێرانی سەردەمی شادا ئەگەر جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ناوەندی شارە گەورەکان و ناوچە بەرفراوانەکانی دیکەی وڵاتدا هەبوو، بەڵام لەو ناوەندانەدا بیری ژیانێکی پێشکەوتووانە جێ کەوتبوو. ئەگەر بە هۆی چاوچنۆکیی سەرمایەداریی تازە پێگەیشتوو مەودای...

درێژەی بابەت لە لاپەڕەی ٢




## کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاری بەبەشداریی سکرتێری گشتیی حیزبەکان



ڕۆژی سێشەممە، ٨ی ڕێبەندان کۆبوونەوەیەکی تایبەتیی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ئاستی بەرپرسانی یەکەم و باڵای حیزبەکاندا بەڕێوە چوو.

یەکەم بڕگەی کۆبوونەوەکە ئاوڕدانەوە و هەڵسەنگاندنێک بوو بۆ کار و پێوەندییەکانی ناوەند لە ئاستی نێونەتەوەیی و پێوەندی بە پرسی کورد لە کوردستانی ئێران. بڕگەیەکی دیکە کاری ناوەند باس لەسەر ڕەوشی سیاسی ڕێژیمی ئێران و ئەو قەیرانانەی بوو کە هەموو جۆمگەکانی سیستم و دەسەڵاتی ڕێژیمی گرتووەتەوە و ڕێژیمی لە هەموو بوارێکەوە تووشی داماوی و پەراوێز خستنەوە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردوە.

کۆبونەوە وێڕای بەرزنرخاندنی خەباتی پڕلە شانازیەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و شارەکانی دیکەی ئێران لە سەربەرینتر کردنی ئەم خەباتە جەماوەریی و چالاکتر کردنی ناوەندی هاوکاری لە هەموو ڕەهەندەکانی خەبات بە تایبەت سیاسی و دیپلۆماسی لە گەڵ کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەیەکان و حیزب و لایەنە سیاسیەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و کوردستانی بڕیاری دا لێژنەکانی ناوەندی هاوکاری چالاکتر هەنگاوی بۆ هەڵگرن. هەر لەم پێوەندییەدا بەرپرسانی هەیئەتەکانی ئەرکدار کرد لە بواری کاری هاوبەشی ڕێکخراوەیی و گرینگی دان بە خەبات مەدەنی و پێشمەرگایەتی و ڕاگەیاندن گرینگی تەواو بدەن و لە بواری کردەییدا بەرنامەی ناوەندی هاوکاری بە ئەنجام بگەیەنن.


**کۆماری کوردستان و دەرەنجامەکانی**
حوسێن بەخشی
(٤)

**نەمانی قاسم سولەیمانی و دۆکتورینی مەهدی**
و: کەماڵ حەسەنپوور
(٧)

**ڕێژیمی ئێران، لە چەکی نەوتەوە بۆ چەکی دژی نەوت**
نەوید قادری
(٨)

**مارالاگۆ، کۆتایی قووڵایی ستراتیژیکی کۆماری ئیسلامی**
ناسر باباخانی
(٩)

**سانسۆر بەدرێژایی چوار دەیە**
هەردی سەلیمی
(١١)

# بەرپرسایەتیی قانوونیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە خستنە خوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە



عومەر باڵەکی

بابەتی بەرپرسایەتیی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ خستنەخوارەوەی فڕۆکەی نەفەرهەڵگری ئۆکراینی لە زۆر لایەنەوە هاڵۆزیی خۆی هەیە کە، لەم نووسینەدا هەوڵ دەدرێ بەشێک لەو لایەنە قانوونییانە کە بەرپرسایەتی دەخەنە سەر کۆماری ئیسلامی باس بکرێ.

پێش لەوە بچینە سەر ئەو باسە، پێویستە بەکورتیش بووبێ باسێک لە ئەندامەتیی ئێران لە ڕێکەوتننامەی شیکاگۆ کە لە ساڵی ١٩٤٤دا بەسترا، بکەین. ئەو ڕێکەوتننامەیە باس لە شێوازی هاتوچۆی هەموو ئەو فڕۆکانە دەکا کە کاری بازرگانی و گواستنەوەی موسافیر لە سەرانسەری دنیادا دەکەن، بەپێی ئەم ڕێکەوتننامەیە هەتا ئەو کاتە کە فڕۆکەی بازرگانی و موسافیرهەڵگری خاریجی لە ئاسمانی هەر وڵاتێکدا بن، وەزیفەی پاراستنی ئەو فڕۆکانە لە ئەستۆی وڵاتی میوانداره. لە مادەی ٩ی ئەم ڕێکەوتننامەیە بەڕوونی باس لە بابەتی ناوچە فڕینە قەدەغەکراوەکان دەکا و تەنانەت لە بەندی (ب)یی ئەو مادەدا بەڕوونی ئاماژە بەوە دەکا هەر دەوڵەتێکی ئەندام ئەو مافەی هەیە لەو کاتەدا کە هەست بە بوونی مەترسی لەسەر فڕینی فڕۆکەکان بکا و یا پاراستنی سڵامەتیی گشتی لە گۆڕێدا بێ، لە فڕینی ئەو فڕۆکانە پێشگیری بکا و لەلایەکی دیکەوە بەپێی قانوون و عورفی نێودەوڵەتی هەر فڕۆکەیەک چ فڕۆکەی شەڕکەر بێ یا موسافیری، بە هەر بیانوویەک سنووری ئاسمانیی وڵاتێکی دیکە ببەزێنێ، تەنانەت ئەگەر شەڕکەریش بێ بەڵام هەلومەرجی شەڕ نەبێ پێش لەوە هێرشی بکرێتە سەر پێویستە فڕۆکەوانی ئەو فڕۆکەیە ئاگادار بکرێتەوە لە بەزاندنی سنووری ئاسمانیی ئەو وڵاتە، جا ئەو کات یا ناچاری بکەن بە نیشتنەوە یان ئاسمانی ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵێ.

زۆر جار لە هەواڵەکاندا گوێمان لێ دەبێ کە کەرەسە گشتییەکانی وەک فڕۆکە، شەمەندەفەر و ... تووشی ڕووداوی نەخوازراو دەبن و خەڵکانێکیش لە ئاکامدا یا گیانیان لە دەست دەدن یا بریندار دەبن، بەڵام بەردانەوەی فڕۆکەی موسافیرهەڵگر لەلایەن سپای وڵاتێکەوە ڕووداوێکی کەموێنەیە و ئەم ڕووداوە بەرپرسایەتیی زۆر دەخاتە سەر کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆیدا. بە واتایەکی دیکە تایبەتمەندیی ئەو کارەساتە بە جۆرێکە کە هەموو بەرپرسایەتیی سیاسی و قانوونی و مەعنەوی و ئابوورییەکەی دەخاتە ئەستۆی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی.

ئەو بەرپرسایەتییانەی کۆماری ئیسلامی دەتوانین بەکورتی بەو شێوەی خوارەوە باسیان بکەین.

یەکەم، سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هێرشی مووشەکیی کردۆتە سەر فڕۆکەیەکی موسافیرهەڵگری وڵاتێکی دیکە لە حاڵێکدا لە فڕۆکەخانەیەکی نێو خاکی ئێران هەستاوە و شوێنی هەستانی فڕۆکەکە و سەکۆی مووشەکیی بەرگریی ئاسمانیی سپا لەیەک ناوچەی بەرتەسکی لێک نزیک هەڵکەوتوون.

دووهەم، لەو کاتەدا کە فڕۆکە ئۆکراینییەکە لە فڕۆکەخانەی "ئیمام خومەینی" خەریکی خۆ ئامادەکردن بۆ فڕین بووە، ئێران لە هەلومەرجی شەڕدا بووە و هێزە نیزامییەکانی لە حاڵەتی ئامادەباشدا بوون و بەپێی ڕێکەوتننامەی شیکاگۆ سازمانی فڕۆکەوانی مەدەنیی ئێران نەدەبوو ئیزنی هەستان بەو فڕۆکە ئۆکراینییە بدا.

سێهەم، هەرچەند سندووقی ڕەشی فڕۆکەکە هێشتا لای ئێرانییەکانە و زانیارییەکانی ئاشکرا نەکراوە بەڵام هەموو بەڵگەکان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە چ پێش فڕین و چ دوای فڕین هیچ هۆشدارییەک نەدراوە بە فڕۆکەوانی ئەو فڕۆکەیە.

چوارەم، بەپێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان فڕۆکەی هەر وڵاتێک بە بەشێک لە خاکی ئەو وڵاتە هەژمار دەکرێ و هەر جۆرە هەڕەشە و هێرشێک بۆ سەر فڕۆکەکە هێرشکردنە بۆ سەر خاکی ئەو وڵاتە.

پێنجەم، بە پێی هەموو زانستە نیزامییەکانی سەردەم هەموو سیستمی بەرگریی ئاسمانیی وڵات دەبێ و پێویستە پێکەوە گرێ درابن بەیەک، واتا پێوەندییەکانیان ئەوەندە چڕوپڕ بێ کە فەرماندەیی بەرگریی ئاسمانی بەوردی ئاگای لە هەموو جموجۆڵێکی بێ، بەڵام بەپێی قسە و لێدوانی بەرپرسانی پلەبەرزی سپای پاسداران و فەرماندەیی بەرگریی ئاسمانی، بە سیستمی سەرانسەریی ڕاداری بەرگریی ئاسمانی نەبەستراوەتەوە و یا شێوەی پێوەندییەکەی بەپێی ئوسوولی بەرگریی ئاسمانی نەبووە و، لە هەمان حاڵدا هەر ئەو فەرماندانەی سپا ڕادەگەیەنن کە ئەفسەری فەرماندەیی ئەو سیستمە مووشەکییە خەتای کردوە و فڕۆکەکەی لەگەڵ مووشەکی کڕووزی سپای ئەمریکا لێ تێک چووە و، ئەو دانپێدانانە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە دامەزراندنی ئەو سیستمە زۆر بەپەلە بووە و کەسانی بەرپرس لەو سیستمە بێتەجروبە و لە هەمان کاتدا ناشارەزا بوون. دەنا ماوەی شەش دەقیقە بووە لە فرگەی "ئیمام خومەینی" لە زەوییەوە هەستاوە و لە حاڵی بەرزبوونەوەدا بووە بۆ ئەوەی بگاتە ئەو ئاستە لە بەرزی کە بکەوێتە سەر خەتی فڕین، بەڵام مووشەکی کڕووز بەپێی قسەی شارەزایانی بواری نیزامی لە بەرزییەکی دیاری کراودا دەفڕێ و پێویستی بە بەرزبوونەوە نییە و، بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەرەو پێشەوە بۆ لای ئامانجەکە دەفڕێ و؛ جیاوازییەکی دیکەی مووشەکی کڕووز لەگەڵ فڕۆکەی موسافیرهەڵگر ئەوەیە کە لە بواری درێژایی و پانایی بە هیچ شێوەیەک وەک یەک ناچن.

شەشەم، لە ڕوانگەی خاوەن نەزەرانی نیزامییەوە ئەو پرسیارە هاتۆتە ئاراوە کە فەرماندەیی سپای پاسداران و یا فەرماندەی هێزی بەرگریی ئاسمانی، لەبەر چ پێویستییەک ئەو سیستمە بەرگرییە ئاسمانییەیان وا بەپەلە لە نزیک فڕۆکەخانەیەکی مەدەنی دامەزراندوە و لە هەمان کاتدا بۆچی پێشگیرییان نەکردوە لە فڕینی فڕۆکەکان.



بە پێی ئەو خاڵانەی لە سەرەوە باسمان کردن بەو ئاکامە دەگەین کە بەردانەوەی ئەو فڕۆکەیە چ خەتای ئینسانی بێ و چ خەتای تکنیکی، دەچێتە خانەی جەنایەت و کوشتاری بە ئانقەستی خەڵکی بێتاوان و لە هەمان کاتدا هەروەکی پێشتر باس کرا فڕۆکەی موسافیری یا بازرگانی هەر وڵاتێک بەپێی قانوونە نێودەوڵەتییەکان خاکی ئەو وڵاتەیە، هەر بۆیە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بێجگە لەوەی جینایەتی خولقاندوە، لە هەمان کاتدا بە بەردانەوەی ئەو فڕۆکەیە هێرشی کردۆتە سەر خاکی دەوڵەتی ئۆکراین. هەر دووی ئەو بابەتانە بەرپرسایەتیی قانوونی و دادوەری دەخاتە سەر شانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. بەو مانایە کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر بنەماڵەی قوربانییانی ئەو کارەساتە بەرپرسە و لەسەریەتی قەرەبووی مادی و مەعنەوییان بکاتەوە، لەبەر ئەوەی موسافیرەکانی ئەو فڕۆکەیە خەڵکی چەندین وڵاتی جیاوازن، کۆماری ئیسلامی بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە لەگەڵ قانوونی چەند وڵات بەرەوڕوو دەکاتەوە، بەو مانایە بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە ئێران لە گەڵ ئەو وڵاتانە تووشی "تعارض قانون" دەبێ و لە ئاکامدا ناچار دەبێ بە پێی قانوونی نێودەوڵەتی قەرەبووی مادیی ئەو بنەماڵانە بکاتەوە، کە ڕادەکەی زۆرە.

هەر ئەوەشە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی پەنا دەبەنە بەر ئەو ئەسڵە لە قانوونەکانی خۆیاندا کە "دوتابعیتی" قەبووڵ ناکەن، دەشزانین ڕادەیەکی بەرچاو لە کوژراوەکان "دوتابعیتی"ی بوون و، کۆماری ئیسلامی ئەگەر بەپێی قانوونەکانی خۆی لەگەڵ بنەماڵەی کوژراوە دوو وڵاتییەکان ڕەفتار بکا، تەنیا خوێنبایی (دیە)یان پێ دەدا کە بڕە پارەیەکی کەمە لە چاو ئەو قەرەبووەی قانوونی نێودەوڵەتی دیاریی کردوە. بێجگە لەوە کۆماری ئیسلامی لە بواری سیاسییەوە دەبێ بەفەرمی لە هەموو ئەو وڵاتانە کە لەو کارەساتەدا زیانبار بوون عوزر بێنێتەوە و، لە بواری مادییەوە دەبێ قەرەبووی دەوڵەتی ئۆکراین و شیرکەتی خاوەنی فڕۆکەکە بکاتەوە کە، ئەوەش خۆی هەم لە بواری قانوونییەوە و هەم لە بواری مادییەوە تێچوویەکی زۆر بۆ کۆماری ئیسلامی هەڵدەگرێ.

سەرەڕای ئەوانە بەردانەوەی ئەو فڕۆکەیە زیانێکی گەورەی لە هێڵی ئاسمانیی ئێران داوە و، ئەگەر کۆماری ئیسلامی پێبەند نەبێ بە قەبووڵی بەرپرسایەتی و قەرەبووی بنەماڵەی قوربانییان و دەوڵەتانی زیان وێکەوتوو، ڕەنگە بۆ ماوەیەکی باش هێڵی فڕۆکەوانیی موسافیری ڕاستەوخۆ ڕوو لە ئێران نەکا و خەتی فڕۆکەوانیی جیهانیش بە ڕادەیەکی بەرچاو هاتوچۆیان کەم بکەنەوە، کە ئەوەش بۆخۆی زیانێکی گەورە بە کەرتی فڕۆکەوانی و گەشتیاری و بازرگانی ئێران دەگەیەنێ و؛ لە ڕاستیدا هەزینەکەی دەبێ وەک هەموو گێرەشێوێنییەکانی دیکەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەکەوێتە سەر شانی گەلانی ئێران.

دریژەی سەروتار

# ئێران لە دوای ٤١ ساڵ لە شۆڕشی ئیسلامی

...چینایەتی، ڕوو لە زیادبوون بوو و چینی هەژاری قەراغ شارەکان و ناوچە دووردەستەکان زۆرتر بوون لەوانەی لەم پێشکەوتنە کەلکیان وەردەگرت، لەو لاشەوە چینی مامناوەند شکڵی گرتبوو و بە کەلکوەرگرتن لە ئیمکانات و کەرەسەکانی پێویستی گەشەی سەرمایەداری، شاعیران و نووسەرانی دەروەست، مامۆستایان و خوێندکارانی زانستگە، ناوەندە زانستی و کولتوورییەکانیان کردبوە سەنگەری خەبات بۆ بەرەو پێش بردنی خەبات و گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد. لەو سەردەمدا ئەگەر هەوڵ بۆ بەربەست کردنی ئازادییە سیاسییەکان بەردەوام بوو، بەڵام بە تایبەت لە شارەکاندا تا ڕادەیەک، ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان و ئازادژیان بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە بە پێی یاساکانی وڵات پارێزراو بوو.

٤١ ساڵ لەمەوبەر لە بواری ئابوورییەوە، ئێران وڵاتێکی گەشەسەندوو بوو و کێبەرکێی لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتووی سەنعەتی دەکرد. ئەوکات لەبەر ئەوەی ئەم گەشەسەندنە نەخرایە بواری خزمەت بە چینە هەژار و کەمداهاتەکان و ناوچە بێبەشەکان و، لە لایەکی دیکەشەوە بەربەست لەسەر هەر چەشنە تێکۆشانێکی سیاسی دادەنرا و، بوونی ئازادی و دێموکراسی کرابوونە قوربانیی سات و سەودای بازرگانیی نێوان دنیای سەرمایەداری، ڕێژیمی پاشایەتی کەوتە بەر ڕق و بێزاریی خەڵکی ئێران و دەسەڵاتەکەیان تێکەوە پێچرا. ئەوکات خەڵک بە نیازی گەیشتن بە ئارەزووەکانیان کە هەڵمژینی بۆنی ئازادی و ڕزگاربوونیان لە چەوساندنەوە و هەژاری بوو، ملیان دا بە وەدواکەوتن بە دروشمە درۆیینەکانی کەسێکی وەک ئایەتوڵڵا خومەینی کە دوای ٢٥ ساڵ دوورخراوەیی گەڕایەوە ئێران و بەسەر شەپۆلی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک بوو بە ڕێبەر و دواتر کۆماری ئیسلامیی بۆ دامەزراندن.

ئێستا دوای ٤١ ساڵ لە گۆڕانی دەسەڵاتی پاشایەتی بە کۆماری، ئەگەر ئاوڕێک لە ڕابردووی ئێران بدەینەوە، دەبینین ئەم وڵاتە لە ماوەی ئەو ٤ دەیەدا چەندە لە قەرا پێشکەوتنەکانی وڵاتانی دیکە ئەگەر تەنیا چاو لە وڵاتانی هاوسێی بکەینەوە بەرەو پاش گەڕاوەتەوە. لەم ساڵانەدا ئابووریی ڕوو لە گەشەی پێشوو ڕووی لە دابەزین کردوە. پەککەوتنی سەنعەت، کەمبوونەوەی بەرهەمە کشت و کاڵییەکان و دابەزینی بێسنووری نرخی پووڵی وڵات و لەژێر کاریگەریی ئەوانەدا، هاتنەخوارەوەی ئاستی ئاڵوێری بازرگانیی دەرەوە و کردنی ئێران بە بازاڕێکی مەسرەفی و پەرەگرتنی هەژاری و هاتنەخواری ئاستی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، دەری‌دەخەن کە بەرنامەکانی ڕێژیمی ئیسلامی چۆن ئێرانیان بەرەو وێرانی پاڵ پێوەناوە. جگە لەمەش شوێنەواری ئەم وەزعە نالەبارە ئابوورییە و ڕوانگەی کۆنەپەرستانە و دژە مرۆڤانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەسەر ماف و ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵک، کۆمەڵگەی ئێرانی هەتا ئاستی لێکترازان بردوە و بووەتە هۆکاری پەرەگرتنی نەخۆشی و پەتای جۆراوجۆر لەنێو کۆمەڵدا.

زیادبوونی نەخوێندەواری بە تایبەت لە ناوچە دووردەست و هەژارەکاندا، پەرەگرتنی بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان، چوونەسەری ڕێژەی تەڵاق و لێکهەڵوەشانی بنەماڵەکان و دزی و کوشتن و فەسادی ئەخلاقی، بەشێکن لەوماڵوێرانییەی بەسەر کۆمەڵگەی ئێراندا هاتوە. بەڵایەک کە نە تەنیا ڕێژیم هیچ بیرکردنەوەیەکی بۆ چارەسەرییان نییە بەڵکوو بۆ خۆیان هۆکاری بڵاوبوونەوەیانن.

لە بواری دابینکردنی ئازادییەکان و پەرەپێدانی دێموکراسی لە ئێراندا، کە بێگومان ئەگەر ڕێژیمی شا بیرکردنەوەیەکی دروست و سەردەمیانەی بۆ پێشکەوتن هەبایە و تێگەیشتن لەوەی کە لە وڵاتێکی وەک ئێراندا، گەشەی ئابووری بە کردنەوەی فەزای سیاسی و ڕێخۆشکردن بۆ گەشەی سیاسی و، پەیڕەوکردنی ڕێبازی دێموکراسی بۆ دەسەڵاتداری دەیتوانی ڕێگەی خۆشبژێویی هەموو دانیشتووانی وڵات و دابینکردنی داهاتوویەکی باشی بە دواوە بێ، ڕەنگە تووشی ئەو چارەنووسە نەبایە. بەڵام هەرچەند کە شا لەگەڵ بیری ئازادی و دێموکراسی بە مانای بەشداری پێکردنی ڕاستەوخۆی خەڵک لە ئیدارە و بەڕێوەبەریی وڵاتدا ڕێک نەدەکەوت، لانی‌کەمی ئازادی بۆ شێوەی ژیانی ئینسانەکان لەبەرچاو دەگرت.

کۆمەڵە ماف و ئازادییەک کە دوای ٤١ ساڵ خەڵکی بێبەش لە هەموو مافەکانیان دێنێتە سەر شەقام و تازە دەیانەوێ ئەو مافانەی کە کۆماری ئیسلامی، سەرەتا بە کەلکوەرگرتن لە هەستی شۆڕشگێڕی و ئایینیی خەڵک و دواتر بە زەبر و زۆر و سەرکوت لێی زەوت کردوون، وەربگرنەوە. خەڵکی ئێران لە دوای ئەو هەموو ساڵە ئیتر نایانەوێ سەر بۆ دەسەڵاتی ملهوڕانەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی شۆڕ بکەن و لەوە زیاتر ببنە سووتمانی سیاسەتەکانیان کە جگە لە دواکەوتوویی و ماڵوێرانی، شتێکی دیکەیان لێ نەدیتوە. ئەو خەڵکە باوەڕیان بە جیاوازی ڕەگەزی و بەزۆر داپۆشینی ژنان نییە. ئەوان بە دوای دابینکردنی ماف و ئازادییەکانی تاکەکانەوەن. چینە هەژارەکانی ئێران ئاوەدانی و پێشکەوتنی ئابوورییان بۆ خزمەتکردنی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەوێ، نەک برسی‌کردنی زۆربەی خەڵک لە پێناو تێرکردنی کۆمەڵێک مشەخۆری دەسەڵاتدار.

جگە لەم وەزعە نالەبارەی نێوخۆ، لەم ماوەدا سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی، ئێرانی کردوەتە وڵاتێکی پەراوێزخراو لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا و، لەنێو وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتیشدا کۆماری ئیسلامی بە ڕێژیمێکی شەڕفرۆش و ئاژاوەگێڕ ناسراوە کە هەوڵی تێکدانی ئاسایشی وڵاتانی دراوسێ دەدا و، بەڕێوەبەرانی ئەم سیاسەتەش نە تەنیا حاشایان لەم کارە دزێوانە پێ ناکرێ بەڵکوو جاربەجاریش شانازیی پێوە دەکەن و هەڕەشە لەو وڵاتانە دەکەن.

هەربۆیە ئێستا خەڵک بۆ گێڕانەوەی ئێران بۆ سەردەمی پێشکەوتنی ئابووری و دابینکردنی ئازادی لە پێناو دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دێموکراتیکدا خەبات دەکا. ئەوان دەزانن کە ئەوەی کۆماری ئیسلامی بە زۆر و درۆ لێی ئەستاندوون دەبێ بە خەبات و خۆڕاگری و، بە کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی بە دەستی بێننەوە و؛ لەم ساڵانەدا دەریان خستوە کە بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە لە گیانی خۆیشیان دریغی ناکەن.

***

کوردستان
• ژمارە: ٧٦٧
١٥ی بەفرانباری ١٣٩٨ _ ٤ی فێوریەی ٢٠٢٠

## مستەفا مەولوودی:

# کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەزانی کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی نادەروەستە و گۆڕان لە ڕەفتار و سیاسەتەکانیدا ئەستەمە

**دیمانە: عەلی بداغی**

**ئەمریکا لە گوشارە سیاسی و ئابوورییەکانی بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بەردەوامە. وڵاتانی ئوروووپایی هاوبەشی ئێرانیش لە بەرجامدا ئەگەر چی دەستی هیوایان لە ڕێژیم بەرداوە، بەڵام هەوڵ دەدەن ئەوەندەی دەکری خۆیان لە هەڵوێستی توند لەدژی ئێران بەدوور بگرن. لەنێوخۆی وڵاتیشدا ڕێژیم دەیەوێ بە بەشدارییەکی لایەنیزۆر لەلایەن خەڵکەوە ڕەواییەت بۆخۆی دەستەبەر بکا و پشتئەستوور بەوە لە گەمە سیاسییەکانی بەردەوام بێ.**
**کۆماری ئیسلامیی ئێران چەندە دەتوانێ لە مەوداکانی نێوان ئورووپا و ئەمریکا بە قازانجی خۆی کەلک وەرگرێ؟ هەڵبژاردنەکان لە ئێران بەرەو کوێ دەڕۆن و بزووتنەوەی سیاسیی کورد چ دەورێکی کە گۆڕانکارییەکانی ئێستای ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە. «کوردستان» ئەم بابەتانە و چەند مژارێکی دیکەی لەگەڵ مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان تاوتوێ کردوە.**



**با سەرەتا باسێک لە «سەودای سەدە» بکەین. ئایا ئەم جۆرە تەرح و پڕۆژانە دەتوانن سەقامگیریی سیاسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئاشتیی نێوان نەتەوە ناکۆکەکاندا دابین بکەن؟**

بە بڕوای من نا، ناتوانێ. تەنیا پڕۆژە و گەڵاڵەیەک دەتوانێ سەقامگیریی سیاسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی لێ بکەوێتە و، ئاشتیی نێوان گەڵان دابین بکا کە بۆ ماف و ئیرادەی گەلانی ئەو ناوچەیە گەڕابێتەوە و؛ لەسەر ئەساسی داننان و پاراستنی مافی گەڵان و پێکهاتەکانی ناوچەکە داڕێژرابێ. ئەم پڕۆژانەش دەبێ گشتگیر و فرەپەسند بن، بەو مانایەی دوو لایەن یان چەند لایەنی خاوەن ماف و خاوەن بەرژەوەندی لەسەری ڕێک کەوتبن. لە ڕوانگەی منەوە تەنیا شتی پۆزتیڤی ئەو پڕۆژەیە هاندانی دوو لایەنە هەتا بە دیالۆگ و وتووێژ کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن. دەنا لە تەواوەتیی خۆیدا پێموایە ئەو پڕۆژەیە ناتوانێ سەقامگیریی سیاسی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا بەدی بهێنێ هیچ؛ بەڵکوو ڕەوشەکە زۆر سەخت و دژوارتر دەکا و ئەگەری ئەوە هەیە ناوچەکە تووشی زۆر سیناڕۆی ناروونی دیکە بکاتەوە و کێشەکان لە باتی چارەسەری ئاڵۆزتر ببن.

**لەم ڕۆژانەدا سەرۆکی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتومی ئێران خرایە لیستی گەمارۆکانی ئەمریکا دژی ئێرانەوە، ئەوەش لە درێژەی ئەم گوشارانەوە دێ کە بە «گوشاری لانیزۆر» دەناسرێ. پێتان وایە ئەم گوشارانە تا ئێستا چ کاریگەرییەکیان لەسەر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بووە؟**

ئەوەی کە سەرۆکی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی ئێران لە لایەن حکومەتی ئەمریکاوە دەخرێتە لیستی ڕەشی سزاکانەوە، ئەم بڕیارە چ لە بواری سیاسی و چ لە بواری ئابوورییەوە دەتوانێ شوێنەواری زۆر نیگەتیڤی لەسەر حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا چەت بخاتە نێوان پێوەندیی ئۆرگانیکی ئەو ڕێکخراوەیە لەگەڵ لایەنە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەت ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆم و ئەوەش دەتوانێ بۆ ڕێژیمی ئێران کارەساتبار بێ و، تەنانەت زیانی قەرەبوونەکراویش بە ڕێککەتنی بەرجام بگەیەنێ کە لانی کەم لە ئێستادا ئەگەر کارایی خۆیشی لەدەستدا بێ؛ بە شێوەی فۆڕم لە ڕوانگەی ئێران و لایەنەی ئورووپاییەوە لەجێی خۆیەتی. بۆیە بە ئەگەری زۆر حکومەتی ئێران لە باری سیاسی و ئیعتباری نێودەوڵەتی و ئابوورییەوە تووشی چالشی گەورەتر دەبی و دەکرێ بڵێم زیاتر ئەم ڕێژیمە ئیزۆلە و پەراوێز دەخا. هەر چەند لە حاڵەتی لەو چەشنەدا جۆری مودیرییەتی کاربەدەستانی ئێران بە جۆرێکە کە دووکەڵی ئەو جۆرە قەیران و کێشەگەلە زۆرتر بچێتە چاوی خەڵک، کە بەداخەوە خەڵکی ئێران هەتا ئێستاش لەو سۆنگەیەوە تێچووی زۆریان داوە و، گوشارەکان لەسەریان چەند قات زۆرتر دەبێ.

**گەمارۆکان کاریگەرییان لەسەر ئابووری و ژیانی خەڵکی وڵاتیش داناوە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی چەند ڕۆژ پێش ئێستا کۆنگرەی ئەمریکا پشتیوانیی لە نارەزایەتییەکان لە ئێران کرد و داوای لە وڵاتەکەی کردوە کە بابەتی پشتیوانی لە خەڵکی ئێران لە شووورای ئەمنیەیدا بخاتە دەستووری کارەوە؛ ئێوە ڕوانگەتان بۆ سیاسەتی سزادانی ئێران و هەروەها سیاسەتی پشتیوانیی مەعنەوی و سیاسیی کۆمەڵگەی جیهانی لە خەڵکی ئێران چییە؟**

غەدرێکی گەورەیە لە خەڵکی ئێران بەو مێژووە پڕشنگدارە لە خەباتیان دژی سەرەڕۆیی و بە تایبەتمەندییە پڕبایەخەکانیان کە ڕێژیمێکی وەک کۆماری ئیسلامی حوکمیان بکا و، لە سۆنگەی سیاسەت و دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمەوە بکەونە ئەم بارودۆخەوە. مێژووی ژیانی سیاسی خەڵکی ئێران بە هەموو پێکهاتەکانی ئەوە بەروونی نیشان دەدا، هەر بۆیە خەڵکی ئێران کە بە ئیرادەوە لە بەرانبەر ئەو ستەم و جەورەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پێی ڕەوا دیون خۆیان ڕاگرتوە و، لێبرانە هەول دەدەن بە هەوڵ و هیممەتی خۆیان ئەم ڕێژیمە سیاسییە سەرکوتگەرە بە ڕێژیمێکی دێموکراتیک و خەڵکی بگۆڕن. بەڵام بەپێی ئەو پێوەندییە سیاسی، ئابووری و نێونەتەوەیی کە لەو سەردەمەدا گەڵان و وڵاتان بەیەکەوە هەیانە، ڕووداو و گۆڕانکارییەکان کارتێکەرییان لەسەر یەکتر هەیە.

سروشتییە گوشاری حکومەتی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆسەر ڕێژیمی ئێران و پشتیوانیی مەعنەوی لە خەڵکی ئێران بۆ دابینکردنی مافی کۆمەڵایەتی و ئازادیەکانیان لە ئێران، دەتوانێ بۆ ڕێژیم شوێنەواری سەلبی و بۆ خەڵکی وڵاتی ئێران بەگشتی شوێنەواری ئیجابیی هەبێ و دەتوانێ زۆرتر هاندەری خەڵک بێ بۆ بەردەوام بوونیان لە خەبات و تێکۆشان بۆ دەستەبەری ئازادی و گەیشتن بە مافەکانیان.

**وەدواخستنی چالاککردنی «میکانیزمی ماشە» لە لایەن وڵاتانی ئورووپایی دیسان ئەو گریمانەیە بەهێز دەکاتەوە کە هیوا و تەما ماوە بۆوە ئێران ڕەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی کەوێ و گرژی و ئاڵۆزییەکان ئەوەندەی دەکرێ ڕێیان لێ بگیرێ. ئایا ئێران دەبێتە ئەو تەیرە مەعقوولە کە لە کۆمەلگەی جیهانیدا جێی بێتەوە؟ ئایا ئەوە کاتکڕینی زیاتر بۆ ڕێژیم و کاتسووتاندنی پتر بۆ خەڵکی ئێران نییە؟**

بە سەرنجدان بە مێژووی چل ساڵەی حکومەت و ڕەفتاری ئەم ڕێژیمە چ دەرحەق بە خەڵکی وڵات لە نێوخۆ و چ بەنیسبەت نابەرپرسیار بوونی دەسەڵات بەنیسبەت کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، ئۆمێد بەوە زۆر کەمە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گۆڕان ی بەسەردا بێ و بیەوێ ڕەفتار و هەڵسوکەت و سیاسەتەکانی بگۆرێ. بەڵام وڵاتانی ئورووپایی بە تایبەتی یەکیەتیی ئورووپا و ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی زانیاریی باشیان لەسەر ڕێژیمی ئێران هەیە و بەباشی نابەرپرسیارەتیی ڕێژیمەیان بۆ دەرکەوتوە. هەڵبەت ئەوان بەهۆی ڕەوشی هەستیاری ئێستای ناوچە و ژئۆپۆلیتیک و هەڵکەوتەی جوغرافیایی ئێران زۆربەی هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیەدایە کە ڕێژیمی ئێران ڕەفتارەکانی بگۆڕێ. کۆماری ئیسلامی هاوکات ئەم گوشارەشی لەسەرە کە ئەگەر ڕەفتارەکانی لە زۆر بوار و ئاستەکاندا نەگۆڕێ، دەتوانێ ناوچەکە تووشی کارەساتی چاوەڕواننەکراو بکا کە دیارە زەرەرمەندی یەکەم لە پێشدا خەڵکی ئێران و دواجار خودی ڕێژیمە. بۆیە لە باتی ئەوە دەست لەسەر دەست دابنێن و چاوەڕوانی ڕووداوی چاوەڕوانکراو بن، کار دەکەن بەڵکوو ئەوەندەی دەتوانن بەرپرسایەتی لە کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێراندا دروست بکەن، کارێک کە ئوروپاییەکان ئێستا پێیەوە سەرقاڵن، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەمە دەتوانێ چارەسەری کێشەکان بێ؟ لە ڕوانگەی منەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەبەر ئەوەی خۆی و سیاسەتەکانی سەبەب و هۆکاری بنەڕەتیی کێشە و قەیرانەکانن، نەخێر شانسی ئەمە زۆر کەمە.

**هەتا نارەزایەتییەکان لە ئێران زیاتر و ماوەی ڕوودانیان کەمتر دەبێتەوە، گوشار و توندیی سەرکوتەکەش لەلایەن ڕێژیمەوە زیاتر بووە. خەڵکی ئێران جیا لە بەردەوامیی نارەزایەتی کام چەک و کام ڕێکاری دیکە هەیە بیگرنە بەر بۆ داواکردنی مافەکانیان و بەردەوامیی خەباتیان؟**

نارەزایەتییەکان لە ئێران وکوردستان ڕیشە و بنەچەی بۆ شێوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە، ئەم گوشار و سیاسەتە چەوتانەی دەیان قەیرانیان بەرەوڕووی کۆمەڵگەی ئێران کردۆتەوە و بوونەتە هۆی نەهامەتیی خەڵک.

کەڵەکەبوونی داواکان و شێلگیریی خەڵک و بەردەوامیی نارەزایەتییەکان خەڵکی ئێرانی سیاسیتر و مافویستتر کردوە. چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێران لە ئێستا مکوڕتر لە هەر کاتێک تێدەکۆشن مافی لەدەستچوویان بۆ بگەڕێتەوە. بەتایبەتی ئەگەر سەرنجی دروشمەکان لە شەپۆلی نوێی نارەزایەتییەکانی ئەم دوایانە بە دوای خستنە خوارەوەی فرۆکەی ئۆکراینییەکە بدەین کە لە لایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە کرایە ئامانج؛ دەبینین خۆپێشاندەران ڕێژیمیان لە تەواوەتی خۆیدا بە ئامانج گرتبوو؛ ئەمەش دەربڕی ئەوەیە کە خەڵک بێزار و لێبڕاو بوون بۆ گۆڕانی وەزعی مەوجوود و ئەوە دەتوانێ کاریگەریی لەسەر دروستکردنی جەسارەتی زیاتری خەڵک هەبێ؛ هەروەها ترس و نیگەرانی زۆرتریش لەنێو کاربەدەستانی ڕێژیمدا دروست بکا. سروشتییە فشاری لە ڕادەبەری ڕێژیم بۆ سەر خەڵک، بەتایبەت خەڵکی هەژار و کەم داهاتی وڵات دەبێتە هۆی ئەوە خەڵکی وڵاتان و تەنانەت دەوڵەتانیش پشتگیری مەعنەویی خەڵکی ئێران بکەن. بەڵام بە گشتی لە ڕوانگەی منەوە خەڵک دەبێ بە یەکگرتوویی خۆیان لە خۆپیشاندانەکان بەردەوام بن و هاوکات نارەزایەتییەکان بۆ فازی مانگرتنی گشتی بگوازنەوە.

**ناوەندی هاوکاری هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی بایکۆت کردوە، ئەم هەڵوێستە چەندە لەجێی خۆیدایە؟ پێتان وایە خەڵکی کوردستان چۆن بەرەو هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە دەچن؟**

لەسەر ئەساسی ئەو شناخت و زانیارییەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەسەر نێوەرۆک و کردەوەکانی حکومەتی کۆماری ئیسلامی لە ئێران بەگشتی و لە کوردستان بە تایبەتی هەیانە و، ئەزموونێک کە خەڵکی کوردستان لە بەشدارییەکان لە هەڵبژاردنەکان هەیانە، ئەمن لام وایە بایکۆت کردنی هەڵبژاردنەکانی دەورەی ١١ی مەجلیسی شورای ئیسلامیی ئێران بڕیارێکە تەواو لەجێی خۆیدایە.

هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە دەبوا بایکۆت کرابا، یەکەم لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستانی ئێران خۆیان بەباشی لە هەموو بوار و ئاستەکاندا نیزامی کۆماری ئیسلامییان ناسیوە و هەموو نەهامەتییەکانی خۆیان لە چاوی ئەو ڕێژیمەدا دەبینن، بۆیە ناچنە پشتی. دووهەم جیا لەوەش بە کردەوە بۆیان دەرکەوتوە نوێنەران لە مەجلیسی شوڕای ئیسلامی بە تاک لە حەوزەی هەڵبژاردنی خۆیاندا و بە کۆش لە مەجلیسی شورای ئیسلامیدا نەخش و دەورێکی زۆر سنوورداریان هەیە و، نەیانتوانیوە بەشێکی هەرە بچووکیش لە خواستەکانی خەڵک دابین بکەن و کاریگەریی ئەوتۆیان لەسەر دانانی یاساکان لە مەجلیس لە بەرژەوەندیی خەڵکدا نییە. جیا لەوەش خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابراو و نامۆ نین لە هێزە سیاسییەکان، ئەگەر هێزە سیاسییەکان بەگشتی یەک هەڵویست بن، تەجرووبە نیشانی داوە خەڵک بە دەنگیانەوە هاتوون؛ بۆیە من پێموانییە کە خەڵک هەر ناچنە سەر سەندووقی دەنگدان و حەوزەی هەڵبژاردن بێ نوێنەر دەبێ، بەڵام بڕوام وایە لە هەڵبژاردنی ئەو جارەدا خەڵک بەنیسبەت هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو زۆر کەمتر دەچنە سەر سەندووقی دەنگدان کە ئەوە دەتوانێ پەیامێکی سیاسیی شوێندانەر بێ و شێوەیەکی موناسب و کاریگەریی خەباتە بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.

**وەک دەبینین ئێران و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست لە بەردەم گۆڕانکاریی زۆر خێرا دایە، بەشێک لەم گۆڕانکارییانەش لەو ماوەیەدا ڕوویان دا. کوردی ئێران لە کوێی ئەم گۆڕانکارییانەدایە؟**

هەر گۆڕانکارییەک لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتانی ناوچە بەتایبەت لە پێتەختی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدایە و بەشێکی کوردستانە، شوێنەواری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر بزوتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەلکی کوردستان دەبێ. بۆیە لە ئێستاشدا هەر چەندە سیناریۆکان زۆر ڕوون نین و ڕەهەندی جۆراوجۆر بەخۆیانەوە دەگرن؛ بەڵام بە دڵنیایی کاریگەرییان لەسەر کوردستان دەبێ. بە خۆشییەوە خەڵکی کوردستانیش ئەزموون و لێزانی ئەوەیان هەیە کە لەو هەلومەرج و دەرفەتانەی لە سۆنگەی گۆڕانکارییەکاندا دێنە پێشێ بەباشی کەڵکیان لێ وەربگرن، و دەرفەتەکە بقۆزنەوە.

ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردوو لە ناوچە بەتایبەت سەرهەڵدانی داعش و ڕۆڵی کورد لە شکاندنی ئەم هێزە تێرۆریستییەدا و ئەو خەبات و تێکۆشانەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا بۆ ئازادی و دێموکراسیی بوویانە، هەموو ئەوانە لەسەر یەک پێمان دەڵێن کورد لە ئێستادا فاکتەرێکی بەهێزە لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەدا.

**زەروورەتەکانی بەردەم جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە ئێران لە بارودۆخی ئێستادا چین و چمان بۆی کردوە؟**

ئەوە حەقیقەتێکی تاڵ و مێژووییشە کە کورد لە پێناو وەدەستهێنانی مافەکانی تا ئێستا لە خەباتێکی زۆریان کردوە و تێچووی زۆریشیان بۆ داوە، بەڵام دەسەوتەکانی بارتەقای ئەم هەمووە قوربانیدانە نەبووە کە دیارە ناچینە سەر باسی هۆکارەکانی. بەڵام بە گشتی ڕەوتی مێژوو و جووڵانەوەی کورد وایکردوە بزوتنەوەی سیاسیی خەلکی کوردستان بزوتنەوەیەکی لەسەر هەست و زیندوو بێ. ڕوونە کە بەپێی ئەزموونێک کە لە ماوەی خەبات و تێکۆشانیدا دەستی خستوە، بەنیسبەت گەڵان و بەشەکانی ئێران ئامادەیی زۆرتری و ئەزموونی پتری لە هەموو ئاستەکاندا هەیە. بۆیە پێویستە کە لە حاڵی ئێستادا یەکڕیز و یەکگرتووتر و خاوەن پلان و بەرنامە بێ و، خۆ بۆ هەموو حاڵەت و ئەگەرەکان لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوودا ئامادە بکا. من پێم وایە خەلکی کوردستان و هێزە سیاسییە خاوەن کاریگەرییەکان ئەم توانا و هێزەیان هەیە کە بە یەکگرتوویی و یەکڕیزیی زیاترەوە بەرەو گۆڕانکارییەکان بچن.

**زۆر سپاس کە کاتتان بۆ ئەم دیمانەیە دانا**

ئێوەش ماندوو نەبن

***

کوردستان
• ژمارە ٧٦٧
١٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٨ _ ٤ی فێورییەی ٢٠٢٠

## سەردانی شاندێکی پارتی یەکیەتیی کوردستانی سووریە لە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان



ڕۆژی شەممە، 12ی ڕێبەندان، شاندێکی پارتی یەکیەتیی کوردستانی سووریە بە سەرپەرستیی ئیبراهیم برۆ، ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەم حیزبە سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزب بە سەرپەرستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.

لەم دانیشتنەدا کە بەڕێز عەلی قازی، کوڕی پێشەوا قازی محەممەدیش تێیدا بەشدار بوو، کۆمەڵە بابەتێکی پێوەندیدار بە پرسی کورد لە ئێران و سووریە خرانە بەرباس و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

لەم دیدارەدا بە تیشک خستنە سەر ڕەوشی ئێستای ڕۆژئاوای کوردستان بەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، باس لە چەندیوچۆنی نفووز و دەستێوەردانی ئێران لە پرسی سیاسی و نێوخۆیی سووریەدا کرا. خوێندنەوە بۆ مەبەستە سیاسییەکانی ئەمریکا، ڕووسیە، تورکیە، ئێران و وڵاتانی عەرەبی لە دەستێوەردانەکانیان لە سووریەدا و چارەنووس و ئاسۆی پرسە سەرەکییەکانی خەڵکی ئەم وڵاتە لە پێکناکۆکیی بەرژەوەندییەکانی ئەم وڵاتانەدا؛ تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەم دانیشتنە بوو.

لە برگەیەکی دیکەی دیدارەکەدا هەیئەتی میوان کۆمەڵە پرسیار و بابەتێکی لە پێوەندی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هێنایە بەرباس کە لەلایەن کاک خالید عەزیزی و ئەندامانی دیکە هەیئەتی خانەخوێوە قسەوباسیان لەسەر کرا.

## کۆبوونەوەی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان



ڕۆژی سێشەممە، 15ی ڕێبەندان هەیئەتێکی ڕێبەریی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک عومەر ئێلخانیزادە، سکرتێری گشتیی کۆمەڵە سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.

لەم دیدارەدا باس لەو سیناریۆ و ئەگەرانە کرا کە بەرەوڕووی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەبنەوە، وەک ئەگەری گۆڕانی ڕێژیم لە بەردەوامیی نارەزایەتییەکان، ئەگەری پاشەکشەپێکردن بە ڕێژیم لە بەردەوامیی گوشارەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و زۆر ئەگەر و پێشهاتی دی کە پێویستە هێزە کوردییەکان لە ڕۆژەڤی کار و بەرنامەکانی خۆیانی دابنێن و پلانی گونجاویان بۆیان هەبێ. لەم بەشە لە باسەکانی کۆبوونەوەکەدا باس لە بەهێزکردنی ئەدرەسی ڕوونی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێران کرا و بۆ ئەو مەبەستە پێ لەسەر گوڕوتین بەخشینی زیاتر بە دیپلۆماسیی بیانی، دیاریکردنی سیاسەتی ڕاشکاوانە بە نیسبەت داهاتووی ئێران و پرسی کورد لەگەڵ دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی غەیرە کوردی کۆماری ئیسلامی و؛ دەستنیشان کردنی کۆمەڵێک پلان و پڕۆژە بۆ خەباتی پێشمەرگانە و مەدنی داگیرایەوە.

لە برگەیەکی دیکەی باسەکانی ئەم کۆبوونەوەیەدا بابەتە سیاسییەکانی ڕۆژەڤی ئێران، وەک گرژییەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی، قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە و نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان بۆ گۆڕینی ئەم دۆخە کرا و بە لەبەرچاوگرتنی نیزیکبوونەوە لە وادەی هەڵبژاردنەکان ئەم خوێندنەوەیە هاتە گۆڕێ کە حاکمییەتی سیاسی لە ئێران هەموو هەوڵەکانی ئەوەیە نیزام و دەسەڵاتی سیاسی یەکدەست و تۆکمەتر بێ؛ بۆیە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی مەجلیس پتر لە هەموو کاتێک مەهەندیسی کراون و دەکرێن.

پرسی هاوکاریی پتری هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و قۆستنەوەی هەل و دەرفەتە ڕەخساوەکان و ڕەواندنەوەی مەترسییەکانی بەردەم پرسی کورد لە هاوکێشەکانی داهاتووی ئێراندا، تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەم دانیشتنە بوو. لەم بەشەشدا دوو لایەن کۆک بوون لەسەر ئەوەی ناوەندی هاوکاری دەبێ ئیرادەی سیاسیی جەمعیی خۆی لە پڕۆژەی کاری مەیدانیی هاوبەشدا بخاتە ڕوو. هەروەها ناوەند نابێ تابعێک بێ لە هەلومەرج، پێشهات و گۆڕانکارییەکان؛ بەڵکوو پڕۆژەیەکی گشتگیر و فرەڕەهەند بۆ بردنەپێشی پڕۆسەی سیاسیی کورد لە هاوکێشە نێوخۆییەکانی ئێران بێ.

# کۆماری کوردستان و دەرەنجامەکانی



حوسێن بەخشی

کۆماری کوردستان سەرەڕای تەمەنی کورتی، دەستکەوتە مێژووییەکانی، هەروەها تێکچوون و ئاکامەکانی، یەکێک لە دیاردە هەرە دەگمەن و گرینگەکانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمانە.

دووی ڕێبەندانی ئەمساڵ ٧٤ ساڵ، بە سەر دامەزرانی یەکەم دەوڵەتی مۆدێڕنی کورد واتە، کۆماری کوردستان، تێپەڕ دەبێ. بۆ یەکەم جار لە مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی جووڵانەوەی کورد لە پێناو ڕزگاری و بە دەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆیدا، سیستمێکی نوێی حوکمڕانی لە چوارچێوەی جوغرافیایەکی بەرتەسکدا دادەمەزرێ.

بڵاوکردنەوەی ئاگاداری بە هەر دوو زمانی کوردی و ئازەری، دەبنە هۆی پێکهێنانی پەشێوی و ئاڵۆزی دەنێو ئەرتەشدا و دامودەزگای حکوومەتی پەهلەوی لەو ناوچەیە لەبەریەک هەڵدەوەشێ.

لەو هەلومەرجەدا خەباتکاران و تێکۆشەرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەو پاشخانە هزری و فکرییانەی کە لە جووڵانەوکانی پێشتری کوردستان هەیانبوو و هەروەها لە پێوەندی لەگەڵ خەباتکارانی بەشەکانی تر، بە تایبەت باشووری کوردستان، بە کەلکوەرگرتن لە دەرفەتی پێکهاتوو خەریکی خۆ ڕێکخستن و پێکهێنانی دامەزراوەی سیاسیی خاوەن بەرنامە و ستراتێژی بە مەبەستی دابینکردنی ئامانج و خولیاکانی لەمێژینەی نەتەوەکەمان دەبن.



ئەو پاشخانە فکری و کۆمەڵایەتییانەی کە کۆماری لێ بەرهەم هات دەکرێ لە دوو ڕەهەندەوە تاوتوێ بکرێن. یەکەم هەلومەرجی نێوخۆ واتە سەرهەڵدانی شوناسخوازانە، ئیرادە و ویستی نەتەوەیەکی وەزاڵە هاتوو لە چنگ داگیرکاری و کۆیلەتی لە پێناو گەڕاندنەوەی سەروەریی نەتەوەیی. دووهەم، ئەو دەرفەتەی کە لە ئەنجامی ڕووداوە دەرەکییەکاندا بۆ دەربڕین و بە کردەیی کردنی ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵک هاتە ئاراوە.

دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و تێکڕمانی ئیمپراتووریی عوسمانی، کورد یەک لەو دەگمەن نەتەوانە بوو کە نەک هەر نەیانهێشت ببێتە خاوەن دەوڵەت، بەڵکوو کردیان بە چوار بەش. دروستبوونی دەوڵەت—نەتەوەی فارس و تورک وعەرەب، لە سەر بەشێک لە خاکی کوردان، لەژێر ناوی یەک خاک، یەک نەتەوە، یەک ئاڵا و یەک زمان، بە یارمەتی و ئامۆژگاریی ئورووپاییەکان، بە تایبەت ئینگلیس و فەڕانسە، ڕێگای بۆ ژینۆسایدی فەرهەنگی و جەستەیی کورد زیاتر لە پێشوو خۆش کرد. بەم شێوە گەورەترین نەتەوەی بێدەولەت (پتر لە ٤٠ میلیۆن کەس) تووشی چارەنووسێکی کارەساتبار هات، کرا بە کۆلۆنیی دەوڵەتانی ناوچە و بوو بە سووتەمەنیی بەرژەوەندییەکانیان.

ڕەزاشا بە لاساکردنەوە لە ئاتاتورک لە ماوەی ٢٠ ساڵ دەسەڵاتداریدا، بە گرتنەبەری سیاسەتی قەڵاچۆکردن و تواندنەوەی کورد و نەتەوەکانی تر لە فەرهەنگی بەناو فارس/ئێرانیدا، بۆ یەکدەستکردنی وڵات لە لایەک، و لە لایەکی تر، پێوەندییە دیپلۆماسی و ئابووری و سیخوڕییەکانی، لەگەڵ ئاڵمانی نازی کە بوو بە هۆی گوشاری هاوپەیمانان بۆ دوورخستنەوەی ئێران لە ئاڵمان و پێویستییان بۆ بەکار هێنانی ئێران وەک پردی پێوەندیی نێوان ئینگلیس و ئەمریکا و سۆڤیەت، بە مەبەستی گەیاندنی یارمەتی بە یەکیەتیی سۆڤیەت، دەوڵەتی ناوەندتەوەری ئێرانی و دیکتاتۆریی ڕەزاشای تووشی ئاڵۆزی و قەیرانێکی گەورە کردبوو.

هاتنی هێزی هاوپەیمانان لە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٩٤١ی زایینی (١٣٢٠ی هەتاوی) و جێگیربوونی هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە باکووری ئێران و ئینگلیس و ئەمریکییەکان لە ڕۆژاوا و خوارووی ڕۆژاوا بوو بە هۆی شڵەژان و تێکچوونی باری تەناهی و دەرچوونی دەسەڵات لە دەستی ڕێژیمی پاشایەتی. ڕەزا شا دوور خرایەوە و ناچاریان کرد وڵات بەجێ بێڵێ.

لە مانگی سێپتامبری ١٩٤١دا فڕۆکەکانی ئەرتەشی سوور، سنووری ئێران دەبەزێنن و بە

کاربەدەستانی سۆڤیەت لە نزیکەوە لەگەڵ مەسەلەی کورد ڕووبەڕوو دەبن. لە سەرەتاوە بە هۆی لە ئارادانەبوونی ڕێکخراوێکی سیاسی کە نوێنەرایەتیی کێشەی کورد بکا، سۆڤیەتییەکان لە ڕێگای ڕاسپاردەکانیانەوە، لە مانگی بەفرانباری ١٣٢٠ی هەتاویدا (١٩٤١) بە هۆی ئاڵۆزییەکانی نێوان کورد و ئازەرییەکانی ناوچەی ورمێ و هێندێک شوێنی تر، ٣٠ کەس لە کەسانی ناسراوی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئەرتەشی سۆڤیەت بۆ باکۆ بانگهێشت دەکەن، کە بریتی دەبن لە سەرۆک عەشیرە، شێخ و ئاغا و نوێنەری چین و توێژە نێونجییەکان، کە قازی محەممەد یەکێک لەوان دەبێ و، بەبێ ئەوەی باسی هیچ چەشنە بابەتێکی سیاسی بکەن، داوایان لێدەکەن ئارامیی ناوچەکە بپارێزن. دیارە ئینگلیسییەکانیش هەمان سیاسەتیان هەبووە. وەزیری کاروباری دەرەوەی سۆڤیەت مۆلۆتۆڤ، بە سەفیری بریتانیا ڕادەگەیەنێ کە لەو سەفەرەدا "هیچ چەشنە باسێکی سیاسی نەکراوە."

### کۆمەڵەی ژ.ک:

هاتنی هاوپەیمانان بوو بە هۆی لاوازی و کەمبوونەوەی تواناکانی دەوڵەتی ناوەندی، بە تایبەت لە ناوچەی موکریان و دەوروبەری، چەکێکی زۆر کەوتە دەست خەڵکەوە. بۆشایی سیاسی و نەبوونی ڕێکخراوەیەک کە هەم وڵامدەری خواستەکانی خەڵک بێ و هەم کۆنترۆڵی بەسەر بارودۆخەکەدا بێ، بەتەواوی هەست پێدەکرا. بە پێی هێندێک سەرچاوە، کۆمەڵەی ژ.ک لەو کاتەدا چالاکیی ئاشکرای نەبووە.

هەرچەند لە ساڵەکانی ١٩٣٧/١٩٣٦ ڕێکخراوەیەک بە ناوی "کۆمەڵەی ئازادیخوازیی کوردستان" لە لایەن عەزیز زەندی، حوسێن فرووهەر و چەند کەسی تر لە مەهاباد دامەزرابوو، جگە لە بەیاننامەیەک کە بە بۆنەی هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ ئێران لەو کاتەدا بڵاویان کردۆتەوە، هیچ بەڵگەیەک لە کار و چالاکییەکانی دیار نییە. لە ساڵی ١٩٤١ بە هۆی ناکۆکی و جیاوازیی بۆچوون هەڵدەوەشێ و لە بری ئەو لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٩٤٢ کۆمەڵەی ژ.ک (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان) دادەمەزرێ.

ئەو ڕووداوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک یەکەم ئەزموونی کاری مۆدێڕنی سیاسی و ڕێکخراوەیی بە شێوەیەکی سەردەمیانە کارتێکەریی بەرچاوی لە ڕەوتی ڕووداوەکانی داهاتوودا دەبێ. لەسەر دامەزرێنەرانی ژ.ک بیروڕای جیاواز هەیە. سەرجەم ١١ تا ١٣ کەس ناویان هاتووە کە لەوانە حوسێن فرووهەر و ڕەحمان زەبیحی ڕۆڵی سەرەکییان گێڕاوە. حوسێن فرووهەر (حوسێن زێڕینگەران) سەرۆکی کۆمەڵە بووە.

بۆ یەکەم جار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گۆڤاری "نیشتمان" وەک "بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ.ک" لە پووشپەڕی ١٣٢٢ی هەتاوی (١٩٤٣) بڵاو بۆوە.

کۆمەڵەی ژ.ک لە یەکەم ژمارەی "نیشتمان"دا بەم جۆرە پێناسەی بۆ کراوە کە: "کۆمەڵەی ژ.ک بە پێچەوانەی هەموو بەرهەڵست و قورت و چەڵەمەیەکی وەکوو دوژمنایەتیی خۆبەخۆ، دووبەرەکی و خۆخۆری، پووڵپەرستی و بێگانەدۆستی کە لە ڕێگای پێشکەوتنی کورددا هەیە، بە هەموو هێز و توانای خۆی تێدەکۆشێ تا زنجیر و کەڵەمەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد داماڵێ و لەم کوردستانە لەتوکوتەی ئێستادا، کوردستانێکی گەورە و ڕێکوپێک بێنێتە بەرهەم، کە هەموو کوردێک بە سەربەستی تیا بژی." ئەگەر بەکورتی سەرنج بدەینە ئەو چەند ڕستەیە، چۆنیەتیی بیرکردنەوە و ئامانجی ژ.کمان بەڕوونی بۆ دەردەکەوێ. باسی ناکۆکییە نێوخۆییەکان دەکا، باسی پارچە، پارچەبوونی کوردستان و کوردستانی گەورە دەکا و هەروەها چەمکی نەتەوە بەکار دێنێ. واتەڕزگاریی کورد و کوردستان لەژێر داگیرکاری و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی. هەیئەتی ناوەندیی ژ.ک لە ڕاپۆرتێکدا بۆ مۆلۆتۆڤ، دەنووسێ: "ئامانجی حیزبی ئێمە تێکخستنەوەی هەموو پارچەکانی کوردستان و ئازادکردنی نەتەوەی کوردی ژێردەست و خزمەتکردن بە هەوڵدان و گەشەکردنی کۆمەڵی مرۆڤایەتی و شارستانیەتی گەلانی جیهانە."

کۆمەڵەی ژ.ک. توانی لە ماوەیەکی کورتدا متمانەی کۆمەڵانی خەڵک بۆ لای بەرنامەکانی ڕاکێشێ و تەنانەت لە ناوچەکانی سەقز، سنە و کرماشان و لۆڕستان و ... سەرەڕای بوونی هێزەکانی ئینگلیس و دامودەزگا حوکمییەکانی دەوڵەتی ناوەندی، جموجۆڵ و لایەنگری هەبووە.

لازارییێڤ لێکۆڵەری بە ناوبانگی ڕووس لە "کوردستان و پرسی کورد لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤٥/١٩٢٣دا کە لە لایەن بەڕێز مەنسوور سیدقی وەرگێڕدراوەتە سەر کوردی، لە برگەیەکدا ئاوا باسی کۆمەڵەی ژ.ک دەکا:

" کۆمەڵە پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ڕێکخراوە نەتەوەیی و نێشتمانپەروەرە کوردییەکانی وڵاتانی دیکەش پێکهێنابوو. بە تایبەت لە مانگی مارسی ١٩٤٤ لە شاری کەرکووک، نوێنەرانی "کۆمەڵە" ڕێککەوتنیان لەگەڵ حیزبی "هیوا" واژۆ کرد و لە هاوینی هەمان ساڵدا نوێنەرانی حیزبی هیوا سەردانی مەهابادیان کرد. هێندەی پێناچێ چالاکانی گەلێک لە ڕێکخراوە کوردییەکانی دیکەی عێراق، سووریە و تورکیە بۆ تاوتۆیکردنی خودموختاریی کورد خۆیان دەگەیێننە مەهاباد. لە مانگی ئووتی ١٩٤٤دا لە کوێستانی "دالانپەڕ" لە سێکوچکەی سنووری نێوان ئێران، عێراق و تورکیە، نوێنەرانی کوردەکانی ئێران، قاسم قادری، شێخ عوبەیدوڵڵای زینۆ لە تورکیە و قازی مەلا وەهاب لە عێراق، کۆبوونەوە و ڕێکەوتننامەیەکیان بە ناوی "پەیمانی سێ سنوور" واژۆ کرد و لایەنەکان بەڵێنیان دا بۆ خەبات لە پێناو "کوردستانی مەزن" هەر چەشنە یارمەتییەکی چەکوچۆڵ و مرۆڤی بە یەکتر بکەن. بیرۆکەی دامەزراندنی کوردستانی مەزن بۆ یەکەم جار لە لایەن بەدرخانییەکان لە شاری "بەیرووت" واتە لە یەکەم ناوەندی "پانکوردیزم" سەری هەڵداوە. بەم شێوەیە کۆمەڵە بوو بە ڕێکخراوەیەکی ناسیۆنالیستی لە ئاست گشت کوردێکدا."

سیاسەتی ژ.ک لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا، سیاسەتێکی ژیرانە و سەربەخۆیانە و بە ئاراستەی بەرژەوەندیی نەتەوەییدا داڕێژرابوو. مامۆستا مەلا قادر مودەڕڕیسی لەم بارەوە دەڵێ: "لە هەلومەرجی ئەو دەمدا ڕووس و ئینگلیس وەک دوو بەرداش وابوون و کوردیش وەک گەنم لە نێوانیاندا. جا بۆیە ئێمە ئەگەر تاریفێکمان لە یەکیان دەکرد، لە ژمارەی داهاتوودا قەرەبوومان دەکردەوە و باسی ئەوی دیکەمان دەکرد، بۆ ئەوەی کە ئەو دوو دەوڵەتە گەورە هیچیان وا نەزانن کە ئێمە سەربە یەکێک لەوانین و دوژمنی ئەوی تریانین."

ئەوەش، نیشاندەری هزری سیاسی و مەنتقی دیپلۆماسیی ئەو سەردەمی بووە، بە واتایەکی تر پارسەنگی سیاسەتی دەرەوەیان بە شێوەیەکی ژیرانە ڕاگرتووە.

ئەو نموونانە دەیسەلمێنێ کە ژ.ک بە هێنانە ئارای گوتاری نەتەوەخوازانە بە شێوەی سەردەمیانە، ڕێڕەوی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردی خستە سەر هێڵی ڕاستەقینە و شوناسخوازانە.

درێژەی بابەت ل ٥

کوردستان
ژمارە: ٧٦٧
١٥ی بەفرانباری ١٣٩٨ _ ٤ی فێورییەی ٢٠٢٠



**ئەندامەتیی قازی محەممەد لە کۆمەڵەی ژ.ک.دا:**

قازی محەممەد وەک سیمایەکی دیار و خۆشناو و هەروەها لێهاتوو ببووە جێی متمانەی خەڵک بوو و هەر لەو سۆنگەیەشەوە سەرنجی ڕووسەکانیشی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. لە ئۆکتۆبری ١٩٤٤ی زایینی (١٣٢٣) لە لایەن کۆمەڵەوە داوای ئەندامەتیی لێدەکرێ و پاش ماوەیەکی کورت بە سەرۆکی کۆمەڵە دیاری دەکرێ.

باقرۆڤ سەرۆککۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت لە کۆبوونەوەیەکدا، لە سەرەتای مانگی ڕەزبەری ١٣٢٤ داوا لە نوێنەرانی کورد بە سەرۆکایەتیی قازی محەممەد دەکا، هەتا کوردەکان کێشەی خۆیان لە چوارچێوەی ئازەربایجانی ئێران و لەگەڵ فرقەی دێموکرات چارەسەر بکەن. قازی محەممەد پێداگری لەسەر ئەوە دەکا کە "نەتەوەی کوردیش وەک نەتەوەی ئازەری بۆ بەدەستهێنانی مافی سروشتیی خۆی هەوڵ دەدا." لەو کۆبوونەوەدا وێڕای بەڵێنی یارمەتیدان و پشتیوانی لە کوردان، داوای گۆڕینی ناوی کۆمەڵەی ژێکاف بە حیزبی دێموکراتی کوردستان دێتە گۆڕێ.

ڕۆژی ٢٥ی ئۆکتۆبری ١٩٤٥حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکەم کۆنگرەی خۆی بە بەشداریی نوێنەرانی ناوچە ئازادکراوەکان، دەگرێ و لەودا مەرامنامەیەکی ٢٢ خاڵی پەسەند دەکرێ و بە ناوی مەرامنامەی حیزبی دێموکرات بڵاو دەکرێتەوە. دەرەنجامی ئەو بڕیارانە کۆمەڵێک ڕەهەندی ناتەبای لێدەکەوێتەوە. بۆ نموونە لە لایەک داوای خودموختاری و چارەسەری لە ناوەند دەکا و لە لایەکی تر خۆی وەک حکوومەتێکی میللی پێناسە دەکا و سیاسەتی دەرەکی و پێوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ دەوڵەتان بە ئەرکی خۆی دەزانێ.

ئەو پەسەندکراوە لە لایەک ڕەنگدانەوەی باری کۆمەڵایەتی و هەلومەرجی داسەپاو و ناڕوونیی سیاسی و گوشاری نێوخۆ و دەرەکی و لە لایەکی تر تابلۆی ویست و داخوازییە بنەڕەتییەکانی نەتەوەیەکی بێدەوڵەتە کە بە شوێن دابینکردنی سەروەریی سیاسیدایە.

لە نوامبری ١٩٤٥ چاپخانەی کوردستان لە مەهاباد دەستی بە کار کرد. "گۆڤاری کوردستان" "بڵاوکراوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان" لە لاپەڕەی ١١ی ژمارە یەکی خۆیدا کە ڕۆژی ٦ی دێسامبری ١٩٤٥(سەرماوەزی ١٣٢٤) دەرچووە لەژێر ناونیشانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا نووسیویەتی: "لە دوای ئەوە لە هەوەڵی مانگی خەزەڵوەر (آبان)ـی ١٣٢٤ حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەهاباد دانرا و بەیاننامەی خۆی بڵاو کردەوە، لە ڕۆژی ١٣٢٤/٨/٢ هەوەڵ کۆنگرەی خۆی کە تێکەڵ بوو لە سەران و نوێنەرانی کوردان بە تەرتیبی ژێرۆ [...]

٢٥ی دێسامبری ١٩٤٥ ئینگلیس و ئەمریکا و یەکیەتیی سۆڤیەت، کۆمیسیۆنی سێ لایەنە لەسەر ئێران پێک دێنن. لە یەکێک لە خاڵەکاندا، جەخت لەسەر پاراستنی تەواویەتی خاکی ئێران و ڕێزلێنان لە دەسەڵاتدارییەتی و سەربەخۆیی سیاسیی ئێران دەکرێتەوە.

ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤ (٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦) بە بەشداریی زیاتر لە ٢٠ هەزار کەس لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد و لەژێر ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان قازی محەممەد وەک یەکەم سەرۆککۆماری کوردستان، لە وتارێکی مێژوویدا، دامەزراندنی یەکەم کۆماری دێموکراتیکی کوردستان ڕادەگەیەنێ و لە کاتی سوێندخواردندا بەڵێنی دا بە "خوێن و گیان و ماڵ لە ڕێی سەربەخۆیی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستاندا تێبکۆشێ." هەرواش بوو. بەم چەشنە بۆ یەکەم جار لە مێژووی خەباتی نەپساوە و خوێناویی نەتەوەکەمان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی، دەوڵەتێکی نەتەوەیی لەدایک دەبێ.

لە ماوەیەکی کورتی ٣٣٠ ڕۆژەدا، واتە ١١ مانگ، کۆمەڵێک هەوڵی بەنرخ لە بوارە جیاوازەکاندا، وەک بڕیاردان لە سەر ئاڵا و سروودی نیشتمانیی "ئەی رەقیب"، دامەزراندنی سپای میللی، پەرە دان بە پەروەردە و بارهێنان، چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان، بازرگانی و بووژاندنەوەی ئابووری، گرینگیدان بە بەشداریی ژنان لە کاروباری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا، پێوەندی و دۆستایەتی و بازرگانی لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان و یەکیەتیی سۆڤیەت، پێکهێنانی بەرە لەگەڵ فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان، حیزبی توودەی ئێران، حیزبی ئێران و حیزبی جەنگەڵ؛ لە ماوەیەکی کورتدا درا.

لە بانەمەڕی ١٣٢٥دا کە سۆڤیەت هێزی خۆی لە ئێران دەکشێنێتەوە، قازی محەممەد لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا، دەڵێ: "لە کاتێکدا ئۆردووی سوور لە نێوماندا بوو، دوژمنانی ئێمە هەمیشە وایان بڵاو دەکردەوە کە داوا و ئیدعای کوردان، هەمووی بە هۆی سیاسەتێکی خاریجییە،کە مەقسوودیان ئۆردووی سوور بوو. بەڵام ئەمڕۆ بە ئاشکرا لە هەمووکەس مەعلووم بووە کە کورد ئازادیی دەوێ و دەست لەو مەرامە هەڵناگرێ و [...] بۆ وەچەنگ هێنانی ئازادی، ئیعتمادی هەر بە خۆیە."

هەروەها ڕۆژی ١٣٢٥/٢/٢٠ لە وتارێکی تردا وتوویەتی: "دوژمنانی کورد وایان شۆرەت دەدا کە دەوڵەتی کوردستان ئەساسێکی نییە و بە ڕۆینی هێزی سوور تێکدەچێ."

لە ماوەی ئەو ١١ مانگەدا، بەڕێوەبەرانی کۆمار وێڕای کەلکوەرگرتن لە دەرفەتی پێشهاتوو بۆ پەرە پێدانی دێموکراسی و ئازادی و گەشەکردنی ژیانی فەرهەنگی و ئابووریی دانیشتووان، هەوڵێکی زۆریان دا بۆوەی بەڵکوو قەناعەت بە کاربەدەستانی تاران بێنن هەتا دان بە مافەکانی کورد واتە خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراندا بنێن، بەڵام بێسوود بوو. کاربەدەستانی تاران بە تایبەت سەرۆکوەزیران "قوام‌السلطنه" کە لە نزیکەوە لە گەڵ قازی محەممەد دانیشتن و وتووێژیان بووە، توانی بە دانی وادە و بەڵێنی درۆ بە قازی محەممەد و هەروەها ڕێککەوتنی ئاشکرا و نهێنی لەگەڵ هاوپەیمانان، سیاسەتی تێکدەرانەی خۆی بەرەو پێش بەرێ و لە ئەنجامدا هێزەکانی ئەرتەشی دەوڵەتی ناوەندی دوای تێکشکاندنی کۆماری ئازەربایجان لە ٢١ی سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاوی، لە ڕۆژی ٢٦ی مانگی سەرماوەزی ١٣٢٥دا، بۆ جارێکی دیکە شاری مەهابادیان داگیر کردەوە، بە گەیشتنی هێزەکانی ئەرتەش و خۆبەدەستەوەدانی قازی محەممەد و سەرکردەکانی تر، حکوومەتی کوردستان هەرەسی هێنا.

لە مەڕ هۆکارە دەرەکی و نێوخۆییەکانی هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لێکدانەوە و بۆچوونی جیاواز هەیە و هەر کەسە بەڕوانگە و بۆچوونی خۆی هەڵی سەنگاندوە. هەر چۆنێک بێ، کۆماری کوردستان ئاکامی ئیرادە و ویستی نەتەوەیەکی خاک داگیرکراو و بە کۆلۆنیکراو بوو کە بە کەلکوەرگرتن لە بارودۆخی پێکهاتوو، دەرفەتێکی گونجاوی بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان لەو پارچەی نیشتماندا، ڕەخساند. بۆیە دووی ڕێبەندان و کۆماری کوردستان وەک سەرمایەیەکی سیاسی و هزری لە ناخی بیر و زەینی تاکی کورددا ڕیشەی داکوتاوە و بۆتە بەردی بناغەی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان. بەڵگەنامەکان و سیستمی حوکومڕانی و دامەزراوە حوکمییەکان بە هەموو پێوەرەکان، دەیسەلمێنن کە کۆماری کوردستان، دەوڵەتێکی مۆدێڕنی سەربەخۆ بوو.

پرۆسەی دامەزراندنی کۆمار و ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی کە بە ڕێڕەوی جیاوازدا، بۆ قەناعەت پێهێنان بە دەسەڵاتی ناوەند وتەنانەت هاوپەیمانەکانیشیان، لەسەر چەسپاندنی ماف و ئازادییەکانی کورد و سەرەنجام شکست و ناکامییەکی کە لێیکەوتەوە و هەروەها ئەزموونی کاری سیاسی و مەدەنیی ٧٤ ساڵ پاش کۆمار، بۆ تاکی کورد، هەڵگری پەیامێکی وشیارکەرەوە و شوناسخوازانەیە.

لەو سۆنگەیەوە گرینگە بزانین بە چ شێوەیەک و لە چ گۆشەنیگایەکەوە دەڕوانینە، دروشمەکان، خواست وئامانجەکانی سەردەمی کۆمار. ڕوانگەیەک یان ڕەوتێکی سیاسی وەک حیزبی دێموکرات، کە شانازیی دامەزراندنی کۆماری هەیە، بە پشتبەستن بە دەرکەوتەی لایەنێکی بەڵگەنامەکانی کۆمار، باس لە چارەسەری و ئیمکانی وەدیهاتنی دروشمی تا دوێنێ خودموختاری و ئەمڕۆ فیدراڵی لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا، دەکا. تا ئێستاش ستراتێژیی زۆربەی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر ئەو بنەمایە دانراوە.

ئەوە بەو مانایە نییە کە هەڵگرانی ئەو شێوە چارەسەرییە، باوەڕیان بە سەروەریی سیاسی و دەوڵەتی سەربەخۆی کورد نییە. دەیان ساڵ خەبات و خۆڕاگری لە بەرامبەر سیستمی داپڵۆسێنەری پاشایی و ویلاییدا و دانی هەزاران قوربانی لە پێناو ڕزگاریی نیشتماندا، نیشانەی وەفادارییە بە ڕێبازی کۆمار.

ئەوان پێیان وایە چون لە لایەک مەسەلەی کورد لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە گرێدراوی دەوڵەت–نەتەوەی فارس/ئێرانە و پشتیوانیی نێودەوڵەتی وەخۆ ناگرێ و، لە لایەکی ترەوە لەگەڵ بەرپەرچدانەوەی توندی داگیرکەر ڕووبەڕوو دەبێتەوە، کەوابوو مەسڵەحەت و هەلومەرجی داسەپاو وا دەخوازێ باسی چارەسەری لە چوارچێوەی ئێراندا بکرێ. دەیان ساڵ تاقیکاری پێمان دەڵێ کە فارس و تورک و عەرەب، چ ئەوانەی لە دەسەڵات و چ ئەوانەی لە ڕیزی ئۆپۆزیسیۆن‌دان، بوونی خۆیان لە نەبوونی ئێمەدا دەبیننەوە. بە واتایەکی تر چونکە ئامادە نین بە هیچ جۆرێک دەستبەرداری خاک و سەرچاوەکانی مادی و بەرهەمهێنانی وڵاتی کوردان بن، بە هەموو توانایانەوە و لە ڕێگای زمانی، کولتووری و جەستەییەوە هەوڵی ون کردن و لە نێوەرۆک بەتاڵکردنی ئایدێنتیتەی مرۆڤی کورد دەدەن. فارس بوون و هۆگری بە کولتووری فارس و بەرگری کردن لە تەواویەتی ئەرزیی ئێران خاڵی کۆکەرەوە و هاوبەشی هەموویانە، بۆیە کاتێک باسی هاوکاری و پێکهێنانی بەرە دێتە پێشێ، یەکەم مەرجیان پێبەندبوونی بەشداران بە تەواویەتی ئەرزیی ئێرانە. کە ئەمەش لە هەنگاوی یەکەمدا پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانە و دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە بەرامبەرەکەت ئەوەی بۆ خۆی بە ڕەوا دەبینێ، بۆ تۆی بە ڕەوا نابینێ. لە هەلومەرجی تایبەتیشدا، ئەگەر بۆ هێندێک داوا پاشەکشە بکا، لە کاتی دەسەڵاتی ڕەهادا، بە زۆرەملی و بە زەبری چەک وەچنگی دێنێتەوە.

بۆیە ئەوان دەزانن هەر هەنگاوێک یارمەتی بە ڕەوتی گەشەکردنی فەرهەنگ و ناسنامەی کوردی بدا، ڕووبەڕووی ئاستەنگی دەکەنەوە یان لە باشترین حاڵەتدا لە هەرکام لە بوارەکاندا، بە تایبەت لە بۆنە نەتەوەییەکاندا، ئەگەر بۆیان نەچێتە سەر پێشگیریی لێبکەن، بۆ خۆیان مودیریەتی دەکەن. بۆ ئەو مەبەستەش بە کەلکوەرگرتن لە ئیمکاناتی دەوڵەتی و دەیان ئەنستیتۆ و ناوەندی لێکۆڵینەوە و تۆڕی کۆمەڵایەتییان، بۆ بەلاڕێدابردنی مێژوو و ئاسەواری ناسنامەیی کوردستان دامەزراندوە و دەیان و سەدان جیرەخۆر و زڕەکوردیان لە ئامێزی خۆیان و بۆ مەبەستی دیاریکراو پەروەردە کردوە.

لایەنێکی دیکەی نەرێنی، ڕوانین و چاوەڕوانی و بە فیرۆدانی وزە و تواناییەکان بەرامبەر بە هێزەکان یان تاکەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانە (ئەزموونی چل ساڵەی کۆماری ئیسلامی نیشانی داوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ساڵەهایە لەنێو هەناوی خۆیدا ئۆپۆزیسیۆن بەرهەم دێنێ). ئەزموونی کۆمار و ئەو ماوە دوورودرێژە مێژووییەش، دەیسەلمێنێ کە لە ئاکامدا شێوەی ڕوانین و ئەندێشەی فارس/ئێرانی لەمەڕ کێشەی کوردەوە لە یەک سەرچاوە ئاو دەخواتەوە، ئەویش وەفادار بوون بە ناسیۆنال-شوێنیزمی پان‌ئێرانیستی و ئیدئۆلۆژیی شیعەی ئەسناعەشەرییە.

کاڵکردنەوە یان خۆ لێنەدان لە باسی سەروەری و سەربەخۆیی سیاسی وەک مافی سروشتیی نەتەوەیەک کە لە یاسا نێونەتەوەییەکاندا، دانی پێدا هێنراوە و هەروەها بە جیهانی نەکردنی کێشەی کورد و نەبوونی لۆبیی بەهێز لە دەرەوە لە لایەک و لە لایەکی تر پەرتەوازەیی و ناکۆکی و کێبەرکێ و نەبوونی گوتاری سیاسیی هاوبەش لە نێو هێزە سیاسییەکانی کورددا (سەرەڕای بوونی خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا) و ... لە وزە و پۆتانسیێلی خەباتگێڕانی کوردی کەم کردۆتەوە و لە بری کۆکردنەوەی هێز و تواناکان، بۆتە هۆی لاوازی و سەرلێشێواوی.

ئێستاش کێشە نێوخۆیی و لاوەکییەکان بەرۆکی ئێمەیان بەرنەداوە، ئاسۆی ڕوانینمان لە چوار دیواری حیزبایەتیدا قەتیس ماوەتەوە و بیرکردنەوە و دروستبوونی پرسیار بەلامانەوە نامۆیە. پێمان وایە حەقیقەتی ڕەها (کە لە ئەساسدا شتی وا هەر نییە) تەنیا بەلای ئێمەوەیە. هەموو لایەک باسی چەمکەکانی نەتەوە و نیشتمان، داگیرکاری و ڕزگاری، خۆسەری و فیدراڵی و سەربەخۆیی، دەکەین، کە گشتیان هەڵگری چەمکی ڕزگاری و ئازادین. بەڵام کەسمان بە کردەوە لە دەوری ئەو چەمک و بەها هاوبەشانەدا کۆ نابینەوە و زمانێکی هاوبەشمان بۆ نادۆزرێتەوە.

# ئەوە کۆتایی نییە، دەستپێکێکی نوێیە



ئامانج زیبایی

بوریس جانسۆن سەرۆک وەزیری وڵاتی شانشینی یەکگرتووی بریتانیا ڕۆژی ٢٠٢٠/١/٣١ زایینی لە پەیامێکی ویدیۆییدا بەفەرمی ڕایگەیاند کە لە دوای کاتژمێر ١١ شەو بە کاتی لەندەن ئەو وڵاتە چی دیکە ئەندامی یەکیەتیی ئوروووپا نامێنێ و بەم پەیامە کۆتایی بە سێ ساڵ دانووستان و ناکۆکیی نێوان بریتانیا و یەکیەتیی ئوروووپا لەسەر مانەوە یان نەماوەی لەو یەکیەتییە هات.

هاتنە دەرێی بریتانیا لە دوای ٤٧ ساڵ ئەندامەتی لە یەکیەتیی ئوروووپا کە دەکرێ سەرچاوەی گرتبێ لە زیادبوونی هەستی ناسیۆنالیستی و لە ڕوانگەی ئابووریشەوە ویست و حەزی ئەم وڵاتە نیشان دەدا بۆ چوونە نێو بازاری ئازاد و دەستی ئەو وڵاتە زیاتر ئاوەڵا دەکا بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ ئامریکا و ئۆستڕالیا؛ هاوکات درێژەپێدان بە دەستڕاگەیشتنی بە بازاری ئوروووپا.

برێگزیت کە زیاتر وەک ئامانجێکی سیاسیی تاک و گرووپەکان و حیزبە سیاسییەکان پێناسە دەکرێ، لە ساڵی ١٩٧٣ وە باسی دەکرێ و دەتوانین بڵێین کە ویستی لانیکەم زیاتر لە نیوەی حەشیمەتی ئەو وڵاتەیە کە ساڵی ٢٠١٦ لە ڕێفڕاندۆمێکدا شەرعییەتی جێبەجێکردنی پێدرا.

چوونە دەرێی بریتانیا لە یەکیەتی ئوروووپا، ئەم وڵاتە لە چەند پوانێکی پۆزەتیڤیش بێبەش دەکا، بۆنموونە چی دیکە ئەم وڵاتە لە پارلمانی ئوروووپادا مافی بەشداریکردنی نابێ کە پێشتر خاوەنی ٧٣ کورسی بووە؛ مەگەر بە بانگهێشتی فەرمی نەبێت و نوێنەرانی ئەم وڵاتە تەنانەت بوریس جانسۆنیش مافی بەشداریکردن لە پرسەکانی تایبەت بە بریتانیای نابێ کە لە پارلمانی ئوروووپادا بێنە بەرباس. هەروەها یانە وەرزشییەکانی بریتانیا بەرەوڕووی کۆمەڵێک گرفت دەبنەوە، وەک نموونەی بەرچاو ١٢٠ یاریزانی فوتباڵ لە خۆڵەکانی بریتانیا یاری بۆ تیمەکانی ئەم وڵاتە دەکەن و لە دوای قۆناغی تێپەر بوون چیدی وەک جاران ناتوانن لە تیمەکانی بریتانیادا یاری بکەن یان چیدیکە هاووڵاتیانی بریتانیا مافی دەستڕاگەیشتنیان بە کەرتی تەندروستی و بیمەی یەکیەتیی ئەوروووپا نامێنێ. بەڵام لە هەمووی ئەوانە گرینگتر بابەتی ئاڵوگۆڕ و وەرچەرخانی سیاسەتی گشتی و ستراتێژیی وەزارەتی دەرەوەی ئەم وڵاتەیە لە کاتێکدا بۆ کەس شاراوە نییە کە بریتانیا ئەندامی هەمیشەیی شووڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکانە بە مافی ڤێتۆ وە؛ هەروەها هاوپەیمانێکی سەرەکی و هەمیشەیی ئامریکاشە و ئەم وەرچەرخانە دەتوانێ لە داهاتوودا بە شێوەیەکی بەرچاو هاوسەنگیی هێز لە سەرانسەری جیهاندا بگۆڕێ و هاوتەریب بێت لەگەڵ سیاسەتە گشتی و درێژخایەنەکانی ئامریکادا.

لە کەس شاراوە نییە کە بە هاتنەدەرێی بریتانیا لە یەکیەتی ئوروووپا ئەم یەکیەتییە بەرەو لاوازی دەچێ و ئامریکا دەتوانێ بە پشتیوانیی ئەم وڵاتە زیاتر لە جاران بەهێزتر ببێ و ئەم قۆناغە نوێیە زیاتر سێبەر دەخاتە سەر سیاسەتە گشتییەکانی ڕووسیە و ئێرانیش.

ئامریکا دوای کشانەوەی لە بەرجام ئێرانی تووشی زۆر گیروگرفتی سیاسی و ئابووری کردوە و ئەوجار بە هاتنەدەرێی بریتانیا لە یەکیەتیی ئوروووپا پێشبینی ئەوە دەکرێ کە قەیرانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر لە جاران تەشەنە بستێنن و ئاسۆی گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نوێ لە جاران لێڵتر بێت بۆ کاربەدەستانی ئێران. وەک چۆن بریتانیا ماوەیەک لەوەپێش حیزبوڵڵای لوبنانی خستە لیستی تێرۆر و دەبینین دەراوی زاری دەسەڵاتدارانی بریتانیا گۆڕاوە و، توندتر لە جاران بەرامبەر بە سیاسەتەکانی ئێران بە تایبەتی دوای تەقاندنەوەی فرۆکە نەفەرهەڵگرەکەی کییەڤ – تاران و شەپۆلی نوێی نارەزایەتییەکانی ئێران هەڵوێست دەگرن؛ دەستبەسەرکرانی باڵیۆزی بریتانیا لە تاران نموونەی بەرچاوی ئەم ناکۆکیانەن.

خاڵی گرینگتر لەدوای هەنگاوی پێنجەمی ئێران بۆ کشانەوە لە پابەندییەکانی لێدوانە توندەکەی محەممەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران بوو کە هەرشەی هاتنەدەرێی لە NPT کرد، کە ئەمە وڵاتانی ئەندامی لە ڕێککەوتنی بەرجامی زیاتر لە جاران خستە گومانەوە کە ئێران لە پشت بەناو بەرنامەی ئاشتیخوازانەی ئەتومی هەوڵی بەکردەوەی هەیە بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوەکی. خامنەیش لە قسەکانی لە نوێژی هەینیی بەفرانباردا هیچ شک و گومانێکی بۆ کەس نەهێشتەوە و بەئاشکرا ڕایگەیاند کە تەنیا ڕێگای بەردەمیان بەهێز بوونیانە.

لەم بارودۆخەدا دەکرێ بڵێن بریتانیا زیاتر لە جاران دەستئاوەڵا دەبێ و بەپێی هەموو خوێندنەوەکان هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتەکانی ئامریکا هەنگاو دەنێ بەرامبەر بە ئێران. بۆیەش لە یەکەم ساتەکانی ڕاگەیاندنی هاتنەدەرێی بریتانیا لە یەکیەتی ئوروووپا وەزارەتی دەرەوەی ئەم وڵاتە ڕایگەیاند کە لەندەن پابەندی گەمارۆکانی سەر ئێران دەمێنێتەوە کە لە بوارەکانی مافی مرۆڤ و وزەی ناوکیدا بەسەر ئەم وڵاتەدا سەپاون.

ئەگەر لە ڕوانگەی ئەمنیەتی و سەربازیشەوە بڕوانینە برگزیت، ڕووداوەکانی ئەم دواییانە لە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست بەگشتی و ڕۆڵی ئێران لە ناوچەکەدا، بۆمان دەردەکەوێ کە لە ئێستادا هاوپەیمانیە دەریاییەکەی کەنداو کە بەمەبەستی پاراستنی کەشتییە نەوتهەڵگرەکان لە خەلیج و گەرووی هورموز دامەزراوە، ڕێبەرییەکەی لە ئەستۆی بریتانیایە و ڕۆڵی بریتانیا لە ناتۆشدا دیار و بەرچاوە و ناتۆ لە ئێستادا لە هەموو تەمەنی خۆی زیاتر ڕۆڵ دەگێڕێ لە ڕۆژئاوای ئاسیادا.

دواخاڵ ئەوەیە کە ئاستی پێوەندییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و بریتانیا بەستراوەتەوە بە ئەو ماوە ١١ مانگەی گوزار کە لەنێوان ئەو وڵاتە و یەکیەتیی ئوروووپادا دیاری کراوە و هەروەها ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی خولی داهاتووی ئامریکاش ڕۆڵی کاریگەری دەبێت لە سەر ئەم پێوەندییانە.

# دیرۆکی خۆڕاگری

(لە دیکۆمێنتەکانی ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

## تەختی زیندان لە براوە بۆ براکەی



سەعید باختە

(بەشی سێهەم و کۆتایی)

بە هۆی وەیکە خەڵک زۆر گیرابوون و شوێنی ڕاگرتنیان کەم بوو، چەند بەندیی دیکەشیان بە بەندی سیاسی زیاد کرد. ئەمن هەموو بەندەکانم دیبوو جاری وابوو تەبعید دەکراین بۆ بەندی ١٣ کە نە هەواخۆریی هەبوو نە دەفتەر نە قەڵەم و نە دانیشتنی دووکەسی. زۆرتر لە بەندی ١٥ بووم، بە فوتباڵ و والیباڵ و کتێب خوێندنەوە خۆمان دەخافڵاند. بەڵام لە هەمان کاتدا ئازار و کوێرەوەری و ئێعدامی هاوبەندییەکانمان بوونە هەوێنی بیر و باوەڕێک کە هەتا مردن هاندەرمانن بۆ خەبات و تێکۆشان.

تەشکیلاتی موجاهیدین زۆر بەربڵاو بوو هەرکەس تازە دەهات خێرا دەستیان دەکرد بە تەبلیغ کردن و دەیانخستە نێو تەشکیلاتی خۆیان. ڕۆژێک کەسێکیان هێنا ئەوەندەیان لێدابوو، موجاهیدینەکان زوو بردیانە لای خۆیان و دەرمانیان کرد و زۆری پێڕاگەیشتن و ئەویش «زندە باد میلیشیا»ی بۆ دەکردن. لەو ماوەیەدا ببوە جێ‌متمانەی موجاهیدەکان و ئێمەش هەروەتر. دوای ٦ مانگ و چاکبوونەوەی گوتیان بەندەکەی دەگۆڕن و ون بوو. ڕۆژێک هەموومانیان بەڕیز کرد و هاتن بۆ بازدید.

ڕەئیسی زیندان و دوو مەئمووری ئیتلاعات لەگەڵ ئەو کوڕەی خۆی خزاندبووە نێو تەشکیلاتی موجاهیدین بە جلوبەرگی فەرمیی سپاوە وەژوور کەوت. هەر کە چاومان پێی کەوت هەموو زراومان چوو بە تایبەتی موجاهیدینەکان زۆر ترسان. (حاڵی ئێمەش لەوان باشتر نەبوو، بە پێشماندا دەهات و دەچوو و سڵاوێکی دەکرد و دەیگوت فڵان کەس چۆنی خەبەری تازە نییە؟) بێدەنگییەکی بەسام بەسەر زینداندا زاڵ ببوو بە جۆرێک ترپەی دڵی یەکترمان گوێ لێدەبوو. هەموو ئێعدامی خۆمان لەپێش چاومان بوو، کەس شەوێ خەوی لێنەکەوت و هەندێک لە موجاهیدینەکان ئەوەندە ترسابوون بەبێ وەیکە بانگیان بکەن چووبوون ئێعترافیان کردبوو. وردە وردە خەڵکیان بانگ کرد بۆ بازجوویی و شکەنجە و تەنانەت ئێعدامیش کران، زەبر و زەنگەکە بە جۆرێک بوو کە تەشکیلاتەکەیان تەفروتوونا بوو. تەنانەت لەسەر یەکتر و زیندانییەکانی دیکەش کرابوونە سیخوڕ و ئەمەش کاریگەریی نەرێنیی لەسەر ئێمەش دانابوو.

ماوەیەکی پێچوو کاریان بە ئێمە نەبوو، ئێمەش بەوە لەخۆبایی بووین، بەڵام بێ‌ئاگا لەوەی‌کە بەنهێنی و لەڕێی جاشەکانی نێو زیندان خەریکی ئاشکراکردنی ئێمەشن، کوڕێکی ئێمە بە ناوی چیا ڕادیۆیەکی پەیدا کردبوو کە هەواڵەکانی ڕادیۆ حیزبی پێدەگرت و بە ئێمەی دەگوت و ئێمەش لەنێو بەندەکەدا بڵاومان دەکردەوە، ڕەئیسی زیندان زۆری هەوڵدا زەربەیەکیش لە ئێمە بدا بەڵام بۆی هەڵنەدەکەوت.

هەتا ڕۆژێک دوو کەس بە ناوەکانی «ئـ. ت» و «ش. ب» ڕاپۆرتیان دا کە لە فڵان سەعات و لەسەر فڵان تەخت دێموکراتەکان ڕادیۆ دەگرن. هەر ئەوەندە دیتمان مەئموورەکان هاتن و یەکڕاست چوونە سەر تەختی من کە چیا لەوێ لەژێر پەتوودا ڕادیۆی گرتبوو. پەتوویان لەسەر سەری هەڵداوە و ڕادیۆکەیان لەدەست ستاند و هەر لەوێڕا هەتا بردیانە خوارێ بە شەپ و مست شل و کوتیان کرد. ئەمجار نۆرەی ترس و دڵەڕاوکێی ئێمە بوو، بەڵام بەخۆشییەوە چیا زۆر خۆڕاگر بوو، نە ١٤ مانگ ئینفرادی نە ئەشکەنجە و نە ئێعدامی درۆیین و نە ئازاری بنەماڵە بە چۆکیان دانەهێنا و هیچ شتێکی لەسەر هیچ کەسێک نەگوت. ئەو ماوەیەی کە ئەو لە ئینفرادی بوو، مەئموورەکان دەهاتن دەیانگوت: چیا هەموو شتێکی گوتوە و بۆ سووککردنی پەروەندەی خۆتان وەرن ئێعتراف بکەن با وەک موجاهیدینەکان ئێعدام نەکرێن.

هەموو ڕۆژێک دەیانبردین بۆ لێپرسینەوە، ڕۆژێک یەکێک لە کوڕەکان خۆی پێ ڕانەگیرابوو بەداخەوە ئێعترافی کرد و، هەموو شتێکی باس کرد و ئەوانیش بردیانین بۆ بازجوویی و ئەشکەنجە و تەنانەت دادگایی کردنەوەش، بە خۆشییەوە کەسمان ئێعدام نەکرا بەڵام زۆربەمان تەجدیدی حوکم کراینەوە و لێکیان بڵاو کردین و بەسەر بەندەکانی دیکەدا دابەشیان کردین، بەڵام خۆڕاگریی چیا بۆ ئێمە وانە و ورەیەکی بەهێز و لەبیرنەکراو بوو.

دوای ئەو کارەساتانە کە بەسەرمان هات وەزعی زیندان زۆرناخۆش بوو هەموو ئازادییە ئاساییەکانی پێشوویان لێ قەدەغە کردبووین و، سیخوڕیشیان بۆ دانابووین.

ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجە و ئێعدامە نایاساییانە خەڵکی وەدەنگ هێنابوو و بەرپرسانی دەزگای قەزاییش بەناچار، نوێنەریان نارد بۆ بینینی زیندانەکان. هەر لەو سەروبەندەدا بەرپرسانی زیندانیان گۆڕی و ئاڵوگۆڕ بەسەر زینداندا هات. لەدوای ئەوە ئەمن لەوێ بە هاوکاریی کەسانی خۆشناو و جێ‌متمانەی وەک سەعدە و لوقمان و موحسین قازی و ئاغای شێخانی و سەلیم دیبۆکری و برایم موهاجری و ... دەرسم خوێند و لە زینداندا توانیم ئەوەڵ و دووهەمی نەزەری تێپەڕ بکەم.

لە دوایین چاوپێکەوتنمدا لەگەڵ دایکم گوتی ئەوە ٦ مانگە لوقمانیش گیراوە و قەرارە بیهێنن بۆ زیندانی ورمێ، زۆرم پێناخۆش بوو. چاوەڕێ بووم بیهێنن بۆ لای من لە زیندانی دەریا، هێندەی پێنەچوو خەبەری هێنانی لوقمان و ئازادیی من لە یەک ڕۆژدا ڕووی دا. ئەو کات کاک عومەر قازی و ڕەفیقەکانم لەوێ بوون ڕامسپاردن دەست لە تەختەکەم نەدەن و قەرارە لوقمانی برام بێنن بۆ ئێرە ئەگەر هات شتەکانی من و تەختەکەمی بدەنێ با بێ‌جێگا نەبێ، ئەوانیش لەباوەشیان گرتم و کاک عومەر گوتی وادیارە زیندان بەبێ باختەکان نابێ. ماڵاواییم لە هاوبەندییەکانم کرد و گەلێکیان بۆ ناڕەحەت بووم و ئەمن بە دەرگایەکدا چوومە دەر و ئازاد بووم و لوقمانیش بە دەرگایەکی دیکەدا کەوتە زیندان و بردیان بۆسەر تەختەکەی من.

بە دیتنی دایکم و وان گەشامەوە و یەکترمان ماچ کرد و یەکەم کاریشم ئەوە بوو کە داوام کرد بچینە سەر گۆڕی بابم و فاتیحایەک دادەین. ئەو کارەمان کرد و وەک کەسێکی سەربەرز و ڕازی بە چارەنووسی خۆم درێژەم بە ژیان دا و بە گوڕتر لە جاران و بە بیر و باوەڕتر لە پێشوو هەنگاوەکانم بەرەو داهاتوو هەڵێنا.

# پەیامە گەورەکانی پێشەوا قازی محەممەد لە یەکبوونی کوردەوە هەتا ئیرادەی دروستکردنی دەوڵەت

(پوختەیەک لە قسەکانی کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سیمیناری ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان)



ڕەنگە لە چارەگە سەعاتێکدا باس لە گەورەیی کۆماری کوردستان لە پانێلێکی وادا کارێکی ئاسان نەبێ و زۆریش ئەستەم بنوێنێ، بەڵام بە بۆنەی یادکردنەوەی هەر بەکورتیش بووبێ باسێکی لەسەر بکرێ، کە جێگەی خۆیەتی و دەتوانین بڵێین جۆرێک زیندووکردنەوەی هەموو ئەو ڕۆژانەیە کە کۆماری کوردستانیان بەرەو دامەزراندن برد و، هەموو ئەو ڕۆژانەی کە کۆماری کوردستانی تێدا ژیا و هەموو ئەو دەرسانەی کە لە دوای کۆماری کوردستانیش بۆ ئێمە وەکوو نەتەوەی کورد ماوەتەوە.

یەکێک لە پەیامە گەورەکانی کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەممەد یەکبوونی کورد بووە، ئێمە هیواداریـن بتوانین بەیەکەوە وڵامدەری ئەو پەیامەی پێشەوا قازی محەممەد بین بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کورد. بەڵام لەسەر ئەسڵی مەسەلەکە کە بەحسێکی زۆر دوور و درێژە، من بەکورتی ئاماژە بە چەند شت دەکەم کە ئەویش نە وەکوو هۆکار، چونکە کۆماری کوردستان ڕووداوێکی کوتوپڕ نەبووە هەتا هۆکارێک بۆ سەرهەڵدانەکەی هەبووبێ -هۆکار زیاتر بۆ ڕووداو بەکار دێ-، من پێم وایە دەبێ بیر لە بەستێنەکانی پێکهاتنی کۆمار یان دامەزراندنەکەی بکەینەوە. ئەگەر وەک بەستێن چاوی لێبکەین من پێم وایە لە باری مێژووییەوە و لە باری نەتەوەییەوە شۆڕشەکانی پەنجا ساڵ پێش لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان دەبێ بخەینە بەر باس و، بە تایبەتی ئەو شۆڕشانەی لە دوای کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی دەستیان پێکرد، بە تایبەتی بە هۆی داگیرکاریی بریتانیا و فەڕانسە لە مەنتەقەدا و بە تایبەتیتر لە عێراق و سووریە کە تازە دابەش کرابوون. هاتنە ئارای دوو دەوڵەتی نوێ وەکوو دەوڵەتی تورکیە و دەوڵەتی نوێی ئێران -نەوەکوو بڵێن وڵاتێکە دەوڵەتی لێ دروست بووبێ دەزانین کە ئێران بۆخۆی لە باری دەوڵەتدارییەوە سابقەیەکی چەند هەزار ساڵەی هەیە- بەڵام هاتنە سەرکاری دەوڵەتێکی نوێ کە ئەویش دەوڵەتی ڕەزاشا بوو.

ئەگەر بڵێین بە جیاوازیی زۆرەوە بەڵام هەوڵدانی تورکیە یا بڵێین ناتەبایی تورکیە لەگەڵ کێشەی کورد -چون [تورکیە] دەوڵەتێکی تازە دامەزراو بوو و کێشەی کوردی وەک هەمیشە مەترسییەک بۆ لەباربردنی ئەم دامەزراوە تازە وەک دەوڵەت تورکیە دێتە دی- زۆرترین شۆڕشەکان لەم سەردەمەدا لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، ئێمە لە کوردستانی باکووردا دەیبینین. شۆڕشی زۆر کرا بەڵام لە گرینگترین شۆڕشەکانی ئەو سەردەمە دەتوانین ئاماژە بە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانە لە ساڵی ١٩٢٧، شۆڕشی ئارارات لە ساڵی ١٣٣٠، شۆڕشی دێرسیم لە ساڵی ١٩٣٦ و ئەو شۆڕشانەی تریش کە لە بەینی ئەم شۆڕشە گەورانەدا لە ناوچەی جیاجیادا سەریان هەڵدەدا؛ ئەمە بۆخۆی ڕەنگە بڵێین پاشخانێکی مێژوویی باش بوو بۆ ئەوەی کە هەم دەربخا کە کورد بەردەوام لە هەموو هەلومەرجێکدا هەوڵی داوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، کە ئەو سەردەم ئەگەر بە هەموو ناو و ناتۆرە داگیرکەرییە ئیمپریالییەکان هەمیشە کوردیان وەکوو نۆکەری بەشێک چاو لێدەکرد. ئەگەر شێخ سەعیدیان وەکوو پیاوی بریتانیا، شۆڕشی ئاراراتیان بەستراوە بە سۆڤیەت و حکوومەتی ئێران یا هەر لایەنێک زانی و تۆمەتباریان کردن، بەڵام هەموو ئەمانە دەرخەری ئەوەیە کە کورد لەسەر پێیە و لە سەختترین هەلومەرجدا هەوڵی داوە بۆ ئەوەی کە بیری نەتەوەخوازی، بیری سەربەخۆیی‌خوازی، بیری ئازادیی نەتەوەیی بەردەوام بێڵێتەوە و لە بەرامبەر ئەم زوڵم و زۆریانەدا بەردەوام بە شۆڕشی زۆر قورس و گران -هەرچەند هەزینەی زۆری ئینسانیی بۆ دراوە، هەرچەند بەداخەوە کورد وەکوو نەتەوەیەک زۆر کوژراوی داوە- لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی کە سەرەکیترینیان سەربەخۆیی کوردستانە و بەداخەوە هەتا ئێستاش پێی نەگەیشتوە، بەڵام بەم خوێن‌دانانە زیندوویی بیری نەتەوەییان لەنێو نەتەوەی کورددا ڕاگرتوە. ئەم پاشخانە مێژووییە ئەگەر لە باکوور تێپەڕی لە ڕاستیدا لە سووریەش بە دروستبوونی خۆییبوون لە سووریە و لوبنان و دواتر لە عێراقی تازە دامەزراو دەوڵەتە نوێکان لەم ناوچەدا ئیدارەی وڵاتەکانیان بەدەستەوە گرتبوو.

سەرهەڵدانی شۆڕشی بارزانی سەردەمی شێخ ئەحمەدی بارزانی بەتایبەتی دواتر لە ساڵی ١٩٤٣دا لە نزیک کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی، شۆڕشی نوێی بارزان بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفای بارزانی، ئەمانەش بۆخۆی دەرخەری ئەوەیە کە شۆڕشی کورد نەبەستراوەتەوە بە چوارچێوەیەک لە بەشێکی تایبەتی کوردستاندا، بەڵکوو هەموو بەشەکان لەم دابەشکارییەدا بە جۆرێک هەوڵیان داوە کە ئەم مێژووە تۆمار بکەن کە کورد لە قۆناغێکی تایبەتیدا نەژیاوە و کۆتایی بە تەمەنی شۆڕشەکانی نەهاتوە.

ئەگەر کاریگەریی ئەم شۆڕشانە لەسەر کوردستانی ڕۆژهەڵات، کە کۆماری کوردستانی تێدا دامەزرا بێنینە بەر باس، گواستنەوەی ئەم مێژووە و گواستنەوەی ئەم بیرە نەتەوەییە یارمەتیی داوە بۆ ئەوەی کە لە زەمانی شۆڕشی ئاراراتدا کوردەکانی ڕۆژهەڵات یارمەتیی شۆڕشی ئاراراتیان داوە و، یەکێک لە کێشەکانی کە دروست دەبێ نێوان ئێران و تورکیە یارمەتیی عەشیرەتەکانی جەلالییە لە شۆڕشی ئارارات داوە و، دواتر سەرهەڵدانی شۆڕشی سمکۆ لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوایی هەڵاتنی لە زیندانی ڕەزاشا شۆڕشی دەست پێکردەوە و، چەند ساڵێک توانی ئەو شۆڕشەی ئیدامە بدا کە لە نەوعی خۆیدا دەبێ بڵێین ئەویش بۆخۆی شۆڕشێکی نوێ بوو؛ بە دەرکردنی ڕۆژنامەی "شەوی عەجەم" کە دواتر گۆڕی بە ڕۆژنامەی "ڕۆژی کورد" ڕەنگە بڵێین قۆناغێکی نوێی لە خەباتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەست پێکرد، کە هەتا ئەودەمە نەبوو ئەویش بە دەرکردنی ڕۆژنامە و کاری تێکەڵ‌کردنی کاری ڕۆژنامەگەری و سیاسی و کاری شۆڕشگێڕی لەگەڵ یەکتر؛ ئەمانە هەموو دەتوانن بەکگراوەندێکی نوێی مێژوویی و فکریی باش بێ کە چۆن، چ بەستێنێکی دروست کرد کە کۆماری کوردستانی تێدا دروست بێ.

دەزانین بەدوای هەموو ئەم ڕووداوە مێژووییانەدا لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان -کە بە داخەوە هەمیشە یەک کەمایەسی هەبووە ئەویش ئەوەیە کە کورد همیشە لە ناوچەکەدا بە تەنیا بووە-، کورد کە پێویستی بەوە بووە کە لە گۆڕانکارییە ناوچەییەکاندا بەشدار بێ بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی نزیک یا ڕۆژاوای ئاسیا هەمیشە بەشێک لەو گۆڕانکارییانە بووە. لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا، لە شەڕی دووەمی جیهانیدا، کورد هەوڵی بۆ دا بەڵام بەداخەوە ئەوەی‌کە پێویست بوو، کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە جۆرێک یارمەتیدەر بێ بۆ ئەوەی‌کە ئەم هەنگاوانە کە بەرەو پێش دەڕۆیشتن، بتوانن سەقامگیر بن و یارمەتیدەر بن بۆ جێبەجێ بوونی ئەو ئاوات و خواستانەی کورد، بەداخەوە کورد نەیتوانیوە ئەو پێگە نێو دەوڵەتییە پەیدا بکا. ئینگلیسەکان و فەڕانسەوییەکان بە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیدا کوردیان وەکوو مەترسییەک بۆ سەر دەسەڵاتی خۆیان، بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە عێراق و سووریەدا حیساب دەکرد.

ئێرانی پاشایەتی، شۆڕشەکانی باکووری کوردستانی وەک مەترسییەک بۆ سەر دەسەڵاتی خۆی دەخوێندەوە کە پێی‌وابوو ڕەنگە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی ڕۆژهەڵات. تورکیەی تازەش -کە باسمان کرد- هەمیشە کوردی وەکوو مەترسییەک دەبینی بۆ ئەوەی‌کە مەترسی بخاتە سەر سەقامگیربوونی دەسەڵاتەکەی، بۆیە لە هەموو لایەکەوە بە سۆڤیەتی لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی بە بریتانیا، بە فەڕانسە کە ئەم سێ لایەنە کاریگەریی تەواویان هەبوو لەسەر داڕشتنی نەخشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست؛ بەداخەوە بە هەر سێکیان مۆقەفی دژایەتی لەگەڵ کوردیان پەرە پێدا هەتا ئەوەی گەیشتینە شەڕی دووەمی جیهانی.

لە شەڕی دووەمی جیهانیدا ئەگەر گۆڕانێک هەست پێبکەین ئەو گۆڕانەیە کە دوای ئەوەی ئێران و تورکیە دەکەونە ڕیزی وڵاتانی شەڕکەر لەگەڵ ئیتالیا و و لەگەڵ ئاڵمان دەکەون، لە ڕاستیدا ئێران کە تازە نەیدەتوانی خۆی لەم پێوەندییە دەرباز بکا، ملی دا بە ئەوەی‌کە وڵاتەکەی لە لایەن ئینگلیس و سۆڤیەت لە باکوور و لە باشوورەوە داگیر بکرێ. ئەمە بۆخۆی گۆڕانێکی بڵێین نیسبی بوو لە تێکەڵبوونی کێشە نێودەوڵەتییەکان بە مەسەلەی کورد نە ئەوەی مەسەلەی کورد بە کێشە نێودەوڵەتییەکان تێکەڵ بووبێ، ئەوان بوون کە هاتنە ئەو مەسەلەی کە کوردستانیشی تێدا بوو مەجبوور بوون خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مەسەلەی کورد بکەن. ئینگلیسییەکان بەداخەوە هەر ئەو سەردەمەش دژایەتیی مەسەلەی کوردیان دەکرد، بەڵام لانیکەم سۆڤیەتەکان بە هۆی ئەوەی‌کە هاتبوونە ئەو ناوچانەی کە بەشێکی کوردستان بوو و تەنانەت هەتا سنەش هاتن و دواتر بەداخەوە لەوێ گەڕانەوە و، ئەو ناوچانەیان چۆڵ کرد و هەر لە مەهاباد بەرەوژوور مانەوە؛ بەڵام نەیاندەتوانی فاکتەری کورد لەوێدا لەبەرچاو نەگرن. هەر ئەم لەبەرچاو گرتنەی فاکتەری کورد بوو کە بوو بە هۆکارێک کە کوردەکان لەوێدا بتوانن مەیدانێک ببیننەوە بۆ دروست کردنی پێوەندی لەگەڵ لایەنێکی نێودەوڵەتی، ئەگەر ئەمریکای تازە نەفەس کە تازە هاتبووە مەیدانی شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و، ئینگلیسی پیر لە ناوچەدا بەداخەوە هیچ ڕوویەکی خۆشیان بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشان نەدا، لانیکەم سۆڤیەت بە هۆی دەرگیر بوونی لەگەڵ ئەسڵی کێشەکە -هەرچەند لە سەرەتاوە ئەوانیش کوردیان یا کوردستانیان وەکوو بەشێک لە ئازەربایجان لە ئێراندا دەدی، بەڵام دوایی لەگەڵ ئەمری واقع بەرەوڕوو بوون، دیتیان کە ناتوانن مەسەلەی کورد لەبەر چاو نەگرن و ئەمە هۆکارێکی باش بوو، بۆ ئەوەی کە یەکەم جار کورد بتوانێ خۆی لە بەینی ململانێ نێودەوڵەتییەکاندا ببینێتەوە و ئومێد پەیدا بکا بۆ ئەوەی کە سۆڤیەت دەتوانێ یارمەتیدەری کورد بێ، هەر چەند یارمەتییەکانی سۆڤیەت بە نەتەوەی کورد کەم نەبوو لانیکەم لەو بارەوە کە بڵێین فەزایەکی دروست کرد کە تواندرا کۆماری کوردستان دابمەزرێ.

لە جەریانی دەستپێکی شەڕی دووەمی جیهانیدا هەر وەک باس کرا، تەئسیراتی مێژوویی و فکری و نەتەوەیی بەشەکانی دیکەی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو بە بە هۆی دروست بوونی کۆمەڵەی ژ-کاف، بەڵام ئەو گۆڕانکارییانەی کە بوونی سۆڤیەت و ململانێی لەگەڵ ئەمریکا و ئینگلیس لەو ناوچەدا خولقاندبووی، ئەو قەناعەتەی دروست کرد کە کۆمەڵەی ژ-کاف دەبێ شکڵێکی نوێ بەخۆی بدات و حیزبێکی نوێ دروست بێ. پێشەوا قازی محەممەد کە هەتا کۆتاییەکانی تەمەنی ئەم کۆمەڵەیە نەچووبوە ڕیزیانەوە، بەڵام دەعوەت کرا و بەشداریی ئەو لە کۆمەڵەی ژ-کافدا بوو بە هۆی ئەوەی‌کە لەوێ نوتفەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ببەسترێ.

ئەم هەنگاوە یارمەتیی دا بۆ ئەوەی کە شایەد هەم بە جۆرێک مەسەلەی بوونی حیزبێکی دێموکرات و ئەوەی کە ببێتە جێگرەوەی کۆمەڵەی ژ-کاف -کە زۆرتر وەکوو کۆمەڵەیەکی ناسیۆنالیستیی داخراو لەو سەردەمەدا سەیر دەکرا- و، تەنانەت ئەو ناتۆرەش لەو دەدرا کە ئەوانیش هەر سەر بە ئینگلیسییەکانن، ڕەنگ بوو یارمەتیدەر بێ بۆ ئەوەی‌کە هەم ئەمریکاییەکان، ئینگلیسییەکان، فەڕانسەوییەکان کە ئەو سەردەم لانیکەم وەکوو وڵاتانی ڕۆژاوایی خۆیان بە دێموکرات دەزانی، هەم سۆڤیەت کە بیری سۆسیالیستی و زاڵبوونی سۆسیالیستی لەسەر حکوومەتی ئەوێ و "چەسپاندنی دێموکراسی و مافی نەتەوە بندەستەکان" کە دروشمی سەرەکییان بوو، ئەو قەناعەتیان تێدا دروست بووبێ کە دەتوانن تەعامولێکی دروست لەگەڵ ئەم حیزبە و دواتر لەگەڵ ئەو کۆمارە بکەن کە بە نیازی دامەزرانی بوون.

ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی چەند مانگ دوای دامەزرانی، بڕیاری دامەزرانی کۆماری کوردستانی دا، شایەد بە هەڵسەنگاندنێکی دروست مەنتەقیانە و ئەقڵانیی پێشەوا قازی محەممەدی بزانین کە دەرکی ئەوە کردبوو کە زەمان ئەونە تەنگە کە هەر هەنگاوێکی هەڵێنێ دەبێ زۆر خێراتر ئەو هەنگاوە هەڵێنێتەوە. دامەزراندنی حیزبێک بۆ دامەزرانی کۆمارێک ڕەنگبێ پێویستیی بە زەمانێکی درێژ بێ بۆ دراسەکردن، بۆ خوێندنەوە، بۆ خۆ ئامادەکردن، بۆ سازکردنی تەواوی ئەو ئیمکاناتەی کە پێویستە لە باری مادی و ئابووری و سیاسی و دیپلۆماسی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و هتد، بەڵام لەم ماوە کورتەی دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان، تەنیا پێشبینییەکانی قازی محەممەد دەخوێندرێتەوە کە چۆن وەکوو سەرکردەیەکی شارەزا لەو سەردەمەدا زانیویەتی کە زەمان چۆن بەخێرایی بەرەو پێش دەڕوا و، چۆن کورد لە بەرامبەر مەترسییەکاندا ڕادەوەستێ و، چۆن مەترسییە پێشووەکان دیسان سەر هەڵدەدەنەوە؟ هەر بۆیە کۆماری کوردستان دادەمەزرێنێ و بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان کە زۆر کەس لەوانەی‌کە لە موتالەعاتی مێژووییان هەیە یا مێژوو دەنووسنەوە، پێیان وایە قازی محەممەد لە کاتی دامەزرانی کۆماری کوردستانیش دڵنیا نەبووە لە پشتگیریی بەردەوامی سۆڤیەتییەکان و، زۆریش دڵنیا نەبووە لەوەی‌کە بتوانێ کۆمارەکەی زۆر دەوام بکا و؛ بەڵام دیسانیش وەکوو ئەرکی مێژوویی سەرکردەیەک ئەم ئەرکەی بەڕێوە برد، وەکوو سەرکردەیەک ئەم شانازییەی بۆ خۆی و بۆ حیزبەکەی و بۆ نەتەوەکەی هێنا ئارا و، هەتا ئێستاش بووەتە یەکێک لە شانازییە نەتەوەییەکانی کورد لە کوردستان.

# نەمانی قاسم سولەیمانی و دۆکتورینی مەهدی



و: کەماڵ حەسەنپوور

کاتێک کە لە شەوی پێنجشەممە، ٢ی ژانویە، دیمەشقی بەرەو بەغدا جێهێشت، قاسم سولەیمانی سەری لە فەلەک دەدا. وەک ڕێبەری سەربازی، سەرۆکی ستراتێژیست و ڕوخساری کاریزماتیکی ئەوەی کە ناوبراو وەک ئیمپراتوورییەکی لە حاڵی سەرهەڵدان و مەزنی جیهان سەیری دەکرد، هەموو شتێکی هەبوو: پرێستیژ، دەسەڵات، حزوور. نە تەنیا ئەو فەرماندەی هێزی سەربازیی سەربەخۆی ئیمپراتوورییەکە بوو، بەڵکوو ئەو شتێک کەمتر لە دەنگی ئەڵڵا بۆ ڕێبەرانی ئەو نەتەوانە نەبوو کە بەو زووانە قەرار بوو لەو ئیمپراتوورییەدا بتوێنەوە: عێراق، سووریە، لوبنان، یەمەن و سینا.

ئەگەرچی هیچ کەس هەرگیز بەو شێوەیە باسی نەکرد، بەڵام ئەو، لە ڕاستیدا شازادە نوێکەی پارس بوو و، ئەو چەکوچۆڵەی کە لەبەر دەستیدا بوون! جگە لە جبەخانەی لە ڕادەبەدەری چەکی ئاسایی، ڕێژەی مووشەکی هەنگێو بەرەو زیادبوون بوو، لەشکرێک هاکەری بێبەزەیی گەلێک لێهاتوو، تەنانەت ژێر دەریایی و بەم زووانە نووکە مووشەکی ئەتۆمیش.

لە باکوور و باشووری قیزەوەنترین دستدرێژیکەری دنیا، ئەگەرچی هێندە لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات نا، سولەیمانی وردە وردە زەختی دەخستە سەر پێکهاتەی زایۆنی، چەقی سەرنجی ڕەوانی و سەربازی بە دنەدانی جیهادییەکان لەنێو سنووورە فرەخوازانەکەیدا، لە چاوەڕوانیی باشترین هەلدا، بەلاڕێدا دەبرد، تا کاتێک کە هۆشی لەخۆی نەما لە باکوورەوە بە جبەخانەی ١٠٠ هەزار مووشەکی دڵی بکاتە ئامانج. لە کاتی خۆیدا، مووشەکی بێتێکنۆلۆژیی پێشکەوتوو قەڵغانی پارێزەری زایۆنی بەخۆیانەوە مەشغووڵ دەکا. ئەو قەڵغانە پێش بە زۆر لەوان دەگرێ بەڵام هەموویان نا. پاشان، لە کاتی گونجاودا، مووشەکی هەنگێو بەڕێ دەکرێن، کە بۆ هەنگاوتنی پێگە سەرەکییە سەربازییەکان و لە هەمووی باشتر، ناوەندە پڕ حەشیمەتەکان میزان کراون. ڕەنگبێ، تەنیا ڕەنگبێ، ئیشەڵڵا، یەکێک لەو مووشەکانە نووکەکەی ئەتۆمی دەبێ. لە کاتێکدا کە زایۆنیستەکان بە ژانەوە لەنێو هەورە کارگینەکەدا دەمرن، جەهەننەم هەموو ناوچەکە دەگرێتەوە، تەنانەت هەموو دنیاش. ئەوە سەروبن بوونێکی کارەساتبار بەڵام خراپییەکی پێویستە، چونکە هەر وەک پێشبینی کراوە، ڕزگاریدەری چاوەڕوانکراوی جیهان کە زۆر لەمێژە چاوەڕێین، دوای بزربوونێکی چەندین سەدەیی سەر هەڵدەدا. ئیمام مەهدی دەگەڕێتەوە، تا خەلافەتی جیهانیی ئاشتی بێخەوش، هەڵبەت ئاشتی ئیسلامی، دامەزرێنێ.

لە ڕۆژی دووهەمی ئەوەی کە لە ڕۆژئاوا پێی دەڵێن ساڵی نوێ، سولەیمانی تازە لە کۆبوونەوەی بەیرووت، لوبنان، لەگەڵ حەسەن نەسروڵڵا، سەرۆکی بێڕکابەری حیزبی خودا، حیزبوڵڵا و، یەکێک لە گرینگترین ڕەعیەتەکانی گەڕابۆوە. لەو چاوپێکەوتنەدا، کە بە پێی نەریت وێنەی لێ هەڵگیرا، سولەیمانی، بۆ جارێکی دیکە، میواندارییە خاکەڕاییەکەی "سکرتێری گشتی"ی قەبووڵ کرد. ئەوە بە هەمان شێوە بۆ ژێنڕاڵی پایەبەرزی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیش جێگای دڵخۆشی بوو.

فڕینەکە لە دیمەشقەوە تەنیا کاتژمێرێک و پێنج خولەک بوو، بەڵام دوا کەوتبوو. بە گوێرەی ڕاپۆرتی "میدڵئیستئای"، فڕۆکەکە کاتژمێر ١٢:٣٢ی بەرەبەیانی بە کاتی بەغدا نیشت. ئەو چاوەڕوانی کۆتایی حەوتوویەکی خۆش لەنێو ناوچەی سەوزی بەغدا بوو. سولەیمانی لە لایەن سەرۆکی هێزی میلیشیای عێراقی، ئەبوو مەهدی موهەندیس کە دەگوترێ "هاوپەیمانێکی لەمێژینە و دۆستی نزیکی بووە" پێشوازیی لێکرا. تەنیا زیاتر لە کاتژمێرێک دواتر، دوای تێپەڕینی کەمتر لە دوو کاتژمێر لە سێهەم ڕۆژی ژانویە، سولەیمانی، موهەندیس و هاوڕێکانیان فڕۆکەخانەی بەغدایان لە دوو ئۆتۆمبێلدا، هیۆندایەکی ستارەکس و تۆیۆتایەکی چواردەرگای ئاڤالۆن، جێهێشت. کاتێک کە گەیشتنە شەقامی دەرەوەی فڕۆکەخانە، هەردوو ئۆتۆمبێل بەهۆی مووشەکی هاوێژراو لە فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی ئەمریکاییەوە لە جۆری ڕیپەر [درویێنەکەر]، فڕۆکەیەک کە لە ڕێگای دوورەوە کۆنترۆڵ دەکرێ و لەلایەن سپای وڵاتە یەکگرتووەکانەوە وەک "ڕاوچی کوشەندە" باسی لێوە دەکرێ، لەت بە لەت کران. مردنی گشت سەرنشینەکانی هەردوو ئۆتۆمبێلەکە دەستبەجێ بوو. پاشماوەی کەلاکەکان بە شێوەیەک هەنجن هەنجن کرابوون کە کوژرانی سولەیمانی بە پەنجە دەستێک کە هێشتا کاری دەکرد و ئەنگوستیلەیەکی زیو بە نەقیمەیەکی گەورەوە لە قامکێکیدا پشتڕاست کرایەوە.

لە ڕوانگەی ڕۆژئاواییانەوە، ڕووداوەکانی دوای کوژرانی سولەیمانی وەک سیرکێکی هەرزانبایی دەچێ کە هەموو شانۆکارییەکانی تێکچوون.

دەیڤید وود، لێکدەرەوەیەکی یووتیووب لە بەرنامەی "با هەموو ئەوانە تێکهەڵکێش بکەین"؛ بەو شێوەیە دەدوێ: "لە ٣ی ژانویە، ژێنڕاڵ قاسم سولەیمانی لە هێرشێکی فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا کوژرا. لە ٧ی ژانویە، ٥٦ ئێرانی کوژران و پتر لە ٢٠٠ کەسی دیکە بریندار بوون کە لە ڕێوڕەسمی ناشتنی سولەیمانیدا کەوتنە بەر پێیان. لە ٨ی ژانویە، ڕێبەری ئێران وڵامی کوژرانی سولەیمانی بە هێرشی مووشەکی بۆ سەر دوو پێگەی ئەمریکا لە عێراق دایەوە، بەڵام ... کەس نەکوژرا. هەروەها ٨ی ژانویە، سپای ئێران فڕۆکەیەکی ئۆکراینی بەردایەوە کە لە فڕۆکەخانەی ئیمام خومەینی لە تاران هەستابوو، کە کوژرانی ١٧٦ کەسی لێکەوتەوە. لە ١١ی ژانویە، دوای سێ ڕۆژ نکۆڵیکردن لە خستنەخوارەوەی فڕۆکەکە ... ئێران ددانی پێدانا کە فڕۆکەکەی خستۆتەوە خوارەوە."

"کەوابوو، لە وڵامی کوشتنی پیاوێک لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە، ئێرانییەکان بە پێشێلکاری و مووشەکی دژە فڕۆکە ١٣٨ ئێرانی و ٩٤ کەسی دیکەیان کوشت، لە کاتێکدا هیچکامیان ئەمریکایی نەبوون. نازانم ئێوە چۆن بیر دەکەنەوە، بەڵام من خەریکە بیر لەوە دەکەمەوە کە ئێرانییەکان لەوانەیە لە شەڕدا باشترین نەبن. [بە لاسایی کردنەوەی ڕێبەری ئێران] "ئای، ئەوان [ئەمریکا] ژێنڕاڵێکیان کوشت. دەبا لە شەقامەکان یەکتر بخەینە ژێر پێ تا یەکتر دەکوژین و بەهەڵکەوت فڕۆکەیەک بەردەینەوە."

وود دەڵێ: "من پێیان ڕادەبوێرم. چونکە کاربەدەستانی ئێرانی هێندە نالایقن، ئومێدی ئەوە هەیە کە خۆپیشاندەران، کە دەیانهەوێ دەسەڵاتداران بڕووخێنن، بتوانن سەرکەون. وێدەچێ سەردەمی ئایەتوڵڵاکان کۆتایی پێبێ."




ئەوەی کە ڕێبەرانی ئێران قەشمەری بێدەدان بن بۆچوونێکی دڵخۆشکەرە بەڵام هەڵەیە. هیچ نەبێ، کۆماری ئیسلامی لە هەموو کاتێک مەترسیدارترە.

هەر وەک دەستکەوتەکانی سولەیمانی لە دروستکردنی ڕایەڵەیەکی ناوچەیی لە تێرۆریستی بەکرێگیراو دەیسەلمێنێ، بە تێکنۆلۆژیی سووتەمەنی کە بۆ چەکی ئەتۆمی دەبێ، بە سیستمی مووشەکیی پێشکەوتوو و یەکەی شەڕی سایبەری لە ئاستی جیهانیدا، ئێران خاوەنی هەموو ئەوانەیە، کە بە کوژرانی سولەیمانی هیچکامیانی لەکیس نەداوە.

ئێران کە بە ئیعدامی سولەیمانی و گەمارۆ ئابوورییەکانی سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان بریندار بووە، هەڕەشەکەی بۆ سەر خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و دنیا نەوەک کەم نەبۆتەوە بەڵکوو زیاتر بووە. بێگومان لە وتەکانی ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەری ژێئۆپۆلیتیک جاناتان سپایەر دەردەکەوێ کە دەڵێ: "وا چاوەڕوان دەکرێ کە ئەوان هەر چی لە توانایاندایە و بە هەموو شێوەیەک ڕێژیمەکەیان بپارێزن."

بۆچی؟ لەبەر سێ هۆی سەرەکی: مەهدی و سەرهەڵدانە پێویستەکەی، مەهدی و ئێران وەک ڕێخۆشکەری دەرکەوتنەوەی دووبارەی، مەهدی و بێزاریی خۆڕسکی تاران بەرامبەر بە ئیسرائیل.

لەو ڕۆژەدا کە سولەیمانی کوژرا، ڕێبەری گەورە ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی، لە تویتێکدا نووسی؛ "ئێمە پیرۆزبایی بە مەهدی (عج) و ڕووحی پاکی سولەیمانی دەڵێین و سەرەخۆشی لە نەتەوەی ئێران دەکەین بۆ ئەو شەهادەتە مەزنە."

ئیمام مەهدی کێیە و بۆچی خامنەیی لە ڕۆژی کوژرانی سولەیمانیدا پیرۆزبایی لە ئەو دەکا؟ بەکورتی، ئەو مەسیحی ئیسلامە، ئیمامی دوازدەهەم کە جێگرەوەی محەممەدە. دەڵێن لە ساڵی ٨٧٩ی زایینی لەدایک بووە، لە ڕوانگەی موسڵمانانی شیعەوە ئیمام مەهدی هێشتا زیندووە، بەڵام خۆی لە مرۆڤان شاردۆتەوە، "غەیبەتی کردوە" تا دووبارە لەسەر زەوی دەرکەوێتەوە، تەنیا دەرکەوتنەوەی دووبارەی ئەو دەتوانێ مرۆڤ ڕزگار بکا، لە ڕاستیدا، پارێزەری سەردەمی ئاشتی جیهانییە، ئاشتیی ئیسلامی، واتە ئاشتییەک کە لەوێدا گشت مرۆڤێک ملکەچی خودا و قورئانە.

ئەوە بۆ کەسێکی ڕۆژئاوایی وەک شتێکی شێتانە دەچێ، ئەو باوەڕە مەسیحاییە، بە گوێرەی دامەزرێنەرانی، هۆی سەرەکیی بوونی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. ئەوە بە هەمان شێوە بناغەی سیاسەتی سەربازی و دەرەوەی تارانە و؛ هەرچەندە پێداگری لەسەر ئەو وەفادارییە خۆڕسکەی ڕێژیمی ئێران بەو باوەڕەوە بکەی کەمە. لە گشت کۆبوونەوەیەکی گشتیدا، سیڤیل بێ یا سەربازی، لە ئیمام مەهدی دەپاڕێنەوە. ئەو سەرچاوەی تاقانەی ئیلهامە بۆ گشت سیاسەتێک، گشت تاکتیکێک، سەرجەم مەئموورییەتێک، بێگومان، ئەو تەنیا هۆی بوونی ڕێژیمە و لەبەر ئەوە، تاقە هاندەری بێئەملا و ئەولایە بۆ داهاتووەکەی.

ئەو ڕاستییانە بۆ ئەو کەسانەی کە پێیان وایە ڕووداوەکانی ئەم دواییانە نیشانەی ڕووخانی ڕێژیمی مەلاکان بەم زووانەیە، هەواڵی دڵخۆشکەر نین.

ماڵپەڕی فەرمیی خامنەیی پڕە لە ئامۆژگاری لەبارەی ئیمام مەهدی، لە نێویاندا ڕێبەری گەورە باسی ئەوە دەکا کە بە باوەڕی وی ئیمام مەهدی بەم زووانە دەردەکەوێ. خامنەیی نووسیویەتی؛ "دەرکەوتنی ئیمام مەهدی "(عج)" زۆر نزیکە، چونکە بیروڕاکە ئامادەیە." ئەو (عج) لە کەوانەدا کورتکراوەی ئەوەیە "خودا لە سەرژهەڵدانەکەیدا خێرا بکا". خامنەیی شی دەکاتەوە، "هۆشی مرۆڤایەتی ئامادەیە بۆ تێگەیشتن، بۆ فێر بوون، و بۆ ئەوەی کە بزانێ، بێگومان، کە مرۆڤێکی پایەبەرز دێ و ئەوان لەژێر باری ستەم و سەرەڕۆیی ڕزگار دەکا. نەتەوەی ئێران، ئەمڕۆ ئەو شانازییە مەزنەی پێبڕاوە: کەشوهەوای وڵات کەشوهەوای ئیمام مەهدی (عج) ـە." ئەو درێژە دەدا و دەڵێ: " زۆر کەس لە زانایانی ئێمە بۆخۆیان ئەو [ئیمامە] خۆشەویستی دڵانەیان دیتوە، زۆر لەوان وشە دڵگەرم کەرەکانیان بیستوە، زۆر لەوان لەلای ئەوەوە لاوێندراونەوە و زۆری دیکەش میهرەبانی، پێڕاگەیشتن و خۆشەویستیی ئەویان پێ گەیشتوە."

ئەم [ڕوانگەیە] چۆن ئەمڕۆ لە سیاسەتی دەرەوە و سەربازیی ئێراندا خۆی دەنوێنێ؟

کارەساتی جیهانی پێشمەرجی سەرهەڵدانی مەهدییە. ئەوە بەو مانایەیە کە ئێران دنیا وەک هێلانە ژەنگەسوورە دەهاروژێنێ تا گەڕانەوەی مەهدی خێراتر بکا، گەڕانەوەیەک کە زۆر نزیکە. ئاجێندای سەرەکیی ڕێژیم ئەوەیە کە ببێتە هۆی بشێویی جیهانی، بەو شێوەیە ئەو دەیباتەوە. ئاژاوە، مەهدی دەگێڕێتەوە تا ئەویش ئاشتیی جیهانی لەگەڵ خۆیدا بێنێ. ئەمە "دوکتورینی مەهدییە."

ڕێژیمی ئێران لەسەر ئەو بڕوایەیە کە "کەشوهەوایەکی" ئەوتۆی خولقاندوە کە ئاوێنەی باڵانوێنی ڕووحی مەهدییە. ڕێبەرە ئایینی، سەربازی و مەدەنییەکانی چاوپێکەوتنی تاکەکەسییان لەگەڵیدا هەبووە. کەوابوو بەکورتی، ئێران منداڵدانێکە کە مەهدی لەوێڕا دووبارە لەدایک دەبێتەوە. بۆیە، ڕێژیم هەموو کارێک دەکا تا خۆی بپارێزێ. بۆیە، ئێمە دەبێ چاوەڕوان بین کە سەرهەڵدانە نێوخۆییەکان، بێبەزەییانە سەرکوت بکرێ. خۆپیشاندەران، بە تایبەتی ڕێکخەرەکان، بێسەروشوێن بکرێن. گشت بەرهەڵستکارییەکی نێوخۆیی و دەرەکیی دژی ڕێژیم مۆرکی شەیتانیبوونیان لێدەدرێ.

ئیسرائیل دەبێ لەنێو بچێ. ئامانجی بێئەملا و ئەولای تاران دروستکردنەوەی ئیمپراتوورییەکی کەونارای پارسییە بە شێوەی خەلافەتی ئیسلامی. ئاستەنگی سەرەکی بۆ گەیشتن بەو مەبەستە ئیسرائیلە، "پێکهاتەی زایۆنی،" ڕوخساری شەیتانە لە دنیای ئەمڕۆدا. جێگای سەرنجە کە تویتەکانی خامەنەیی پڕە لە ڕشانەوەی پڕ لە قین دژی ئیسرائیل. ئەو لە ڕۆژی دڵاندا لە ٢٠١٦ نووسیویەتی؛ " ڕێژیمی زایۆنی سەمبولی شەیتانە." و لە پێنجی فێورییەی ٢٠١٩دا ئەوەی زیاد کردووە؛ "ڕێژیمی ڕەگەزپەرست، داگیرکەر، درۆزن و ئاپارتایدی."

کەوابوو چی بکرێ؟ ئەو لە ٢ی مارسی ٢٠١٥دا شی دەکاتەوە؛ "کاتێک کە خەڵکی ڕۆژئاوا لە گیروگرفتەکانیان کە سەرچاوەکەی دەسەڵاتی زایۆنی بەسەر دەوڵەتەکاندایە تێگەیشتن، جووڵانەوەی مەزنی جەماوەری دبێتە هۆی لەدایکبوونی دنیایەکی نوێ. [بۆیە] ڕێژیمی دڕندە، شێوە گورگ و منداڵکوژی ئیسرائیل، کە خۆ لە هیچ تاوانکارییەک نابوێرێ، لەنێو دەچێ."

وەرگێڕان: کاتێک کە دنیا ئەو کارەی تەواو کرد کە هیتلێر دەستی پێکرد، مەهدی دێ و بەهەشت لەگەڵ خۆیدا دێنێ؛ هەڵبەت بەهەشتی ئیسلامی."

ئێران کە بە هۆی گەمارۆی ئابووری بریندار و بە هۆی خۆپیشاندانە نێوخۆییەکان شەرمەزار بووە، ئەمڕۆ لە هەمووکات مەترسیدارترە.

بۆچی خامنەیی لە ڕۆژی مردنی سولەیمانیدا پیرۆزبایی لە مەهدی کرد؟ چونکە شازادە ڕاستەقینەکەی پارس چاوترسێن نەکراوە. ئەو هێشتا بەڕێوەیە و ئێران هەموو شتێک دەکا تا ڕێگای گەڕانەوەی بۆ خۆش بکا.

***

*** ئورشەلیم پۆست – برایان شراوگەر**

---

دارسمە

دارسمە دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# سمینی بیرەوریی دانیشتووانی بن دیواری مزگەوتێک

منتان دیتووە، ڕۆژ تا ئێوارە خەریکی داركوتانم! ڕۆژانە هەر دەیکوتم و دەیکوتم و دەیکوتم!

نێوقەدی ئەم دارە ڕەق و تەقانە دەکوتم، بە دەنووک ئاردیان لێوە بەبا دەکەم و بە هەزار زەحمەت و کوێرەوەری دەنکە کرمێک لە نێوقەدی دارەکاندا دەدۆزمەوە. ئەگەر زۆر برسی نەبم، لە زاری خۆمی دەگرمەوە و دەرخواردی جووجەڵەکانمی دەدەم، بەڵکوو ئەوانیش وەک من گەورە بن، سەریان خڕ بێ و دەنووکیان تیژ بێ و دەستبە داركوتان بکەن، بە هەزاران زەحمەت و کوێرەوەری کرمێک یان دارخۆرەیەک لە نێوقەدی دارەکان دەربێنن و سکی خۆیانی پێ تێر بکەن.

ئەمڕۆ لەسەر ئەم هەموو زەحمەت و ماندوو بوونەم بیرم لە ڤایرۆسی کرۆنا دەکردەوە. جاروبار لە داركوتان ماندوو دەبم بۆ وچانێک لە جێی خۆم لادەچم، دەچمە گوێسوانەیەک، لە بەرهەیوانی ماڵێک و سەر دەڕابەی دووکانێک کوێ هەڵدەخەم. هەموویان دەڵێی مامۆستای سیاسەت و پسپۆڕی تاقیگەی پزیشکین. هەر یەکەو بەزمێک بەم کرۆنا ماڵوێرانە دەکەن. ئەوەی چەپە یان پێشترێ لە حەوز و کانی و بەرەی حیزب و ڕێکخراوە چەپەکانی خواردوەتەوە، یان دەموچاوێکی تەڕ کردوە، دەڵێ: «ئەوە کاری ئیمپریالیزمە.» ئەوان بە لێکدانەوەی لەرزۆکی خۆیان کە نە دڵیان لە بۆچوونەکانی سەرۆک «مائۆ» و هاوڕێ «هووشیمین» بەردەبێ و نە سمێڵەکانی جێبەجێکاری دیکتاتۆریی پرۆلتاریایان لەبیر دەچێتەوە، دەڵێن ئەمە شەڕی ئابوورییە و ڕێی تێدەچێت، «کارتێل» و «تراست» و ڕێکخراوە سیخوڕییەکانی سەر بە ئیمپریالیزم بە مەبەستی پێشگرتن بە گەشەکردنی چینی پرۆلتاریای «چین» ئەم «کرۆنا» حیز و حیزبابەیان بەگژ چینی کرێکاری بەرهەمهێنی «چین»دا کردبێ. ئەم قسانە زیاتر لە سەر دەڕابەی ئەو دووکانانەوە دەبیسم کە خاوەنەکانیان دوای ماوەیەکی دوورودرێژی چەپ بوون، ئێستا بە سەری ڕووتاوە و سمێڵی تاشراوەوە کاتی نیوەڕۆیان، ڕێک ئەو کاتەی مشتەرییەکانیان کەمێک دەسڵەمنەوە؛ ئەو لێکدانەوانە لەسەر بنەمای «بەشی ئابووریی ژێرخانە» بۆ یەکتر بەیان دەکەن.

موسوڵمانان لە هەمووان زووتر کرۆنا لەکۆڵ خۆیان دەکەنەوە. یان دەڵێن پەنا بەخوا ئاخیر زەمانە و یان دەڵێن خوا تووشی کافرانی کردوە و لە ئێمە دوورە و دەڵێن یاڕەبی خوا هەموو لایەکمان بپارێزێ. ئەمەشم زیاتر لە نزیک شوێنی دەسنوێژهەڵگرتن و سەر هەیوانی نوێژگەکانەوە بیستوە. ئەوان دەڵێن ئەم کافرانە هەموو جڕ و جانەوەرێک دەخۆن، بۆیە ئەم پەندەیان بەسەر هات.

یەکێک دەیگوت: ئەمڕۆ بەو گوێیانەی خۆم بیستم دەیانگوت وەزیری تەندروستیی ئێرانیش داوای کردوە هاتوچۆی هەموو فڕۆکە ئێرانییەکان بۆ چین بوەستێندرێ و هەتا ئەم پەتای کرۆنایە لایەکی بەلایەکدا دەکەوێ، کەس هاتوچۆی چین نەکا. هەر لە تەنیشت خۆیەوە یەکی دیکە گوتی کوڕە ئەوە دەڵێی چی؟ هەر ئەمڕۆ باڵیۆزی چین لەگەڵ بەڕێوەبەری کۆمپانیای فڕۆکەوانیی ماهان کۆ بۆوە و گوتی ئەم کۆمپانیایە هاتوچۆکانی بۆ چین ڕاناگرێ و هەر بەردەوام، دە... یەکی خرپنەی ڕیش ماشوبرنجی قسەکانی پێ بڕی، دووکەڵی سیغارەکەی بە بن سمێڵە ڕەش و سپی و قاوەییەکانیدا دەردایەوە و ئاخێکی تەوساویی هەڵکێشا و گوتی، دنیا هەتا سەر بە کەس نامێنێ. سەردەمێک ئەم فڕۆکانەی کۆمپانیای «ماهان» هەر پێیان دەکرا چەک و چۆڵ و جەماعەتی «فاتمیوون» و «زەینەبیوون» بەرەو شام و کەربەلا و نەجەف و یەمەن بگوازنەوە. دوای بڕانی عاجی حاجی قاسم، ماهانیش بە هەتیوی مایەوە و بۆ پڕکردنەوەی جێگەی نەوتی نەفرۆشراو خەریکە دەست دەزاری ڤایرۆسی کرۆناش ڕۆدەکا.

یەکێکی دیکە هەتا ئێستا بە بێدەنگی سەری لەوانی دیکە بادەدا و دیار نەبوو ئەوانی پێ نەزانە یان خۆی سەرودەر لە دۆخەکە دەرناکا، هەڵیدایە و گوتی: کوڕە فڕۆکەی چی و مڕۆکەی چی؟ ئەمڕۆ شتێکی زۆر سەیروسەمەرەتر ڕووی داوە. ئەمڕۆ هەواڵێک بڵاو بووەتەوە، هەتا ئێستا لە قامووسی ئەم چل ساڵەی دواییدا ڕووی نەداوە. ئەوە دەڵێن چی؟ گاڕانیان بە پانەوە بردوە، لەم نێوەدا دیارە گوێلکە بۆریش هەر نەماوە. لە ماوەی ئەم چل ساڵەدا هەر پارە و داهاتی ئێمەیان بەم فڕۆکانەی ماهان بەرەو وڵاتانی دەوروبەر گواستەوە. لەبیرتانە ساڵی ڕابردوو حەسەن نەسروڵڵا دەیگوت هەتا ئێران فلسێکی هەبێ دەیدا بە ئێمە؟ ئەمڕۆ پشتی حەسەن نەسروڵڵا و حەماس و مەماسیش شکا. ئەمڕۆ لەجیاتی پارە بۆ ئەوانە بەڕێ بکەن، لەم تارانەی خۆمان ٥٠٠ میلیۆن تمەنیان لەگەڵ هەندێک دۆلار لە نووسینگەی «مەجلیسی ئەعلای ئینقلابی ئیسلامیی عێراق» دزیوە. پاشان بۆ پووشبەسەر کردنی خستوویانەتە ملی کوڕێژگەیەکی ماڵوێران کە گوایە پارەی ژنگواستنەوەی نەبوە و بە ناچاری ئەم پارانەی دزیوە.

ئەم بۆچوونانەی دواییم لە زمان نوێژنەکەرانی بەساڵاچووی نوێژنەکەری ماندووی دامە و سێڕسکێنی بن دیواری مزگەوتێکەوە بیست. تێکەڵ بوون دەگەڵ مرۆڤەکانیش بۆ منی دارسمە هەر زیانی لێ دەکەوێتەوە. کە بەدەمیانەوە دەچم، لە دارسمینەکە دوور دەکەومەوە و بێهوودە شتی دیکە دەسمم.

# ڕێژیمی ئێران،
# لە چەکی نەوتەوە بۆ چەکی دژی نەوت



نەوید قادری

"بەهای دڵۆپێک نەوت بۆ نەتەوەکان، یەکسانە لەگەڵ دڵۆپێک خوێن." ئەمە وتەی کەسایەتیی سیاسیی ناوداری فەڕانسەوی، جۆرج کلێمانسۆیە. ئەم وتەیە، کاریگەری و پێگەی پڕبایەخی نەوت (زێڕی ڕەش) لە دارشتن و بەردەوامیی سیاسەتی وڵاتان دەردەخا. دەستپێکی سەدەی بیستەم کە هاوکات بوو لەگەڵ پێشڤاژۆی بەکارهێنانی زێدەتری نەوت، بووە هۆی ئەوەی نەوت نەتەنیا وەک بەرهەمێکی ئابووری، بەڵکوو وەک بەرهەمێکی ئابووریی خاوەن ڕەهەندی سیاسی سەیر بکرێ. بە پێی داتاکانیماڵپەڕی جیهانیی وزە (World-energy) لە ساڵی ٢٠١٦، ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە ڕێژەی ٤٨.٩٪ی سەرچاوەی سەلمێندراوی نەوتی جیهان، یەکێکە لە گرنگترین ناوچەکانی جیهان لە ڕوی ژێئۆئێکۆنۆمی و هەروەها ژێئۆپۆلیتیکەوە.

ڕێکەوتی ١٧ی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٧٣، وڵاتانی عەرەبی بەرهەمهێنەری نەوت بەشداری کۆنفڕانسێکی ڕێکخراوی ئۆپێک (OPEC) بوون کە لە کوەیت بەڕێوە دەچوو و ئەنجامەکەشی، دەرکردنی بڕیارێکی سیاسیی گرینگ بۆ سزادانی ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپایی، بە هۆی پشتیوانیی ئەو وڵاتانە لە ئیسرائیل بۆ گەیشتن بە ئامانجە نیشتمانییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین بوو. لە ڕاستیدا، ئەو وڵاتانە (وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت) دەیانهەویست بەستراوەیی وڵاتانی پیشەسازی بە نەوت وەکوو هەلێک بەکار بێنن و هەوڵ بدەن لە ڕێگای کەمکردنەوەی ڕێژەی وەبەرهێنانی نەوت، گوشار بخەنە سەر وڵاتانی ڕۆژاوایی و ئەو وڵاتانە لە سیاسەتی پشتیوانیکردن لە ئیسرائیل پاشگەز بکەنەوە. هاوکات وڵاتانی عەرەبی دەیانهەویست بەو بڕیارە و بە شێوەی ناڕاستەوخۆ، ئیسرائیل ناچار بکەن کە لەو ناوچانەی کە لە شەڕی ٦ ڕۆژەی ساڵی ١٩٦٧ دەستی بەسەردا گرتبوون (بیابانی سینا، بەرزاییەکانی گۆلان) پاشەکشە بکا و، هاوکات سەربەخۆیی فەلەستین بە فەرمی بناسێ.

ئەو بڕیارە سیاسییە هاوکات بوو لەگەڵ شەڕی یۆم کیپوور (Yom Kippur) -جەژنێکی گرینگی جووەکان- کە تیایدا بۆ یەکەمین جار بڕیاری بەکارهێنانی نەوت وەک چەک و بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسیی دیاریکراو درا. لە ڕاستیدا، لایەنی عەرەبی شەڕەکە پێیوابوو کە دەتوانێ لە نەوت بۆ بەرەوپێش بردنی بەرژەوەندییە سیاسییەکان کەلک وەربگرێ. هاوکات، لایەنە بەشداربووەکان لە کۆنفڕانسەکە لەسەر دابەزاندنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بەم شێوەیە ڕێک کەوتن؛ "هەر یەک لەو وڵاتانە پێویستە مانگانە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی بە ڕێژەیەک کە نابێ لە ٥٪ کەمتر بێ، دادەبەزێنن." بەم شێوەیە و تەنیا چەند مانگ دوای شەڕی یۆم کیپوور، بەهای نەوت تا ٤٠٠٪ بەرز بووە. ئەو دابەزینەی ڕێژەی نەوت لە بازاڕەکان و هاوکات بەرزبوونەوەی بەهاکەی وەک یەکەم شۆکی نەوتی هەژمار دەکرێ. هەڵبەت لە شەڕی ٦ ڕۆژەشدا کە لە ١٩٦٧ و لە نێوان ئیسرائیل و چەند وڵاتی عەرەبیدا ڕووی دا، گەمارۆی نەوتی خرابووە سەر وڵاتانی پشتیوانی ئیسرائیل، لەو شەڕەشدا نەوت وەک چەک بەکار هاتبوو بەڵام بە چەند هۆکار ئەو گوشارانە نەگەیشتبوونە ئەو ڕادەیەی کە بازاڕی جیهانیی نەوت تووشی شۆکێکی مەزن بکەن.

مەبەست لە شۆکی نەوتی لێرەدا، هەر چەشنە گۆڕانکارییەکی لەناکاوە کە دەبێتە هۆی دابەزین یانژی هەڵکشانی بەرچاوی نرخی نەوت. بێنیامین سمیت (Benjamin Smith)، یەکێک لە زانایانی بواری نەوت و سیاسەت، چۆنیەتیی کاریگەریی نەوت لە پانتایی سیاسەت بەم شێوەیە تیئۆریزە دەکا: ١) نەوت سامانێکی سیاسییە لەدەست دەسەڵاتداراندا، نەک فاکتۆرێکی پێکهاتەیی کە بە ئاراستەی جۆراوجۆردا جووڵە بە تاکەکان بکات. ٢) کەڵکوەرگرتن لە نەوت و کاریگەرییەکانی لە ئاستی سیاسەتی نێوخۆیی، تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەست بە دۆخێکە کە تیایدا نەوت دێتە نێو ئابووریی سیاسیی نێوخۆییەوە.

بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی ئۆپێک لە ساڵی ٢٠١٩، ئێران خاوەن ١٥٥ میلیارد بەرمیل نەوتی سەلمێندراوە و بەم شێوەیە لە نێوان وڵاتانی خاوەن نەوت و لە پاش ڤێنێزوێلا، عەرەبستان و کانادا لە ڕیزی چوارەمدایە. بەڵام ئەوەی کە تەنیا بوونی نەوت لە وڵاتێک دەتوانێ ببێتە هۆی بەختەوەری و تەناهی بۆ ئەو وڵاتە، پرسیارێکە کە بۆ وڵامدانەوەکەی، پێویستە سەرەڕای نەوت، کۆمەڵێک فاکتۆری نێوخۆیی (دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی)، ناوچەیی و نێونەتەوەییش ڕەچاو بکرێ. بە شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران نەتەنیا هیچ گۆڕاناکارییەکی ئەوتۆ لە دۆخی کۆمەڵانی خەڵکیدا نەکرا، بەڵکوو ئەوەی ڕووی دا زۆرتر جێگۆڕکێی دیکتاتۆرەکان بوو. لە ڕاستیدا شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران بوو بە هۆی هاتنە سەرکاری دەسەڵاتێکی ئایینیی ڕادیکاڵ کە بە کەلکوەرگرتن لە کۆمەڵێک چەمکی وەک: "خەبات بەدژی ئیمپێریالیزم"، "پشتیوانی لە ستەملێکراوانی جیهان" و "هەناردەکردنی شۆڕش" هەر لە سەرەتاوە چاوی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بوو، ئەوەش دەیتوانی لە بواری تەناهی و وزەوە ببێتە هۆی ژانەسەرێکی نوێ بۆ وڵاتانی ڕۆژاوایی.

بەم شێوەیە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، بوو بە هۆی دووهەمین شۆکی نەوتی لە بازاڕی نەوت. شۆکێک کە بە شێوەیەکی بەرچاو بوو بە هۆی بەرزبوونەوەی بەهای نەوت و هاوکات دەستڕۆیشتوویی ڕێژیمێکی تیئۆکرات کە تازە حوکمی ئەو وڵاتەی بەدەستەوە گرتبوو و خەونی گەورەی بۆ داهاتووی ناوچەکە و تەنانەت جیهانیش هەبوو. مانگرتنی کارمەندانی کەرتی نەوت و پاشان ڕاپەڕین، بوونە هۆی پچڕانی هەناردەکردنی نەوت و کەمبوونەوەی بەرچاوی ڕێژەی نەوت لە بازاڕەکان کە نرخی نەوتی بۆ ٤٠ دۆلار بەرز کردەوە.

شایانی باسە کە ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران لە ساڵی ١٩٧٧ ڕۆژانە ٥ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار بەرمیل بوو کە لەو ژمارەیە ٥ میلیۆنی هەناردە دەکرا. لەو سەردەمەدا ئێران بەشێکی زۆری ئەو پارە زەبەلاحەی کە لە ڕێگای هەناردەکردنی نەوت دەستی دەکەوت دەدا بە چەک، بە چەشنێک کە پێشکەوتووترین ئەو چەکانەی کە ئەوکات لە ئەمریکا بەرهەم دەهاتن، لە لایەن دیکتاتۆریی ئەوکاتی ئێرانەوە داوا دەکران و هەر ئەو داواکارییەی ئێرانیش ببوو بە هۆکاری ناکۆکی لە نێوان کۆشکی سپی و وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا. وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئەمریکا، کیسینجێر، لەگەڵ فرۆشتنی چەکی پێشکەوتوو بە ئێران بوو بەڵام وەزارەتی بەرگری، پڕچەککردنی دیکتاتۆریی ئێرانی بە کارێکی مەترسیدار دەزانی.

شارەزایانی بواری ئابووریی سیاسی، باج (Tax) بە یەکێک لە پێناسەکانی دێموکراسی و پردی پێوەندی لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە دەزانن. بەو واتایەی کە دەوڵەت، بە هۆی بەستراوەیی بە کۆمەڵگە و بۆ درێژەدان بە ژیانی سیاسیی خۆی پێویستە هەردەم گوێڕایەڵی خواستەکانی کۆمەڵگە بێ. بەڵام لە دەوڵەتانی ڕانتیدا، بەو هۆیەی کە سەرچاوەی داهاتەکانی دەوڵەت، نەک کۆمەڵگە بەڵکوو ژێرزەوییە، دەسەڵاتداران هیچ زەروورەتێک بۆ ئاوڕدانەوە لە کۆمەڵگە و گوێڕایەڵی بۆ خواستەکانی کۆمەڵگە نابینن و داهاتی نەوت بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە نێوان کەسانی دەوروبەری خۆیان دابەش دەکەن کە ئەوەش دەبێتە هۆی چێبوونی پێوەندییەکی نایەکسان و هەڵبەت "پشتیوانخوازانی" (Clien-telism) لە نێوان نوخبەی سیاسیی خاوەن دەسەڵات و کەسانی دەوروبەر. بە واتایەکی تر، لەو جۆرە سیستمە سیاسییانەدا سەرچاوەی شەرعییەت نەک خەڵک، بەڵکوو ژێرزەوییە. ئەو جۆرە پێوەندییە لە سەردەمی دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەوی، خۆی لە بازنەی ئەو بنەماڵەیەدا دەبینییەوە و پاش هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامیش، لە بازنەی پێوەندی لەگەڵ سپای پاسداراندا دەبینرێ.

بەڵام ڕەنگە پرسیار بکرێ ئەو باسە چ پێوەندییەکی بە چەکی نەوت و شۆکی نەوتییەوە هەیە؟ وڵامی ئەو پرسیارە ئەوەیە کە ڕێژیمی ئیسلامی لە ئێران لە سەرەتای هەتنە سەرکارییەوە زیاتر لە ١٢٠٠ میلیارد دۆلاری لە داهاتی نەوت دەست کەوتووە. ئێران تەنیا لە دەورانی سەرۆککۆماریی مەحموود ئەحمەدینژاددا زیاتر لە ٧٠٠ میلیارد دۆلار داهاتی نەوتیی هەبووە! کە واتە، لە ئاستەکانی نێوخۆیی، ناوچەیی و نێونەتەوەییش دەوڵەتی ئێران پشتبەستوو بەو داهاتە زۆرەی نەوت، چ لە بواری ئابووری و چ لە بواری سیاسی و دیپلۆماسیش بۆ کاریگەری دانان لەسەر هاوکێشە سیاسییەکان خاوەن کارتی بەهێز بووە و، زۆرجار نەوتی وەک چەک بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکانی بەکار هێناوە. ئەگەر بەستراوەیی وڵاتانی پیشەسازیش بە سەرچاوەکانی وزەی پێوە زیاد بکەین، ڕادەی ئەو کاریگەرییەمان باشتر بۆ دەردەکەوێ. بەڵام لە دۆخی ئێستادا کە داهاتی نەوتی ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە، هەوڵ دەدا تا لە ڕێگەی ڕاستەوخۆ (گەرووی هورموز) و ناڕاستەوخۆ (پراکسییەکانی سەربە ئێران لە عێراق، یەمەن و هتد) تەناهیی هەناردەکردنی وزە بکاتە ئامانج. لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتەدا و لە ڕێکەوتی ١٤ی سێپتامبری ٢٠١٩ هێرشێکی بەربڵاو کرایە سەر کێڵگە نەوتییەکانی عەرەبستانی سعوودی کە بەو هۆیەوە وەبەرهێنانی نەوتی ئەو وڵاتە ڕۆژانە ٥ میلیۆن و ٧٠٠ بەرمیل دابەزینی بە خۆوە بینی، کە دەکاتە ٥٪ی کۆبەرهەمی ڕۆژانەی نەوتی جیهان.

بەم شێوەیە، ئەو هێرشانە بوو بە هۆی ڕوودانی نوێترین و هەڵبەت مەزنترین شۆک لە بازارەکانی جیهانیی نەوت و بەهای بەرمیلێک نەوتی بۆ ٨٠ دۆلار بەرز کردەوە. ئەو شۆکە پاش هێرشی هاوکاتی چەندین درۆن و هاژەکی کرووز بۆسەر یەکێک لە گەورەترین پاڵاوگەکانی نەوتی جیهان، واتە پاڵاوگەی بەعقیق لە عەرەبستانی سعوودی ڕووی دا. شایانی باسە کە ئەو هێرشانە لە کاتێکدا کرایە سەر ژێرخانی نەوتیی عەرەبستانی سعوودی، کە ئەو وڵاتە بە ڕێژەی ٩ میلیۆن و ٨٣٠ هەزار بەرمیل بەرهەمی ڕۆژانە، پاش ئەمریکا (١٢ میلیۆن و ٤٠٠ هەزار) و ڕووسیە (١١ میلیۆن ١٦٤ هەزار)، سێهەم وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوتە لە جیهاندا. هەڵبەت ئەوەیکە سەرجەم کێڵگە نەوتییەکانی عەرەبستان لە یەک شوێنن (ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە) کە ناوچەیەکی شیعەنشینە، ڕێگای هێرشی بۆسەر ئەو کێڵگانە بە بەراورد لەگەڵ ئەمریکا و ڕووسیە ئاسانتر کردۆتەوە. شایانی باسە کە عەرەبستانی سعوودی خاوەنی سێهەم سیستمی بەرگریی هاژەکیی پێشکەوتووی جیهانە! بە سەرنجدان بە لێدوانی فەرماندەکانی سپای پاسدارانی ئێران لەپاش گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا بۆ سەر کەرتی نەوت و ئابووریی ئەم وڵاتە، بەردەوام هەڕەشەی ئەوەیان کردوە کە "ئەگەر نەوتی ئێمە نەفرۆشرێ، ڕێگە نادەین نەوتی ئەوانی تریش بفرۆشرێ"، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئەو هەڕەشانە و هێرشی سەر کێڵگە نەوتییەکانی عەرەبستان هەیە. ئەگەرچی حوسییەکانی یەمەن بەرپرسیارەتیی خۆیان بۆ ئەو هێرشانە ڕاگەیاندوە، بەڵام بۆ هەموو لایەک ڕوونە کە ئەو ئەوان هەرگیز لەڕووی سەربازییەوە خاوەن ئەو تێکنۆلۆژی و زانستە نین کە بتوانن هێرشێکی لەم چەشنە ڕێک بخەن.

لە دۆخی ئێستادا و لەژێر کاریگەریی گەمارۆکانی ئەمریکا، ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێرانی بۆ ڕۆژانە ٢ میلیۆن بەرمیل دابەزیوە کە لەو ڕێژەیەش - بەهۆی بەکارهێنانی نێوخۆیی - تەنیا ٣٠٠ هەزاری هەناردە دەکرێ. ئەو ڕێژەیە بەر لە گەمارۆکان ٣ میلیۆن و ٦٠٠ هەزار بەرمیل بوو. بەو هۆیەی کە داهاتی نەوت بە دۆلار دەخرێتە حیسابی وڵاتانەوە، بە نەمانی سەرچاوەی داهاتەکە، دۆلاریش لە بازاڕ و هاوکات لە دەست دەوڵەتدا نامێنێ و ئەوەش دەبێتە هۆی هەڵاوسان و تەنانەت دارمانی ئابووری و هاوکات لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیش، دەستی ڕێژیم بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکانی کورت دەکاتەوە. بەگشتی، بەشێک لە هۆکار و سەرچاوەی سیاسەتی گورز وەشاندن لە هێڵی هەناردەکردنی وزە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕێژیمی ئێران هەر لە سەرەتاوە و بە هۆی چەمکی "هەناردەکردنی شۆڕش" لە لایەک و، لاوازیی تێکنۆلۆژیک بە نیسبەت ئەمریکا و ئیسرائیل وەک دوژمنانی سەرەکی لە بەڕێوەبردنی شەڕێکی کلاسیک، دەستی کرد بە بەڕێوەبردنی شەڕی بە وەکالەت و دامەزراندن و ڕاهێنانی هێزی پراکسی لە ئاستی ناوچەکە. ئەو هێزە پراکسییانە لە دۆخی ئێستادا و بە لەبەرچاو گرتنی توانای سەربازیی باڵای دژبەرانی ئێران لە ئاستی ناوچەکەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن و ئەجێندای ئەو وڵاتە بە تەواوی جێبەجێ دەکەن. لە کۆتاییدا، هێرشی سەر سەرچاوە نەوتییەکانی عەرەبستانیش نیشانی دا کە لە ئەگەری قووڵتر بوونی ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە، ڕێژیمی ئێران نەتەنیا لە خاکی خۆیەوە، بەڵکوو لە وڵاتانی تری ناوچەکەشەوە دەتوانێ بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژاوایی بکاتە ئامانج و لە نەبوونی چەکی نەوت، ئەمجار ڕووی چەکەکانی لە نەوت بێ.

***



# مارالاگۆ،
# کۆتایی قووڵایی ستراتێژیکی کۆماری ئیسلامی


ناسر باباخانی

**خوێندنەوەیەک بۆ جۆری پێوەندیی خامنەیی و قاسم سولەیمانی**

لە یەک ڕستەدا دەکرێ بڵێین دووانەی "ئاخوند-پاسدار" لەسەر درۆ و بەلاڕێدا بردنی کۆمەڵگەی ئێران لە ڕێی شیعەگەرییەوە و دواجار بە زەبری چەک و زۆرەملی، لە ڕێگەی پاسدارەکانی ئەم سیستەمەوە دامەزراوە. ئەمە تا هەنووکەش سەرەکیترین ستراتێژیی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕاگرتن و پاراستنی ئەم دەسەڵاتە، چ لە ئاستی نێوخۆیی و چ لە ئاستی دەرەوە بووە. بۆ وێنە ئەرکی سپای قودس، بە تایبەتی لە سەردەمی سەرۆکایەتیی قاسم سولەیمانی ڕێک بۆ ئەم مەبەستە داڕێژرابوو!

**کوشتنی سولەیمانی تەنیا کوشتنی پاسدارێک نەبوو کە جێگاکەی بە یەکی تر پڕ بکرێتەوە، کوشتنی سولەیمانی بە سوخرەگرتنی هێما و سەمبولی دەسەڵات و هێزی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا بوو و بۆ هەموو کەس سەلمێندرا کە سولەیمانی سووپێرمەن نییە. دەرکردنی فەرمانی کوشتنی قاسم سولەیمانی لە هاوینەهەواری مارالاگۆ، کۆتایی قووڵایی ستراتێژیکی کۆماری ئیسلامی بوو**

بەلاڕێدا چوونی شۆڕشی گەلانی ئێران، ئەم هەلەی بۆ ئاخوندەکان ڕەخساند سواری لووتکەی شۆڕش بن و بۆ گەیشتن بە ڕۆخی دەسەڵات، چینێکی گەنجی هەژاری نەخوێندەوار بکەن بە سەوڵی لووتکەکەیان. چینێکی پەراوێزخراوی بێدەرەتان، کە بە نیسبەت حکوومەتی پاشایەتی پڕ بوون لە گرێوگۆڵی دەروونی. ئاخوندەکان زۆر باش دەیانزانی ئەم ڕق و کینە پەنگخواردووە تەنیا و تەنیا بە کوشتن و قەتڵوبڕی دیتران دادەمرکێ و ئەوانیش بە ناوی خوا و ئیسلامەوە ئەوەی خواستی دڵیان بوو، پێیان کردن. بۆیە هەر لە سەرەتاوە ئەم پاسدارانە کە زۆربەی هەرە زۆریان تەمەنیان لە نێوان ٢٠ بۆ ٢٥ ساڵ لانکەی دەکرد، بەرپرسایەتیی زۆر گەورەیان دەدرێتێ، ئەوان بەتەواوی گۆشکراوی ئاخوندی شیعە و ڕێبازەکەی بوون و تا ئێستاش کە لە ساڵانی ٦٠ی ژیانیاندان، وەفادارن بە ڕێچکە و ئیدئۆلۆژیی شیعی و لە ڕاستیدا ئەوانن کە پارێزەری ڕێژیمن وەک پاسدار.

لێرەدا چەمکێکی هانا ئارێنتی دەتوانێ هۆکاری گوێ لەمستیی پاسدار بۆ ئاخوند، دەربخا. ئەویش ئەمەیە کە لە ڕاستیدا پاسدار "مەئموور"ی بەڕێوەبردنی ئەمری ئاخوندە، ئەو ئاخوندەی کە وادەی بەهەشتی پێداوە و تەنانەت کلیلەکەشی خستۆتە ملی، بۆ ئەوەی لەبەر دەرگای بەهەشت ماتڵ نەبێ! شینگێڕیی خامنەیی بۆ سولەیمانی ڕێک سەلمێنەری ئەم بۆچوونەیە. لەم ڕوانگەوە پاسدارەکان وەک مەئمووری خودا لە سەر عەرز، بۆ بەجێ هێنانی ڕاسپاردەی نوێنەری خودا بە وڵاتدا وەردەبن و لە ئەنجامی هیچ جەنایەتێک خۆ نابوێرن، جەنایەتێک کە لە باری شەرعییەوە ئیزن پێدراوە و ئاخوند فتوای لەسەر داوە، بێگومان تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات ڕوونترین نموونەی لەم چەشنە جەنایەتانەیە.

**شکاندنی پۆرتێک، گەڕاندنەوەی شکۆیەک**

تا بەر لە کوشتنی سولەیمانی، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا تا ڕادەیەکی زۆر سیمای گەورەترین زلهێزی جیهانی پێوە دیار نەمابوو، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بە تایبەتیتر لە بارەی کێشەکانی جوغرافیایەک بە ناوی هیلالی شیعی، ناوچەیەک کە دەکرێ بڵێین ئەمریکا بەتەواوی مەیدانی بۆ کۆماری ئیسلامی چۆل کردبوو، نموونەی دوایی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژاوا. بەڵام لەگەڵ ئەو مەیدان چۆڵکردنەی ئەمریکا، کۆماری ئیسلامی هەڵەیەکی گەورەی کرد کە ڕەنگە خوێندنەوە و هەڵەی زۆربەی شرۆڤەکارانی سیاسیش بووبێ، کە ئەویش بریتی لەمە بوو کە پێشبینیی کەسایەتیی تێکچندراوی ترامپی بۆ هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە ڕەچاو نەکردبوو. کارەکتێرێکی تێکچندراو کە هەندێ جار لێدوانەکانی ئەوەندە پارادۆکسیکالە کە جاری وایە لە ماوەی کەمتر لە کاتژمێرێکدا دۆستان و دوژمنانی تووشی سەرسووڕمان یان باشتر بڵێم سەرلێشێواویی دەکا!

ڕۆژنامەی لۆس‌ئانجلێس تایمز باس لەوە دەکا کاتێ ئەندامانی ئاسایشی نەتەوەیی واتە وەزیری بەرگری، وەزیری دەرەوە و سەرۆکی ئەرکانی سپای ئەمریکا چوون بۆ هاوینەهەواری مارالاگۆ لە ئەیالەتی فلۆریدا، پێشبینیی ئەوەیان نەدەکرد کە ترامپ فەرمانی کوشتنی سولەیمانی بدا.

ئەم فەرمانە کە ڕێک دوابەدوای هێرش بۆ سەر پایەگای کێی وان و کونسوولی ئەمریکا لە بەغدا دەرچوو ترامپ لە تویتێکدا کوتبووی: "ئێران بەرپرسی هێرشەکان و گیانە لەدەسچووەکانە و ئەوان دەبێ باجێکی زۆر قورس بدەن."!

ئەمە هۆشدار نەبوو بەڵکوو هەڕەشەیەکی جیدی بوو، ئەو باجە گەورەی کە ترامپ باسی کرد کە دەبێ کۆماری ئیسلامی بیدا دیسان لە لایەن ئێرانییەکانەوە بەهەند وەرنەگیرا، چون لە ڕاستیدا ئەو کارانەی کۆماری ئیسلامی کردبووی لە ماوەی گرژبوونەوەی زیاتری پێوەندیی ئەمریکا و ئێراندا وەک؛ خستنەخوارەوەی درۆنی ئەمریکایی، هەڕەشە لە گەرووی هورموز، هێرش بۆ سەر چاڵە نەوتەکانی ئارامکۆی عەرەبستان، ڕاگرتنی گەمییە نەوتییەکان، شەڕی پڕاکسی و "نامتقارن" لە ناوچە و ... دژکردەوەیەکی جیدی و وڵامێکی ئەوتۆی لە لایەن ئەمریکاوە نەدرابۆوە. (تەنانەت وا باشە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا لە بارەی شەڕی پڕاکسی پێداچوونەوەمان هەبێ و باس لە "بەشداریی ئەکتیڤ" بکەین، چون لە ڕاستیدا قاسم سولەیمانی بە عالەم ئاشکرا خەریکی تەراتێن لە ناوچەدا بوو، وەبیر خۆمانی بێنینەوە کە لە پاش ڕیفراندۆمی باشوور چۆن وەپێش حەشدی شەعبی کەوتبوو بۆ داگیر کردنی کەرکووک!) بۆیە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەر بەم ڕەبەی پێشوویان پێوا و بەم شێوەیە خافڵگیر بوون.

چون ڕێک لە شەوی سەری ساڵی تازەدا، ترامپ کۆماری ئیسلامیی دڵنیا کردەوە کە ئەمریکا ئاشتی و ئارامیی دەوێ و ئێرانیش دەبێ زیاتر لە هەموو کەس خوازیاری سوڵح بێ! سەیر کە، لە ماوەی کەمتر لە سێ چوار ڕۆژ تویتە پڕ لە هەڕەشەکەی ترامپ و قسەکانی شەوی سەری ساڵ، ڕێک بەتەواوی دژبەیەکن و کۆماری ئیسلامی و خودی سولەیمانییان تووشی هەڵەیەکی ستراتێژیک کرد و دواجار بوو بە هۆی کوێر بوونی چاوی کۆماری ئیسلامی!

بۆیە ئەوەی کرا ڕێک لەنێوبردنی هێژمۆنیی کۆماری ئیسلامی و گەڕانەوەی سەرنجەکان بوو بۆ سەر ئەمریکا، کە دنیا ئەو ڕاستییە بزانێ کە نەزم و تەکوزی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەبێ ئەمریکا جێبەجێ نابێ! کوشتنی سولەیمانی تەنیا کوشتنی پاسدارێک نەبوو کە جێگاکەی بە یەکی تر پڕ بکرێتەوە، کوشتنی سولەیمانی بە سوخرەگرتنی هێما و سەمبولی دەسەڵات و هێزی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا بوو و بۆ هەموو کەس سەلمێندرا کە سولەیمانی سووپێرمەن نییە. دەرکردنی فەرمانی کوشتنی قاسم سولەیمانی لە هاوینەهەواری مارالاگۆ، کۆتایی قووڵایی ستراتێژیکی کۆماری ئیسلامی بوو.

**سولەیمانی "وجەالمصالحە"؟!**

سولەیمانی ئامرازی تایبەتی دەستی خامنەیی بوو، بەڵام ئەم ئامرازە چۆن دروست بوو؟ دەبوو ئەم ئامرازە ببێتە ئەم بوونەوەرە "ئەوپەڕمرۆڤ" (ابرانسان)ەی کە وەک ئارەشی کەوانداڕ سنوورەکانی شۆڕش (وڵات) بەرینتر دەکا و، وەک ڕۆستەمی داستان پارێزەری ئێرانە و وەک ئیمامی عەلی شمشێروەشێنە، بۆیە بە یارمەتیی میدیاکانی کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتی سیاسی، سولەیمانی بوو بە عارفێکی شیعە کە لە سەدەکانی ئێرانی باستانەوە هاتبوو بۆ پاراستنی گیان و ماڵی خەڵکی ئێران. سەیر کە، چەمکەکانی نەتەوەی سەردەست، وەک ئایینزای شیعە و زمانی فارسی لەم ئامرازەدا کۆ دەبنەوە!

ئەم نازناوانە: شەهیدی زیندوو، تەنیا چەکداری خاوەن نیشانی زولفەقار، سەرداری عارف، مالکی ئەشتەر، ژێنراڵی تارمایی و ... هەر هەمووی بۆ شوێنەونکەی ئەم جینایاتانە بوون کە لەسەر دەستی ئەو لە ناوچە و تەنانەت لە نێوخۆدا دەکران!

بەڵام ئەم سەمبولسازییە تا ڕادەیەک گرتی و هەر ئێستا بەشێک لە کۆمەڵگەی ئێرانی بۆ لای خۆی پەلکێش کردوە، تەنانەت لەنێو ئۆپۆزیسیۆنیشدا -بەدیاریی فاشیستەکان- وەک بەشێک لە پاشاییخوازەکان و کۆماریخوازەکان و چەپەکان و هەندێ سێلێبریتی بوون بە شەیدای سولەیمانیی پارێزەری خاکی ئێران!

وێناچێ قاسم سولەیمانی لەباری سیاسییەوە شتێکی ئەوتۆی لەباراندا بووبێ، مەگەر وەک خومەینی پاش لە مەرگی بیکەن بە شاعێر و دیوانی شێعری بۆ دروست کەن، خومەینییەک کە لە ئاخاڤتنی ئاساییشدا گرفتی هەبوو! دیارە بەپێی ئەم گرتەڤیدیۆییانەی لە سولەیمانی بڵاو بۆتەوە لێوڕێژە لە هیچ! بەڵام دەسەڵاتێکی بێسنوور و ڕەهای مادی و چەکداریی هەبوو و بە کردەوە وەک دووهەم کەسی کۆماری ئیسلامیی پاش خامنەیی سەیر دەکرا.

دیارە ئەو وەک فەرماندەی سپای قودس بە زەبری پارەی نەوت و، هاندانی هەستی ئایینزای شیعی لە ناوچە بوو بە مەترسیدارترین کەسایەتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بە دەیان کردەوەی تێرۆریستی لە ناوچەدا بەڕێوە برد و هۆکاری سەرەکیی ناسەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕێک بۆخۆی بوو. لێدوانەکانی تارق هاشمی، جێگری پێشووی سەرکۆماری عێراق لەسەر دەوری نەرێنیی قاسم سولەیمانی بۆ دروستکردنی شەڕی ئایینزایی و تائیفی و دەستێوەردان لە کاروباری عێراق، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن کە هۆکاری سەرەکیی جەنایەتەکانی ناوچە، سولەیمانی بوو! چیرۆکی پەلهاوێژی بۆ ئورووپا و ئەمریکای لاتینیش ڕێک لەسەر بنەمای حاتەمبەخشیی پارەی خەڵکی ئێران دەکرێ خوێندنەوەی بۆ بکەی.

بەڵام خامنەیی سوورسوور دەیزانی سولەیمانی بە مردنی سروشتی نامرێ و بە قسەی خۆی "شەهید" دەبێ، بۆیە ڕاستەوخۆ ئارەزووی شەهید بوونی بۆ دەکا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەڵێ: "هەڵبەت جارێ نا"! خامنەیی کە بە زەبری پارە و چەک سیمایەکی تایبەتی لە سولەیمانی دروست دەکا، دەزانێ کە درەنگ و زوو بە پێی ئەم کارانەی ئەو دەیکا تیری ئەجەل دەیپێکێ (دەیان دوژمنی ورد و درشتی لە ناوچەدا هەبوو) و بۆیە هەر لە سەرەتای ئەم هێماسازییەوە، کوژران و قۆناغی پاش کوژرانی ئەو، سێناریۆسازیی بۆ کراوە. تۆ بڵێی بۆ ئەوەی دواجار ببێتە "وجەالمصالحە" لەگەڵ دژبەرانی کۆماری ئیسلامی؟ چون ئیتر بۆ هەمووان دەرکەتوە کە کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆی مل بۆ هەموو شتێک کەچ دەکا، تەنانەت قوربانی کردنی قاسم سولەیمانی!

**جووتشەشی سولەیمانی – بەغدادی**

دێڤید پێترایۆس، بەرپرسی پێشووی CIA و فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقی پاش ڕووخانی ڕێژیمی بەعس، پێی وایە کوشتنی سولەیمانی لە کوشتنی بین‌لادین و کوشتنی ئەبووبەکر بەغدادی گرینگترە! دیارە پێترایۆس ڕاست دەکا چون لەم دۆخەی ترامپ تێیدا بوو واتە گوشارەکان بۆ لێپرسینەوە (Impeachment) توانی تا ڕادەیەک پشوویەکی بێتەوە بەر و تەنانەت بە شێوەیەکی ڕێژەیی دێموکراتە ناڕازییەکانیش بە خشکەش بێ لەگەڵ خۆی هاودەنگ کا، هەرچەند ئەوان لەبەر کێبەرکێی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی 2020 هەر خێسەی لێدەکەن! بەڵام بەگشتی کۆنگرێس و سێنا، ڕایان وایە کە جیهان بەبێ قاسم سولەیمانی دنیایەکی ئەمن و ئارامترە و نەمانی سولەیمانی بە فاکتۆرێکی گرینگی ئەمنی بۆ ئەمریکا وەسف دەکەن.

ڕاستی ئەوەیە کە پاش کوشتنی بەغدادی و شوبهاندنی ئەو وەک "سەگ" لە لایەن دۆناڵد ترامپەوە، هەڵوێستەکان زۆر لاوازتر بوو بە نیسبەت کوشتنی سولەیمانی، تەنانەت ترامپ کەوتە بەر ڕەخنەش کە بۆ بەغدادیی بە سەگ شوبهاندوە؟!

بەڵام بۆ سولەیمانی لە بەغدادی گرینگتر و مەترسیدارتر بوو؟

ئەوەی ڕاستی بێ بەغدادی تێرۆریستێکی "بەڕەڵڵا" بوو، واتە هیچ وڵاتێک لانیکەم بە فەرمی پشتگیریی نەدەکرد و ماوەی خەلافەتە سنووردارەکەی زۆر درێژ نەبوو، بەڵام سولەیمانی وڵاتی خۆی هەبوو کە بە تەواوی هێزەوە پشتیوانی بوو، بە پارە و چەک و بە سیستەمی سیخوڕییەوە و لە هەمان کاتیشدا جوغرافیای هیلالی شیعی لەسەر بنەمای ئایینزای شیعە پشتگیریی لێدەکرد و، زیاتر لە دوو دەیە بوو کە لەم ناوچەیەدا تەراتێنی دەکرد، هەر لەبەر ئەم هۆکارانە دەکرێ بڵێین سولەیمانی زۆر گرینگتر و مەترسیدارتر بوو. بۆیە من پێم‌وایە ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا ترامپ براوە بێ، یەکێ لە هۆکارە سەرەکییەکان جووتشەشی سولەیمانی-بەغدادی دەبێ!

**لەگەڵ ئەو مەیدان چۆڵکردنەی ئەمریکا، کۆماری ئیسلامی هەڵەیەکی گەورەی کرد کە ڕەنگە خوێندنەوە و هەڵەی زۆربەی شرۆڤەکارانی سیاسیش بووبێ، کە ئەویش بریتی لەمە بوو کە پێشبینیی کەسایەتیی تێکچندراوی ترامپی بۆ هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە ڕەچاو نەکردبوو. کارەکتێرێکی تێکچندراو کە هەندێ جار لێدوانەکانی ئەوەندە پارادۆکسیکالە کە جاری وایە لە ماوەی کەمتر لە کاتژمێرێکدا دۆستان و دوژمنانی تووشی سەرسووڕمان یان باشتر بڵێم سەرلێشێواویی دەکا!**

**تراویلکەی هیلالی شیعی، دواخەونی قاسم سولەیمانی**

پێترایۆس دەڵێ: "جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری ئەو کاتی عێراق پەیامێکی قاسم سولەیمانی دامێ کە تێیدا هاتبوو: "ژێنڕاڵ پێترایۆس! من قاسم سولەیمانی، سیاسەتی ئێران لەسەر عێراق کۆنترۆڵ دەکەم و جگە لە عێراق، کۆنترۆڵی سیاسەتی ئێران لە سووریە، لوبنان، غەزە و ئەفغانستان لەستۆی منە." ئەو خاڵەی مەبەستی سولەیمانی بوو، ئەوە بوو کە تۆ دەبێ لەگەڵ من ڕێکەوتن بکەی و [...]"

ڕەنگە هەر ئەو فیز و ئیفادەیە، کە سولەیمانی خۆی بە سوڵتانی بێ‌تاج و تەختی ئەو ناوچانە دەزانی، بوو بە هۆی ئەوە کە سەری خۆی بە فەتەڕات بدا.

خامنەیی لەسەر بنەمای وەهمی دوژمن، دەیکوت و دەڵێ دوژمن چواردەوری تەنیوین و بۆیە دەبێ تا قووڵایی خاکی دراوسێکان و تەنانەت شوێنی دوورتریش کە دوژمنەکانمان لەوێندەرێن پەلهاوێژی بکەین، بۆ ئەوەی هەڕەشەکان لەسەر خۆمان لابەرین و ئەمە وەک قووڵایی ستراتێژیک وەسف دەکا، نەک دەستێوەردان و هەناردە کردنی شۆڕش! بۆیە بۆ ئەم مەبەستە شەڕی پڕاکسی (شەڕی جێگرەکان) لە ناوچەدا دروست دەکا و قاسم سولەیمانیش دەبێتە کەرەسەی کردەیی ئەم ستراتێژییە.

کۆماری ئیسلامی بە هۆی شەڕی پڕاکسی، لە هەمان کاتدا کە ویستوویەتی بازنەی نفووزی خۆی لەنێو وڵاتانی دەوروبەردا بەربڵاوتر بکا، ئاستی ئەمنیەتی خۆیشی لەسەر بنەمای بیردۆزیی پێشگیرانە بردۆتە سەرێ. بۆ ئەم مەبەستەش سوودی لە فاکتەری مەزهەبیی شیعە وەرگرتوە و جوغرافیای "هیلالی شیعی" وەک ژێئۆپۆلیتیکی شیعی کردوەتە مەیدانی تەراتێنی خۆی. ئەم هیلالە کە جەمسەرێکی لە لوبنانە و بەسەر سووریە، عێراق، کوەیت، بەحرەین، ئیمارات، قەتەر و ڕۆژهەڵاتی عەرەبستاندا خەرمانەی داوە، جەمسەرەکەی تری دەگاتەوە یەمەن. واتە پانتاییەکی جوغرافیی بەرین بە حەشیمەتێکی بەرچاوەوە. بە پێی ئەوەی کە گەورەترین سەرچاوەکانی وزەی دنیا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدایە، ئەم هیلالەش بەشێکی بەرچاو لەم سەرچاوانە لەخۆدەگرێ و دەورێکی گرینگی ژێئۆپۆلیتیکی هەیە، بۆ وڵاتێکی وەک ئێران زۆر ئاساییە کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خۆی لە حەوشەچۆڵی ئەم وڵاتانەدا ببینێتەوە و، ئاستی ئەمنیەتی خۆی لەمەڕ هەڕەشە دەرەکی و تەنانەت نێوخۆییەکانیشی بەرێتە سەر، بۆ ئەوەش کە بتوانێ شوێن پێی خۆی لەم وڵاتانەدا جێ بێڵێ، باشترین فاکتەر هاوتەریب کردنی ئەو وڵاتانە لەگەڵ خۆیەتی کە خەڵکی شیعە مەزهەبیان تێدا دەژی.

ئەوەی کە ئێستا لەسەر ئەرزی واقیع بەدی دەکرێ، ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی ئەو وڵاتانەی لەنێو هیلالی شیعیدان بووەتە هۆکاری تێکدانی ئاسایش و ئەمنیەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی ناوچەکە. لە ڕاستیدا ئەم ناسەقامگیرییە پێوەندییەکی ئەم-ئەوێتی لەگەڵ درێژەی تەمەنی ئەم دەوڵەتە هەیە و زۆر جاران لەم دۆخەی کە خۆی خولقێنەرێتی، وەک کارتی سیاسی لەگەڵ وڵاتانی ناوچە و تەنانەت زلهێزەکانی جیهان و لە سەرووی هەمووان ئەمریکا کەلکی لێوەرگرتووە. نموونە، بڕیاری پارلمانی عێراق بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا پاش کوشتنی سولەیمانی، ئەگەرچی ئەمەیان بۆ ناچێتە سەر.

جەختی ئێران لەسەر ئەم هیلالە وەک پشتێندێکی ئەمنی بۆ پاراستنی خۆی لە کورتماوەدا جوابی داوە، بەڵام بەم ئاڵوگۆڕانەی ناوچە و بە سەرنجدان بە دۆخی نالەباری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی نێوخۆیی، لە درێژماوەدا ئێران بە تەنیا دەمێنێتەوە. ئەو هیلالە شیعییەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە سەرکردایەتیی قاسم سولەیمانی بەدوویەوە بوو و بە فیز و لەخۆباییەوە بە پێترایۆسی کوت من پاشای ئەم هیلالەم، جگە لە تراویلکەیەک هیچی تر نەبوو!

***

## هەگبەی شاخ و شۆڕش

# تۆڵە بەسەبرە ئەمان بەزەبرە



برایم چووکەڵی

لاپەڕە زێڕینەکانی خەبات و تێکۆشانی پڕشکۆی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پڕاوپڕە لە ئازایەتیی ڕۆڵە گیانبازەکانی ئەم گەلە لەپێناو ڕزگاریی نەتەوەکەیاندا. لەم ژمارەیەی «کوردستان» و گۆشەی «هەگبەی شاخ و شۆڕش» لاپەڕەیەک لە ناوچەی سەقز هەڵدەدەینەوە.

سەرەتای مانگی خەرمانانی ساڵی ٦٣ی هەتاوی، دەستەیەک لە کادر و پێشمەرگەی کومیتەی شارستانی سەقز لە نزیک شار خەریکی بەڕێوەبردنی کاری حیزبی بوون کە لەپڕ لای ئێواریێ ڕێژیم هەستیان پێدەکا و لە خوار ئاوایی «ئایچی» شەڕێکی سەخت ڕوو دەدا و زوو پاشەکشە بە هێزی ڕێژیم دەکەن. ئەگەرچی ڕێژیم شکستی خوارد بەڵام کادری بەتوانا و ڕووناکبیری ناوچەی سەقز «خالید زەکی»، خۆشەویستی خەڵکی ناوچەی سەقز بریندار دەبێ و پاش چەند سەعات بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ شەهید دەبێ.

هاوسەنگەرانی کە بۆ لەدەستدانی کوڕی چالاک و تێکۆشەری وەک زالید زەکی بەداخ بوون، بڕیاریان دا لە شوێنی بریندار بوونی شەهید خالید چالاکییەک -کە یەکێک لە دەیان سەروەری و شانازیی هێزی شەهید عەزیز یووسفی کە لە ناوچەی خولقاندی- بەڕێوە ببەن. بۆ ئەم مەبەستە فەرماندەرانی پێشمەرگە لە کۆبوونەوەیەک بڕیاری کۆتاییان دا.

بۆ ئامانجی دیاریکراو لکی یەک و سێ و ئەرکانی هێز، ناوچەی گەورک و جادەی سەقز_بانە کۆنترۆڵ دەکەن. لکی دوو لە ناوچەی سەرشیو لە دەوروبەری ئاوایی «کەسنەزان» و «سماقلوو» مانەوە و چاوەڕێی فەرماندەکانیان بوون.

پێشمەرگەی خاراوی مەیدانی خەبات لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا لە مەیدانی شەڕدا ئەزموونێکی زۆریان کۆ کردبۆوە، خەڵکی گوندەکانی «قەبەغلوو»، «هێجانان»، «قشڵاخەکان»، «کۆننەلان»، «مەرخوز» و «ئاخکەند» بە بینینی ئەم هەموو پێشمەرگە ڕێکوپێکە دڵخۆش ببوون و پێشوازییان لێ دەکردن، چەند ڕۆژ لەو گوندانە پشوویان دا و کۆبوونەوە بۆ خەڵک گیرا.

تیمی شناسایی بۆ دوو ڕۆژ لە پشتی «ئایچی» و «عەلیاوە» مایەوە و ڕێگای بانەی خستە ژێر چاودێری و شوێنی دیدەبان و تەئمینی جادەی و کاتەکانی هاتوچۆ و هەموو جموجۆڵێکی دوژمن شناسایی کرا. هەرچەند خەڵک هەستیان بەوە کردبوو کە عەمەلیاتی گەورە لەڕێدایە، بەڵام تەنیا فەرماندەکان دەیانزانی کە چ گەلاڵەیەکیان بەدەستەوەیە هەر لەو کاتەشدا بە پێشمەرگەکان هەواڵ گەیشت کە ڕێژیم زانیویەتی هێزی پێشمەرگە لەدەوری شاری سەقز لە جووڵەدایە و هێزەکانی خستووەتە ئامادەباشەوە.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە کاتی خۆی دەسبەکار بوون و زۆر بەنهێنی خۆیان گەیاندە بەرزاییەکانی پشتی «ئایچی»، «عەلیاوە»، «قشڵاخ» و بەرامبەر «تەمۆغە» و تاکوو لای نیوەڕۆ لەوێ مانەوە.

دوانیوەڕۆ تیمەکان بەپێی گەڵاڵە دابەش کران و هەر تیمێک بەرەو شوێنی خۆی وەڕێ کەوت.

تیمێک بە فەرماندەیی شەهید «ئەحمەد تەمۆغەیی» بۆ سەر ڕێگای سەقز_بانە لەنێوان «قشلاخ» و «تەمۆغە» کە زۆر شارەزای ئەو بەشە بوو، جێگیر بوون.

تیمێکی دیکە بە فەرماندەیی شەهید «ڕەحمەت دەستامووز» و «ئەحمەد وەکیلی» بۆ پشت «عەلیاوە» لەسەر ڕێگای ئەسڵیی سەقز-بانە.

هەروەها کۆمەڵێک کوڕی شەڕکەر و لێوەشاوە، ژمارەیەک پێشمەرگەی کارامە لە پێش ئاوایی «ئایچی» لە پێنج کیلومێتریی پادگان، کە شوێنی سەرەکیی تۆڵەکردنەوە بوو، ئامادە بوون.

تەواوی تیمەکان لە کاتی خۆیدا گەیشتنە شوێنی مەبەست و دیاریکراوەکان لە نزیک ڕێگای ئەسڵیی سەقز بۆ بانە، چەند دەستە لەنێو گوندی «ئایچی» کە هەموو کات نموونەی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری بوون، بە دیتنی پێشمەرگەکان بەپیریانەوە هاتن و، باسی شەهیدبوونی «خالید» و ئازایەتییەکانیان دەکرد.

کاتژمێر ٤ی دوانیوەڕۆ سەرەتاکانی مانگی خەرمانان، بە پێی بەرنامە یەکەم تیم بە فەرماندەریی شەهید «ئەحمەد تەمۆغەیی» لە نزیک قشڵاخ هێرشیان کردە سەر تەئمین و دیدەبانەکان و هاوکات ماشینێکی دوژمنیان خستە داوەوە و، تیمی دووهەمیش هەڵۆئاسا بەخێرایی توانیان پشتی عەلیاوە کۆنترۆڵ بکەن و ڕێگرەکان بکوژن و بەدیل بگرن.

هەروەک چاوەڕوان بوون بە بەرزبوونەوەی دەنگی تەقە، یەکەم گرووپی یارمەتیدەر لە سەقزەوە هاتنە مەیدانی شەڕ، تیمەکانی «ئایچی» کە خۆیان بۆ تۆڵەی «خالید زەکی» ئامادە کردبوو، بێدەنگ لە سەنگەردا بوون. هێزەکانی دوژمن کە چەند ماشین بوون بەسەر کەمینی پێشمەرگەدا تێپەڕین و، چوونە نزیک «عەلیاوە» و لەوێ کەوتنە نێو کەمینی بەشێکی تر لە ڕۆڵەکانی حیزب و گەل. مەیدانی شەڕ وردەوردە گەورەتر بۆوە، لە بەرەی «قشڵاخ» و «عەلیاوە» دوژمن زەربەی باشی خوارد و تێک شکا.

هێشتا سەعاتێک تێنەپەڕی دووهەم گرووهی زەربەتی یارمەتیدەر لە سەقزەوە بەرەو مەیدانی شەڕ هاتن و زۆر زوو غافڵگیر کران و، لەپێش گوندی «ئایچی» لە شوێنی شەهیدبوونەکەی «خالید»، کەوتنە نێو داوی هێزی پێشمەرگە، ئەم پێشمەرگانە هەر کام قەڵایەک بوون لە ورە و باوەڕ.

شەڕێکی قورس و نزیک لەم شوێنەدا بۆ ماوەی ٣ کاتژمێر درێژەی کێشا، دوژمن کە زانی لە چ داوێک کەوتوە، زۆر بێبەزەییانە دەوروبەری گوندی «ئایچی»ی تۆپباران کرد و چەند گوللەتۆپ لە نێو ئاوایی کەوت، بەڵام بەخۆشییەوە زەرەری گیانیی نەبوو، پێشمەرگە بەباشی لەسەر ئەم ڕێگایەدا زەربەیان وەشاند و خۆڕاگرییان کرد و، ڕێگایان نەدا ئەم بەکرێگیراوانە یەک هەنگاو بۆ پێشەوە بێن، تیمەکانی پشتیوان بە ئارپیجی و خومپارەی ٦٠میلی و چەکی بیکەیسی پشتیوانیان لە هاوسەنگەرانیان دەکرد، بە جۆرێک هێزی دوژمن هێز و توانای لێ بڕا و نزیک تاریکیی هەوا بەرەو سەقز پاشەکشێی کرد.

لەم شەڕە حیماسییەدا کە بە سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە کۆتایی هات، بەدەیان کەس لە هێزی ڕێژیم کوژران کە یەک لەوان جاشێکی بەناوبانگ و فەرماندەی عەمەلیاتی سەقز بوو بەناوی «مەنسوور بەناتیان»و، چەند ماشینی ڕێژیم دەستیان بەسەردا گیرا و هەر لەوێ سووتێنران؛ هەروەها ١٨ کەس لە بەکرێگیراوان و خۆفرۆشان بەدیل گیران.

لە خولقاندنی ئەم سەروەری و حەماسەیەدا پێشمەرگە هیچ چەشنە زیانێکی بەر نەکەوت و هەموو بەسڵامەتی و سروودی «من پێشمەرگەی کوردستانم» گوندی «ئایچی»یان بەجێ هێشت.

# لێکەوتە یاساییەکانی دەرچوونی ئێران لە ڕێکەوتننامەی (ئێن پی تی)



ئارەزوو نستانی

سالانێکی زۆرە بەرنامەی ناوکیی ئێران بۆتە مایەی نیگەرانیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هۆکاری سەرەکیی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ گوێنەدان و لەبەرچاونەگرتنی بەردەوامی پڕەنسیپ و بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی لە لایەن ڕێژیمی سیاسیی ئێرانەوە. هیچ وڵاتێک ناتوانێ نەزمی زاڵ بە سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە پێی ویست و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی پێشێل بکا. دەوڵەت پێویستە هاوکات لەگەڵ لەبەرچاو گرتنی بەدیهێنانی سەقامگیری و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی، لەگەڵ نیزامی نێودەوڵەتی خۆی بگونجێنی. هێنانەدیی مەبەستە نەتەوەییەکان لە نیزامی نێودەوڵەتیی ئاراییدا پەیوەستە بە بڕی هێز و تواناییەکان، کە هەر وڵاتێک خاوەنیەتی یان بەرهەمی دێنی. ئەوەش بە سوود وەرگرتن لە هێز و سەرچاوە نیشتمانییەکان دێتەدی کە لە بنیادنانی نەزمی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای هاوسەنگیی هێز بەکاری دێنێ.

سەرچاوەی سەرەکیی ئەو هێزە نیشتمانییە بریتییە لە هێزی کار، ئەوەش بە ڕازی کردنی هاووڵاتیان و لە بەرچاوگرتنیان لە بەشداری پێکردنی بەرهەست لە دیاریکردنی چارەنووسی نیشتمانی دێتەدی، کە خۆی دەبینێتەوە لە زیادکردنی بەرهەمی نیشتمانی و ڕێزگرتن لە بنەماکانی سەروەری و ئەمنیەت و هاوکاریی نیشتمانی و کەمکردنەوەی بێکاری و هەڵاوسان و گەندەڵی و نەهێشتنی جیاوازیی چینایەتی. واتە ئەگەر بمانەوێ کورتی بکەینەوە هێز دێتە دی بە گرینگیدان بە هەموو مەسەلە نیشتمانییەکان و ڕێزگرتن لە مافە مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕووناکبیرییەکان، کە ڕوونە هەموو ئەوانەی ئاماژەیان پێکرا لە چوارچێوەی نیزامی سیاسیی ئێراندا ئەستەمە بێنەدی.

لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا بەبێ لە بەرچاوگرتنی واقعیەت و لە چوارچێوەی چەمکی مەشرووعیەتی زاتیدا بڕیار دەدرێ و هەڵسوکەوت دەکری لەگەڵ هەموو پرسە نێوخۆیی و دەرەکییەکان، بەبێ لە بەرچاوگرتنی ئەو ڕێسایانەی کە سنووریان بۆ دەوڵەت دیاری کردوە و لەڕاستیدا دەسەڵاتدارانی ئێران تا ئێستاش لە خەیاڵی دەسەڵاتبالایی دەوڵەتدا دەسووڕێنەوە. لە نەزمی نوێی جیهانیدا مەسەلەی سەروەریی دەوڵەت بەپێی ئەو بیردۆزە کۆنانەی کە بوونیان هەبوو لە پێناسەی دەوڵەت و دەسەڵاتی ڕەهای دەوڵەت تەنیا لە خەیاڵی کۆماری ئیسلامیدا ماونەتەوە. لە کاتێکدا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا ئەو دۆخە قەبووڵکراو نییە و دەبێ دەوڵەت لە ڕەفتاریدا پێبەند بە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی بێ، بەتایبەتی ئەو ڕێسایانەی لە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانەوە دروست دەبن، کە ڕێککەوتنامەکان بە سەرچاوەی یەکەم و گرینگی یاسای نێودەوڵەتی دادەنرێن.

بەستنەوەی ئەمنیەتی گشتیی جیهانی بە بەردەوام بوونی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان خۆی دەبینێتەوە لە پێشێلنەکردن و پابەندبوون بە دەقەکانی، و هەروەها گرێنەدانی بەردەوام بوون و کۆتایی هاتنی بە بەرژەوەندیی تایبەتی دەوڵەت جگە لە هەندێ بواری تایبەتدا نەبێ وەک مەسەلەی مافی مرۆڤ و ئازادییەکان و پاراستنی ژینگە یان پاراستنی ئینسانەکان لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری و هەندێ بابەتی تر. ڕێکەوتننامەی ڕێگری لە بەکارهێنانی چەکی ناوکی و بڵاوبوونەوەی ئەو چەکانە بە دیارترین و گرینگترین ڕێککەوتننامە دادەنرێ بۆ چالاک کردن و هێنانەدیی ئاسایشی گشتی.

ڕێکەوتننامەی ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ناوکی، بریتییە لە هەوڵی نێودەوڵەتی بۆ ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی چەکی ناوەکی و تەکنەلۆژیای چەک و هاندان بۆ بەکاربردنی ئاشتیخوازانەی وزەی ناوکی و هەروەها کارکردن بۆ مەبەستی داماڵینی چەکی ناوکییە.

هەوڵەکان بۆ بەستنی ئەو ڕێکەوتننامەیە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٥و ١٩٦٨ دەستی پێکرد بە سەرپەرشتیی لێژنەیەکی پێکهاتوو لە هەژدە دەوڵەت لەژێر چاودێریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری ژنێڤی سوئیس. ئەو ڕێکەوتننامە لە ساڵی ١٩٧٠ چووە بواری جێبەجێ کردنەوە و بە بەرواورد بە ڕێکەوتننامەکانی تری نەهێشتن یان داماڵینی چەک زۆرترین ژمارەی دەوڵەتان پابەند بوون پێی. تا ساڵی ٢٠١٦ ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی واژۆیان کردوە گەیشتوونەتە ١٩١ دەوڵەت. هەرچەندە کۆرەی باکوور دوای ئەوەی واژۆی ڕێکەوتننامەکەی کرد لە ساڵی ٢٠٠٣ کۆتایی بە ئەندامەتییەکەی هێنا و هەروەها چوار دەوڵەتی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەندام نین لەو ڕێککەوتننامەیە کە سیانیان خاوەنی چەکی ناوکین، واتە هیند و پاکستان و ئیسرائیل و ، هەروەها باشوری سودان کە لە ساڵی ٢٠١١ بووەتە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەندام نییە تیایدا. لە هەمان کاتدا ڕێکەوتننامەکە دانی ناوە بە پێنج لە ئەندامانی کە خاوەنی چەکی ناوکین: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ڕووسیە، بریتانیا ، فەڕانسە و چین. وڵاتی ئێرانیش ئەندامی ئەو ریکەوتننامەیە و لە ساڵی ١٩٦٨ واژۆی کردووە و راستاندنی بۆ کردوە لە ساڵی ١٩٧٠. کۆماری ئیسلامی لە بۆنەی جیاجیادا هەڕەشەی کردوە کە پێبەندی ئەرکە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە بابەتی ناوکی نابێ، لەوانەش کشانەوە لە ڕێکەوتننامەی ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی چەکی ناوکی (واتە ئێن پی تی). هەر لە ڕاستای ئەم مەبەستەشدا لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا پارلمانی ئێران پرۆژە یاسایەکی ئامادە کردوە بۆ بەدواداچوون و چۆنیەتیی کشانەوە لەو ڕێکەوتننامەیە و ، ئەوەش وەک پەرچەکردارێک بەرامبەر ڕاگەیاندنی بەریتانیا و فەرانسە و ئاڵمان بۆ چالاککردنی میکانیزمی چارەسەری کێشەکانی بەرجام ناسراو بە «ماشە» و تۆمەتبارکردنی ئێران بە جێبەجێنەکردنی ڕێکەوتننامەی بەرجام، کە دەرەنجامەکەی گەڕاندنەوەی ئەو سزا ئابورییانەیە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەپاندبووی بەسەر ئێران بەر لە بەستنی ڕێکەوتننامەی بەرجام. هەر چەندە کۆماری ئیسلامی بانگەشەی ئەوە دەکا کە بۆ مەبەستی ئاشتیخوازانە دەیهەوێ پەرە بە بەرنامە ناوکییەکەی بدا، بەڵام لە دیدی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەلایەک شیمانەی ئەوەی لێ دەکرێ کە مەبەستی کۆماری ئیسلامی، هێنانی گوشار بێ بۆ سەر ئەمریکا بۆ وەدیهێنانی هەندێ دەسکەوت، یان قەناعەت هێنان بێ بە یەکیەتیی ئوروپا بۆ گرتنەبەری هەڵوێستی ئیجابی بەرامبەر بە ئێران.

لە لایەکی تریشەوە ئەو ئەگەرە تێبینی دەکرێ کە ئێران دەیهەوێ بەرەو وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی هەنگاو بنێ بۆ پاراستنی خۆی، بە تایبەت لە دۆخێکدا کە چ لە ئاستی نێوخۆ و چ لە ئاستی دەرەکی بەرەوڕووی فشاری بێ وێنە بۆتەوە و زیاتر لە



هەمیشە لەگەڵ قەیرانی مەشرووعیەت بەرەوڕوویە. بێگومان لە ئەگەری سەرپێچیی ئێران لە بنەما نێودەوڵەتییەکان و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوکی ئەوا کۆمەڵێک لێکەوتەی مەترسیداری بۆ ئێران بەدواوە دەبێ.

هەوڵەکانی ئێران بۆ پەرەدان بە بەرنامەی ناوکی هەر لە سەرەتاوە و لە سەردەمی پەهلەویدا ئامانجێکی مەزنی خوازانەی هەبووە، بەشێوەیەک کە حەمەڕەزا شا پەرەدان و پێشخستنی بەرنامەی ناوکیی وەک دەریچەیەک لە پێناو گۆڕینی ئێران بۆ هێزێکی هەرێمی سەیر دەکرد. بەڵام کاتێک سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرەو مەترسیدار بوونی بەرنامەی ناوکی ئێران ڕاکێشرا کە دەزگای هەواڵگریی ئاڵمان لە ساڵی ١٩٨٤ رایگەیاند کە پاکستان یۆرانیۆمی پیتێنراوی داوەتە ئێران بەو بڕەی کە لە ماوەی دوو ساڵدا دەتوانێ چەکی ناوکی بەرهەم بێنێ. نیگەرانییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر بەرنامەی ناوکیی ئێران لە ماوەی ئەو ساڵانەدا بەردەوام بووە بەرامبەر بە دەوڵەتێک کە پێبەند نییە بە بنەما نێودەوڵەتییەکان و دەرەنجامی ئەو نیگەرانی و لە ئاکامدا هەوڵانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەپاندنی سزای ئابووری بووە بە سەریدا لە پێناو کۆنترۆڵکردنی، سەرەنجام بەستنی ڕێکەوتننامەی بەرجامی لە ساڵی ٢٠١٥ لێ کەوتەوە لە پێناو کۆنترۆڵ و چاودێری بەهێزتری بەرنامەی ناوکیی ئێران. لە بەرامبەر هەموو پێبەند نەبوونەکانی کۆماری ئیسلامی بە پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان، ڕۆژئاوا سیاسەتی دوو لایەنەی لەگەڵ ئێران گرتۆتەبەر، لە لایەک ئابلۆقەی ئابووری و هەڕەشە و لە لایەکی تر هاوکاری کردنی ئێران لە فراوان کردنی بەرنامە ناوکییەکەی لە مەودای ئاشتیخوازانەدا. هەر ئەوەش بواری بۆ ئێران ڕەخساندوە تا لە و بۆشاییانەی دروست بوون بتوانێ زیاتر پەرە بە بەرنامەکەی بدا.

لە ئێستادا هێنانە بەرباسی مەسەلەی چوونە دەرەوەی ئێران لە ریکەوتننامەی ئێن پی تی یەکێکی دیکە لە ڕەفتارە نابەرپرسیارانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە بێگومان دەبێتە مایەی زیاد بوونی کێشەیەکی تر بۆ گەلانی ئێران وێڕای کێشە کەڵەکەبووەکانی تر.

جێبەجێ نەکردنی بەندەکانی ریکەوتننامەی بەرجام لە لایەن هەندێ لایەنی ڕێکەوتننامەکە دەلیلێکی قەناعەت پێکەر نییە بۆ ناوەندە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەرحەق بوونی مافی کشانەوەی ئێران لە ڕێکەوتننامەی ئێن پی تی، چونکە هەندێ بنەما هەیە پێویستە لەبەرچاو بگیرێ لەکاتی دەرچوون لەو ریکەوتننامەیە. دەرچوون لەو ڕێکەوتننامەیە ناکرێ، تەنیا لە حاڵەتی پێویستیی نیشتمانی نەبێ؛ واتە دەبێ بەرژەوەندییەکی بەرهەستی نیشتمانی لە ئەنجامی ئەو ڕێککەوتننامەیە کەوتبێتە مەترسییەوە. ئەوەش پێویستی بە بە قەناعەت گەیاندنی ناوەندە جیهانییەکانە، لەوانەش ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ناوکی و شووڕای ئەمنیەت. لە نێوەرۆکی ماددەی ١٠ لە ڕێکەوتننامەی ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی چەکی ناوکیدا هاتوە: (بۆ هەموو دەوڵەتێک لە دەوڵەتانی ئەندام هەیە لەو ڕێککەوتننامەیە بکشێنەوە بە مەبەستی بەدیهێنانی سەروەریی نەتەوەیی.) واتە دەوڵەتێک مافی کشانەوەی هەیە لە ڕێکەوتننامەکە ئەگەر هۆکاری قەناعەت پێکەری هەبوو کە هەندێ ڕووداوی تایبەتی پەیوەندیدار بە ڕێکەوتننامەکە هەیە زیان بە بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەیی دەگەیەنێ، و دەبێت ئەو کشانەوەیە ڕابگەیەنێ بە هەموو دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکەوتننامەکە و شووڕای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێش سێ مانگ لە کشانەوەی. هەروها پێویستە ئاگارکردنەوەی کشانەوە، ئەو مەترسیانە بخاتە ڕوو کە ڕووبەڕووی بەرژەوەندییە نیشتیمانیەکانی وڵاتەکەی دەبنەوە.

کشانەوەی ئێران لە ڕێکەوتننامەی ئێن پی تی بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەندەکانی ڕێکەوتننامەکە ڕووبەڕووی بەرپەرچدانەوەیەکی نێودەوڵەتیی گەورە دەبێتەوە وەک ئەوەی ڕووی دا بەرامبەر بە کۆرەی باکوور. لە بەر ئەوەی دەبێتە کێشەیەکی گەورە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەگەری ئەوە دروست دەکا دەوڵەتانی تری ناوچەش بە تایبەتی دەوڵەتانی عەرەبی لەو ڕێکەوتننامەیە بکشێنەوە و هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو چەکە بدەن لە پێناوی پاراستنی خۆیان لە مەترسییەکانی ئێران. ئەوەش دێوەزمەی دروست بوونی شەڕێکی هەرێمی دروست دەکا. هەروەها ئەو ڕەفتارەی کۆماری ئیسلامی بەرەو ئاراستەی ناسەقامگیرییە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دژبوونەوەیە لەگەڵ بنچینەیی سیستەمی بڵاونەبوونەوەی چەکی ناوکی. بەتایبەتی ئەوەی کە قەناعەتێکی بەهێز هەیە لە نێو ناوەندە جیاوازەکانی بڕیاری سیاسی لە جیهاندا کە لە ئورووپاوە دەست پێدەکا و تێدەپەڕێ بە ئەمریکادا و ناوچەی جیاوازی تری جیهان بەوەی کە نابێ ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ناوکی، چونکە مەترسییە لەسەر ئەمنیەت و سەقامگیریی جیهانی، ئەوەش دەبێتە مایەی دروست بوونی هاوسۆزییەکی نێودەوڵەتی و لە هەمان کاتدا دەبێتە مایەی نزیکبوونەوەی دووبارەی دەوڵەتان لە ڕێگری لە ئێران بۆ دەستکەوتنی چەکی ناوەکی بەهەر وەسیلەیەک بێ.

دەرەنجامەکان چ دەبن: سەرەتا لە ڕێگەی فراوان کردنی چوارچێوەی سزاکان، کە کۆماری ئیسلامی تا ئێستاش لە ژێر فشارێکی قورسی سزاکان دایە و لە هەموو ڕێگەکان کەڵک وەردەگرێ بۆ سووک کردنی ئەو فشارانە. هەروەها کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچار دەبێ لە ئەگەری وەڵامنەدانەوەی سزا ئابوورییەکان سیاسەتی خۆی بگۆڕێ بەرامبەر بە ئێران، لەو حاڵەتەدا ئەگەری بەکارهێنانی هێزی سەربازی زۆر دەبێ وەک ڕێگەیەک لە ڕێگەکانی ملپێکەچ کردنی دەوڵەت بۆ ڕێزگرتن لە بنەما نێودەوڵەتییەکان و لە بەرچاوگرتنی سەقامگیریی نەزمی جیهانی.

ئەوە لە کاتێک دایە کە کشانەوەی ئێران لە ئێن پی تی نەتەنیا لە بەرژەوەندیی نیشتمانی و نەتەوەییدا نییە بەڵکو ڕێک بە پێچەوانە ئاستەنگی گەورە بۆ بژێو و گوزەرانی هاووڵاتیانی دروست دەکا. دەوڵەتی ئێران لە هەموو ئەو سەرەڕۆییانەی بەرامبەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەینوێنێ تەنیا بیر لە پاراستنی ڕێژیمی سیاسیی خۆی دەکاتەوە و وەک باڵاترین بەرژەوەندی چاوی لێ دەکا.

***

# سانسۆر بەدرێژایی چوار دەیە



هەردی سەلیمی

«سانسۆر/ Censure» لە وشـەدا واتە پێداچوونەوە، پشکنین، سڕینەوە، مقەست و ... ئەم وشەیە لە زمانی لاتین وەرگیراوە و هەتا ئێستاش کەم و زۆر هەر بەو واتا کۆنەی بەکار دەهێندرێ. لە ڕۆمی کەونارا بە سەرژماریی حەشیمەت و چاودێریی هەڵسوکەوتی خەڵکیان وتوە سانسۆر. بەڵام لە مەعنا ئەمڕۆییەکەیدا بریتییە لە پێداچوونەوە بەسەر هەر شێوەیەک لە دەربڕین، کە وتە، کتێب، فیلم، شانۆنامە، نامە و ... بەر لە بڵاوبوونەوەیان لە خۆ دەگرێ؛ بەو مەبەستەی کە پەیامێکی دژبە بەرژەوەندیی لایەنی دەسەڵاتداری تێدا نەبێ، کە لە لایەن دەوڵەت و دەسەڵاتە سیاسییەکانەوە بەڕێوە دەچێ.



بەکورتی دەتوانین بڵێین سانسۆر مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و هەر لە سەرەتای دەسەڵاتی مرۆڤ و زاڵبوونی بەسەر ژێردەستەکانی خۆیدا سەری هەڵداوە و گەشەی کردوە. بە درێژایی مێژوو کەسانی ژێردەست بۆ خۆشیرین کردن بە بەژنی سەردەستەکاندا هەڵیانگوتوە و خۆیان لە وتەیەک کە بکەوێتە خانەی بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ باڵی دەسەڵاتدا، بە جدی پاراستوە؛ کە ئەمەیان دەکەوێتە چوارچێوەی خۆسانسۆر کردن و لە ڕاستیدا هەر لێکەوتەوەی شێوەی یەکەمە.

کەواتە بەپێی ئەم پێناسەیە، سانسۆر پێشگیری لە تێکچوونی بەرژەوەندیی لایەنی هێزدار دەکا و، لە باری دەروونیشەوە ئەم ڕوانگەیە بۆ دەوروبەر دەگوازێتەوە کە تەنیا چینێکی تایبەت لە کۆمەڵگە هەیە چاک و خراپ لێک بداتەوە و، ئەوەی دەمێنێتەوە دەبێ چاو لە دەمی ئەو چینە تایبەتە بێ و گوێ بداتە ئەو بڕیارانەی کە دەر دەکرێ. ویستی ئەم باسە ئەوەیە بەکورتیش بووبێ ئاوڕێک لە سانسۆر و سانسۆرکردن لە چوار دەیەی ڕابردووی مێژووی هاوچەرخی ئێران لە ڕووی کولتووری، هونەری، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی و هتد بدرێتەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران دەسپێکی دەسەڵاتەکەی، لە وردترین جومگەکانی ژیانی کۆمەڵگە و تایبەتترین بەشەکانی ژیانی تاکەکەسیش دەستێوەردانی کرد. سەپاندنی خۆداپێچانی زۆرەملی لەسەر ژنان و تەنانەت پیاوانیش، نەهێشتنی بەکارهێنانی هەر جۆرە خواردنەوەیەکی ئەلکولی، دەستداگرتن بەسەر سینەما و شوێنە گشتییەکان، داگیرکردنی میدیا و ڕاگەیەنەکان و بەدەستەوە گرتنی هەموو جومگەکانی دەسەڵات؛ بە مەبەستی دابەزاندن و دامەزراندنی ئیدئۆلۆژیی تایبەتی خۆی و سڕینەوە و نەهێشتنی هەر ڕەنگێکی جیاواز و دژبەر، حەولی یەکدەستکردنی وڵاتی دا.

ئەمانە بەستێنێک بوون بۆ بەرەوڕوو بوونەوەیەکی گشتیتر و دواتریش بەڕێوەبردنی شۆڕشی کولتووری لە زانستگەکان –کە خومەینی هەر لە ساڵەکانی چلەوە لەگەڵ ئەم بەشە کێشەی هەبوو و هەوڵی هەڵوەشاندنی دەدا و بەڕاشکاوی ئەوەی لەگەڵ عەلی ئەمینی، سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتی حکوومەتی پەهلەویدا هێنابووە بەر باس– کە هەتا بەم کاتەش بەردەوامە و لەسەر کار لابردنی مامۆستایان و گرتنی خوێندکاران دەرخەری ئەوەیە کە هێشتا دەسەڵات بە زانستگەی یۆتۆپیایی خۆی دەستی ڕانەگەیشتوە. گرتنەبەری ئەم شێوە لە بەڕێوەبردنە کە شێوەیەکی ئۆختاپووسانەیە و هەموو بەش و جومگەکان لەخۆ دەگرێ، بۆ کۆماری ئیسلامی لە سەرەوەی هەموو شتێکی تر بوو.

یەکێک لەو ڕێگایانەی ڕێژیم بۆ سانسۆر و دەسڕاگەیشتن بە داگیرکردنی چاو و گوێ و مێشکی خەڵک بەکاری هێناوە؛ پێکهێنان و دامەزراندنی ناوەندگەلێک بە ناوگەلی زۆر، بەڵام لە نێوەرۆکدا یەک ئامانجن. بۆ نموونە دەزگاکانی پان و بەرینی سانسۆر قوتابخانەکان و زانستگەکان و هەموو ئیدارە دەوڵەتییەکانی و تەنانەت قەوارەی کۆمەڵگەشی بەگشتی لەژێر ناوەکانی «شۆڕای چاودێری»، «بنکەکانی ئەمر بە چاکە و گێڕانەوە لە خراپە»، «حراست/ چاودێری»، «گزینش/ هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوە بە مەبەستی هەڵبژاردن» و ... بە گشتی تەنیوەتەوە.

ئەم بارستاییە لە بەکار هێنانی سانسۆر تەنانەت بەڵگە و زانیارییە بنەڕەتییەکانیش دەگرێتەوە و کەسێک کە بیهەوێ لە بارەی ڕووداوێکی مێژوویی تایبەتەوە توێژینەوەیەکی هەبێ ناتوانێ متمانە بە ئامار و بەڵگە دەوڵەتییەکان بکا و، ئەمەش زیاتر لەو کاتانەدا خۆ دەردەخا کە کەسێک ئەگەر بیهەوێ ئامارێکی ڕاست و دروست لە ڕێژەی خۆکوشتن، زیندانییانی سیاسی، قەتڵە نامووسییەکان، بێکاری، بەندییە سیاسییە ئێعدام کراوەکان، کوژراو و بریندارەکانی نارەزایەتییە گشتی و لۆکاڵییەکان و ... بەدەست بێنێ؛ تووشی لەمپەر دەبێ و بە زانیارییەکی ورد و دروست ناتوانێ بگا.

لە ئێران تیغی سانسۆر کتێبی بەتەواوی بێسەر کردوە. کتێب یەکێک لە قوربانییانی سەرەکیی سانسۆر لە ئێرانە، ئەمەش لەسەر بەرهەمە نێوخۆییەکان و وەرگێڕانەکانیش هەر ڕاستە. بە پێی ئامارەکان بەرهەمە ئەدەبییەکان زیاترین ڕێژەی سانسۆریان لەسەرە و ساڵانە بیست لەسەدی ئەم ژانرانە لە کتێب ڕێگەی چاپ و بڵاوبوونەوەیان پێ نادرێ، لەم نێوەشدا ئەو بەرهەمانەی لە ئەدەبیاتی ئەمریکاوە وەردەگێڕدرێنەوە بە وردبینییەکی زۆرترەوە دەکەونە ژێر گیووتینی سانسۆر. ئەمەش بوترێ کتێبگەلی ئایینی _کە لەسەر ئەرکی دەوڵەت و بودجەی گشتی چاپ دەکرێن_ زۆرترین ڕێژەی چاپ و بڵاوبوونەوەیان لە ئێراندا هەیە و لەوانیشدا ئەو کتێبانەی تایبەت بە ئایینی ئیسلامن ٩٥ لەسەدی ئەم کتێبانە لەخۆ دەگرن.

هووشەنگ گوڵشیری نووسەری گەورەی فارس لە بارەی کێشەی سانسۆرەوە، لە کۆبوونەوەیەکی ئەدەبی لە وڵاتی ئاڵمان، لە وڵامی پرسیاری هەواڵنێرێکدا دەڵێ: «بەهەر حاڵ ئێران کامپیۆتێری لێیە، زیراکسی لێیە، کتێبی ژێرزەمینیی لێیە و [...] سانسۆریش هەیە، کوشتوبڕیش هەر هەیە، هەموو لەسەریەک و پێکەوە. بۆ نموونە ئەگەر کتێبەکانی میلان کۆندرا بە دەستی ئێمە دەگا؛ پڕ پڕە لە سێ خاڵ (نوقتە). دواتر ئێمە دەتوانین بۆ خۆمان خەیاڵ بکەین بزانین چی ڕووی داوە. با من نموونەیەکتان بۆ بێنمەوە، ئەگەر ئێمە لە چیرۆکێکی سادەدا بنووسین: «کوڕ، کچی ماچ کرد.» ئەگەر لە جیاتی [ماچ] سێ خاڵ دانێین؛ ئێوە پێتان وایە چی ڕووی داوە؟! [مەبەست لە پێوەندیی نێوان ئەو کوڕ و کچەدایە].»

بە گشتی ڕووکردێکی ڕوون بۆ سانسۆرکردن لە کۆماری ئیسلامیدا نییە و زیاتر بەستراوەتەوە بە سەلیقە و شێوازی بیرکردنەوەی سانسۆرچی، ڕاستە کە خوێندنەوەی دەسەڵات لە ئایینزای شیعە بنەمایەکی گشتییە لەم پێوەندییەدا بەڵام بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر جۆری بیرکردنەوەی سانسۆرچییەکان. بەگشتی دەتوانین بڵێین ئەوەی بەرچاوە ئەوەیە کە سانسۆر لە دەوری دوو بابەتی ئیدئۆلۆگ و ئەوەی تریش هەر جۆرە وشە و ڕستەیەکی پێوەندیدار بە ئاشقایەتی و تێکەڵبوونی ڕەگەزی نێر و مێ و بە گشتی ئەو شتانەی بێتەوە سەر سێکس؛ دەخولێتەوە. بەم پێیە ئەوەی ڕەخنەیەکی لەسەر ئایینی ئیسلام، ئایینزای شیعە، ئیمامانی شیعە، کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرەکانی هەبێ و هەروەها، گومانی لە «ڕەوایی ویلایەتی فەقیهـ» هەبێ، بڕەودان بە ئەندێشە و بیری ڕۆژاوایی بدا و، بڵاوکردنەوەی بیرۆکە و تیئۆرییەکانی داروین و ... دەکەوێتە ژێر تیغی تیژی سانسۆر. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە هەندێک لەو گۆڕانکارییانە بکەین کە سانسۆرچییەکان بەسەر بابەتی کتێبەکاندا دەیسەپێنن و بە شێوەی دڵخوازی خۆیان بڵاوی دەکەنەوە؛ بۆ نموونە شەراب: شەربەت، مەشرووب: خواردنەوە، ئاشق: خۆشەویست، تێکەڵاوبوونی ژن و پیاو: مارەبڕین، سەما: وتوویژ، مەیخانە: کافە، گۆشتی بەراز: گۆشتی مانگا، ماچ و مووچ: قسەکردن، دۆستی کچی پیاوی خێزاندار: هاوسەری دووەم و ... لەو نموونانەن کە باس کران.

ئەم پاوانخوازی و هەستیارییە لەسەر وشە و وێنەی ڕووت و یان بە جۆرێک سێکسی، گشت بەشەکانی هونەری گرتوەتەوە، فیلم و سینەما لەم بەشەدا زیاترین زەبری لێکەوتوە. هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە کۆمەڵێک لە باشترین فیلمەکانی سینەمای ئێران چ ئەوانەی پێش لە شۆڕش دروست کرابوون و چ دوای ئەو ڕووداوە کە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیی بەسەر وڵاتی ئێراندا هێنا، ڕێگەی بڵاوبوونەوەیان پێ نەدرا و سڕدرانەوە. هەر ئەم شێوازی هەڵسوکەوتە لە بارەی مووسیقیشەوە ڕاستە و، نەرمی نەنواندنی کۆماری ئیسلامی لەم بوارانەدا بەرچاوترین هونەرمەندانی ئەو کاتی ئەم وڵاتەی یا خانەنشین کرد و دەستیان لە کار کێشاوە و یان وڵاتیان بەجێ هێشت و لە هەندەرانیش نەیانتوانی بەگوێرەی پێویست کاریگەرییان هەبێ و زۆربەشیان هەر بە گشتی دەستیان لە کار کێشایەوە.

ئەمە بۆشاییە ڕێگەی بەو کەسانە دا کە بە ڕانتیی حکوومەتی و لەسەر ڕاسپاردەی حکوومەت دەستیان لە هەموو جومگەکانی هونەر وەردا و، لەم ڕێگەیەوە بوونە بانگەوازکەری ڕێژیمی تازە پێگەیشتوو و، بنەمای بیر کردنەوە و ڕوانینەکانیان گۆڕی و ئەدەبیاتی «پایداری» و سینەمای «دفاع مقدس» و هونەری بەرگرییان پەرە پێدا و، ئەو هونەرمەندانەی بەو ئاقارەدا نەچوون کەوتنە بەر ڕق و قینی بەرپرسان و نانخۆرانی فەرهەنگی ئێران. بۆ نموونە لە کاتێکدا کە عەباس کیارۆستەمی فیلمی «ژیان و هیچی تر»ی لە باکووری ئێران دروست دەکرد کەوتە بەر گلەیی و گازندەی توندی، مورتەزا ئاوینی –دۆکیۆمێنتسازی حکوومەتی کە ڕاپۆرتی لە شوێنەوارەکانی شەڕی ئێران و عێراق ئامادە دەکرد–؛ لەوێدا ڕوو لە کیارۆستەمی دەڵێ کەسێک کە بە مەودای پتر لە هەزار کیلۆمیتر سنووری نێوان عێراق و ئێران کە لەشەڕدا بووە نابینێ و دەچێ لە منداڵێکی باکووری ئێران دەگەڕێ چ چاوەڕوانییەکمان هەبێ؟!

ئەمە تایبەت نەبوو لەسەر کیارۆستەمی و دەرهێنەری وەک بەهرام بەیزایی کە پێی دەوترێ شکسپییری ئێران بەردەوام تووشی ئەم تەنگەژانە و تەوقیفی فیلم بوو و تەنانەت لە گەرمەی قەتڵە زنجیرەییەکاندا سەعیدی ئیمامی چاوپێکەوتنی لەگەڵ بوو و، هەڕەشەی لێ کردبوو. ئەم کۆسپ و کەلێنانە کە لەسەر ڕێی هونەرمەندانی بەتوانای ئەم وڵاتە بوون، بووە هۆی بێکار بوون و کۆچکردنیان لە ئێران. هەر بۆیەش زڕەهونەرمەند و هونەربەندانێکی زۆر لەسەر سفرەی هونەری ئیدئۆلۆگی کۆماری ئیسلامیدا خواردیان و گوویپان لێ خڕ کرد.

ئەوەی لێرەدا گرینگە و مەترسییەکی گەورەیە، ڕووخان و هەرەسهێنانی هەموو ژێرخانە فەرهەنگییەکانی وڵاتێکی ٨٠ میلیۆن کەسیی وەک ئێرانە کە، ڕەنگە هەر ئەمڕۆش کۆماری ئیسلامی بڕووخێ، لە سبەینێوە هەتا ساڵانێکی زۆر کات پێویستە بۆ چاککردنی خراپەکارییەکانی ٤٠ ساڵی ڕابردوو تەنیا لە بواری کولتووری و دەروونیی خەڵکی ئەم وڵاتە.

## گەڕانەوە

هاتەوە؛ ڕۆژی سەهۆڵ و بادەوە و خەونی بەهار
لێک دژن؛ واتای ئەوین و ترس و سەوزی و سیخوار

هاتەوە؛ ساڵڕۆژی بەفرێک پڕ لە خەونی باڵی مەل
یادی بەیداخێک بەخێر، هەڵچوو بە بەژنیدا بەهار

چوار گڵۆپ هەڵکەن مەلینە! بۆ شکۆی ساماڵی گەل
سەد بەهاریشتان تەمەن بێ؛ خەونەکانی بێقەرار

شێرە کوڕ سابڵاغ دەپۆشن، شێرە کچ داشامەجید
بەرزە مێژوویەک، ترۆپکی خوێنی خۆی کردە هەوار

هەر بژی کۆماری ژیان و ئیمپراتووری ئەوین
حیزبی دار و بەرد و دیوار و هەموو دێهات و شار

هاتەوە، کاتێک لە پردی سووری ڕابردووی گەلم
هاتەوە ڕۆژێک لە خوێنێکی کە بۆتە یادگار

وەرنەوە تا یازدە کۆترتان بە ڕوودا هەڵفڕن
ئەی ئەوینتان بێ سنوور، دەریا دڵی منتان کەنار

ئاورێک هەڵکەن، لەسەر پێلووی زستانی زەمەن
ڕوو لە بەرزی، کۆڵنەدەر، تا لووتکەکانی بەرزی دار

ڕابوون ڕۆژهەڵات

---

## دووی ڕێبەندان

وەرزی زستانە، هەلە بۆ هەڕەتی تۆفانی
بەفر و وەیشوومە دەکا گاڵە لە دەرک و بانی

کەچی لەو بەستەڵەک و تووش و کڕێوە و بایە
کوردەواری چ بەهارێکی بووە میوانی

لەو بەهارەی کە شکاندوویەتی پشتی زستان
گوڵی ئاواتی دەپشکووتن لە ڕێبەندانی

پێشەوا هات و لەگەڵ هێزی گەل و دیموکرات
سەری دانا بوو لە ڕێ و نایە بەری دەست گیانی

نووسەر و شاعیر و لاوانی بە زیپکوزاکوون
شەنوکەویان بوو لە مەیدان و خەلەوخەرمانی

هێزی چەکداری گەلم ناوی نرا پێشمەرگە
هەڵکرا پەرچەم و بێگانە نەما نیشانی

تۆ بڵێ کێ وەکوو پێشمەرگە لە ئەم دنیایە
چەکی پیرۆزی وەها جوانە لە دەست و شانی

لە بۆ پاراستنی ئەو خاک و گەل و ئاڵایەش
کوڕە پێشمەرگە بە خوێن مۆری دەکرد پەیمانی

چەکی تیژی قەڵەم و بیر و تفەنگیان وەک یەک
خستەگەڕ سوور و مکوڕ هاتنە پشتیوانی

خاڵەمین دەستی هەژارهێمنی گرت و هێدی
بوونە سەرقافڵەیەک بۆ غەزەل و گۆرانی

ئەی ڕەقیب دەنگی هەتا لووتکە دەچوو کازیوان
ئاودرا گوێم بە گوڕە و هەوهەوی سوارچاکانی

قەڵەمی نووسەر و گۆڤار و کتێب، ڕۆژنامە
هاتە دەر ترسی نەمابوو بکرێ زیندانی

قۆڵی هەڵماڵی کوڕ و کیژی لە گوند و شاران
هەر لە ماکۆوە هەتا ئەوپەڕی هەورامانی

باوەشی کردەوە بۆ شێرەکوڕانی گەرمێن
تاوەکوو بێنەوە ئامێزی چیاو کوێستانی

خەونی دەسکردی سنوور پووچەڵ و بێ مانا بوو
ئەو دەمەی تێکی شکاند، شێرەکوڕی بارزانی

هاتن و بوونە یەکەم هێزی بەهێزی کۆمار
دوژمنم کوێر بوو لە داخان و نەما ئیمانی

ئێستەش ئەو ڕێیە کە پێشانی منی دا قازی
گیان بە شانازی لە پێناوی دەکەم قوربانی

ڕەسووڵ سوڵتانی

# KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 767 4 Februray 2020



ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 53.0° East MHz 12594
polarization: Vertical -27500 FEc : 2/3
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508483312
Tashkilat.kdp92@gmail.com


# سمیناری ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان




ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ٩٨ی هەتاوی لە هۆڵی پێشەوا لە شاری هەولێر بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە لایەن و نوێنەرانی ڕێکخراو و حیزبەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و کەسایەتییە سیاسی و دیارەکانی کورد و ئەندامان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبەکانی کوردستان سیمینارێکی لە چوار پانێڵی جیاجیادا بەڕێوە برد.

لەو سیمینارەدا کە لە ژێر ناوی «کۆماری کوردستان ئەزموونێکی شکۆدار و هێمای یەکڕیزیی نەتەوەییە بۆ بونیاتنانی سەروەریی نیشتمانی» پێکهاتبوو، نوێنەری هەرکام لە چوار حیزبی بەشدار لە ناوەندی هاوکاری باسەکانی خۆیانیان پێشکەش کرد.

سیمینارەکە پاش سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕقیب و ڕاگرتنێک خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان، بە قسەکانی شەونم هەمزەیی، پێشکەشکاری ڕێوڕەسمەکە دەستی پێکرد کە کورتە باسێک بوو لەسەر گرینگیی کۆماری کوردستان. دواتر هێمن بایزیدیپوور بەڕێوەبەری پانێڵەکان کورتەیەکی لە سەر مەبەست و ئامانج ئەو سیمینارە بە لە بەرچاو گرتنی ڕووداوی گرینگی ٢ی ڕێبەندان بۆ بەشداربووان باس کرد.

لە پانێکی لەیەکەمدا کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە خستنەڕووی چەندین فاکتەری گرینگی مێژوویی و سیاسی لە سەردەمی دامەزرانی کۆماری کوردستان لەو بارەوە بۆ ئامادەبووان دوا.

کەماڵ کەریمی لە بەشێک لە قسەکانیدا گوتی: کۆماری کوردستان ڕووداوێکی یەک ڕۆژە نەبووە بەڵکوو بەرهەمی شۆڕشی کورد بووە لە پارچەکانی کوردستان کە هەموو کات پێوەندییان و کاریگەرییان لەسەر یەکدی هەبووە و بە ئاوڕدانەوەیەک لە شۆڕشە کوردییەکان هاوپێوەندیی مێژوویی خەبات و شۆڕشەکانی بەشەکانی کوردستان لە کۆماری کوردستاندا بە جوانی دەردەکەوێ.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا بەستێن و زەمینەی سەرگرتنی کۆماری کوردستانی لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتییە باس کرد و گوتی : دەبێ سەرنجی بەستێنەکانی دروست بوونی کۆماری کوردستان بدەین کە باگراوندی مێژوویی هەیە و ئەگەرچی کورد هەمیشە تەنیا بووەو و ئەو دەوڵەتانە کە کوردییان گەمارۆ داوە هەمووکات کوردیان وەکوو مەترسی زانیوە بۆ سەر دەسەڵاتی خۆیان و بە هەموو جۆرێک دژایەتیان کردوە و شۆڕشی کوردیان سەرکوت کردوە.

بەڕێزیان لە کۆتایی قسەکانیدا بە باسکردن لە هەڵسەنگاندنی دروست و ژیرانەی پێشەوا قازی محەممەد بۆ دامەزراندنی حیزبێک کە کۆماری کوردستانی پێ دابمەزرێنێ، گوتی: هەرچەند بەپێی بەڵگە مێژوییەکان کە هەیە پێشەوا قازی محەممەد دڵنیا نەبوو لە پشتگیری بەردەوامی یەکیەتیی سۆڤییەت و تەنانەت لەوەی کە کۆمارەکەی پەرە بستێنێ، بەڵام وەکوو ئەرکێکی مێژوویی وەکوو ڕێبەرێکی هەڵکەوتوو ئەو هەلەی قۆستەوە و کۆماری کوردستانی دامەزراند.

لە پانێلی دوویەمدا حەسەن شەڕەفی، جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە باسکردن لە بارودۆخی ئەوکاتی کۆماری کوردستان وەکوو خەسارێک گوتی: ئەوەی گرینگە لەو سەردەمە بە هەبوونی هۆز و عەشیرەی زۆر بەڵام توانی هەموان لە ژێر ئاڵایەک و ویستێکی هاوبەشی نەتەوەیی کۆ کردەوە، بەڵام لەم سەردەمەدا کە سەردەمێکی پێشکەوتوویە و کوردی دەیان حیزبی هەیە بەڵام ناتوانن وەکوو سەردەمی پێشەواقازی هاوئاهەنگ و یەکڕیز بن!

جێگری یەکەمی لێپرساوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران لە درێژەی باسەکەیدا بە وەبیرهێنانەوەی هێندێک دەسکەوتی نەتەوەیی کە یادگاری کۆماری کوردستانن، چەند نموونەیەکی خستەبەرباس کە نەتەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بە زیندوویی ماونەتەوە و ئەو ئاڵایەی کە بە ئالای کوردستان ناسراوە، لە هەرکوێی جیهان بشەکێتەوە هێمای نەتەوەیی کۆماری کوردستانە.

لە پانێلی سێیەمدا عەبدوڵلا ئازەربار، ئەندامی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران باسی لە هەوڵەکانی ڕەزا شای پەهلەوی وەکوو سیاسەتی یەکدەست کردنی گەلانی ئێران و تواندنەوە و ئاسمیلەکردنیان لە نێو فەرهەنگ و زمانی دەسەڵاتدار و پەرەسەندنی بیری شوونیستی و ڕەگەزپەرەستیی ئێرانی کرد.

عەبدووڵلا ئازەربار لە درێژەی قسەکانیدا باسی لە هەلومەرجی دوای نەمانی ڕەزاشای پەهلەوی کرد و بە جەختکردن لەسەر دامەزراندنی کۆمەڵەی ژێکاف وەکوو کۆڕێکی ڕووناکبیری و ئەدەبی لەو سەردەمەدا ، ئاماژەی بە هۆکاری لە دایکبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد کە توانی کۆماری کوردستانیش دابمەزرێنێ. ناوبراو کۆمەڵەی ژێکاف و کۆماری کوردستانی بە قوناغێکی گرینگ لەسەر بلووغ و گەشەی ناسیونالیزم و شوناسخوازی لە کوردستان ئێران و تەنانەت پارچەکانی دیکەی کوردستانیش لە قەڵەم دا.

لە پانێلی کۆتاییدا ڕەزا کەعبی، جێگری سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بە باس کردن لە جیاوازی قوناخەکان و جیاوازی نێوان چین و نەوەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ خەسارناسییەکی کورتی لەو بارەوە باس کرد.

جێگری سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بە ئاوردانەوەیەک لە هاوکێشە سیاسییەکانی سەردەمی کۆمار و هەلومەرجی ئەوکات، دامەزانی کۆماری بە شانازییەک لە ژیری و بوێری و مافویستیی گەلی کورد زانی .

ڕەزا کەعبی لە درێژەی قسەکانیدا ڕەوتی دروستبوونی کۆمەڵەی ژێکاف و پاشان حیزبی دێموکراتی کوردستان چەند خاڵێکی وەکوو خەسار لەو بارەوە دەستنیشان کرد. ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانی لێهاتووی و بیرتیژیی پێشەوا قازی محەممەدی لە ململانێیە سیاسییەکانی ئەو کات لە نێوان زلهێزەکان بە خاڵێکی جەوهەری باس کرد و پاشان چەند خاڵی لاوازی لەو بارەوە ئاماژەی پێدا.







## بەر لە ماڵاوایی

# تەعامول یا تەقابول؟
# هەڵسوکەوتی گونجاو لەگەڵ ئایین!


وریا ڕەحمانی

یاسای سێیەمی نیوتۆن دەڵێ؛ «هەر پەرچەکردارێک لە نەتیجەی کردارێکدا دێ. واتە چێبوونی هەر پەرچەکردارێک وڵامێکی ڕاستەخۆیە بە کارکردی کردارێکی تایبەتەوە.»

حەقانییەتی ئەم یاسایە لە دنیای سیاسەتیشدا زۆر واقعی و هەست پێکراوە. هیچ حیزب یان ڕەوتێکی سیاسی لە بۆشاییدا دروست نابێ، بەڵکوو یا لە وڵامی زەروورەتێکی مێژوویی یا وەک پەرچەکردارێک لە بەرامبەر کردارێکدا پێک دێ. کرێکاران، ژنان، مامۆستایان، ئەسناف و ... بە مەبەستی بەرگری لە ماف و داخوازییەکانیان سەندیکا و ڕێکخراوی پێوەندیدار پێک دێنن. هەرچی هەڵاواردنی چینایەتی لە کۆمەڵگەیەکدا زیاتر بێ و مەودای نێوان خەڵکی هەژار و دەوڵەمەند زۆرتر بێ، بەستێنێکی لەبارتر بۆ چێبوون و گەشەی حیزبە چەپییەکان خۆشتر دەبێ. پێکهاتنی ئەحزاب و ڕەوتە ناسیۆنالیستەکان پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە چەوسانەوە یا مەترسیی نەتەوەییەوە هەیە. هەر بەم پێیەش پێکهاتنی ڕەوت یا حیزبێکی ئایینیش هەر لەم چوارچێوەیەدا خۆی دەبینێتەوە. هەرچەند ڕەنگە هۆکارەکان هەمیشە و لە کۆمەڵگە جیاوازەکان ڕێک وەک یەک نەبێ و بابەتی پێشکەوتەبوون و دواکەوتوویی وڵاتانیش کاریگەریی تایبەتیی خۆی هەیە. واتە وجوودی ڕێکخراوێکی تایبەت یا حیزبێکی سیاسی لە وڵاتێکی پێشکەوتوودا وڵامێکە بە نیازی بەشێک (کەم یا زۆر) لە هاووڵاتیان، کەچی زۆربەی کات ئەوەی ڕەوتێکی تایبەت یا حیزبێکی سیاسی لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوودا پێک دێنێ هەست بە مەترسی کردنی بەشێک لە خەڵکی ئەو وڵاتەیە. بەواتایەکی دی بوونی ڕێکخراوی جیاواز و ڕەوتە سیاسییەکان لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا دەرفەتێکە بۆ بەهرەمەندبوونی زیاتر و کەلکوەرگرتن لە زەرفییەتەکانی وڵات، کەچی زۆربەی کات بوونی ئەو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییانە لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا بۆ ڕەواندنەوەی هەڵاواردن و مەترسیی زەرەرمەند بوون و هەندێ جار تەنانەت لەنێو چوونیشە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە و وڵاتە دواکەوتووەکان ئەوەیە کە ئەزموونی مرۆڤایەتی بە ئەزموونی خۆیان نازانن و پێیان وایە هەر نۆرمێکی سیاسی یا کۆمەڵایەتی، بۆخۆیان دەبێ ئەزموونی بکەن. بۆ وێنە کۆمەڵگەی ئەمریکا و ئورووپای ڕۆژئاوای ئێستا پێیان وا نییە دەبێ حەتمەن ئەزموونی حکوومەتێکی ئیدئۆلۆژیک بکەن، بەڵکوو بە دیتنی حکوومەتە ئیدئۆلۆژیکە کۆمۆنیستی و ئایینییەکان وەک ئەزموون کەلکی لێ وەردەگرن و ئیتر خۆیان لە کانتێکستێکی وا نادەن. بەڵام ئەم شێوەیە لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا کەمتر بەرچاو دەکەوێ. هێشتاش بەشێک لە خەڵکی ئەمریکای لاتین و خۆرهەڵاتی نێوەڕاست خەون بە دروستبوونی دەسەڵاتی کۆمۆنیستی و ئایینییەوە دەبینن.

یەکێک لە کێشەکانی ئەو جۆرە کۆمەڵگەیانە کە لە چەشنی پەرچەکردار بەرامبەر بە ئەجێندای سیاسی و ئیدئۆلۆژیکیی حکوومەتەکانیاندا بەرجەستە دەبێتەوە، ئەوەیە کە بە گشتی کۆمەڵگە ڕێبازێکی دژبە ڕەوت و نۆرمی حکوومەت لەپێش دەگرێ. بۆ نموونە کۆمەڵگەی ئێرانی ئێستا بە کوردستانیشەوە لە بەرامبەر حکوومەتی مەزهەبیی کۆماری ئیسلامیدا ئاراستەیەکی سێکۆلارتری بەنیسبەت وڵاتانی دیکەی ناوچەکەوە هەیە. کەچی ڕێک بەپێچەوانەوە کۆمەڵگەی تورکیە و عێراق و سووریە بە کوردستانەکانیشیانەوە لە بەرامبەر حکوومەتی غەیرەمەزهەبیی وڵاتەکانیانەوە ئاراستەیەکی ئایینییانەتریان گرتوەتە بەر. هەڵبەت لەمەڕ باشوور و باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان نابێ لە هەڵسوکەوتی ئەحزابی کوردستانیی ئەو پارچانە کە بە گشتی وەک ئەحزابێکی چەپ ڕوویکردێکی تەقابولییان لەگەڵ ئایین ڕەچاو کرد؛ چاوپۆشی بکەین. بەڵام لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای ڕوویکردی تەقابولیی حیزب و لایەنی تر هەڵسوکەوتی تەعامولیی حیزبی دێموکرات وەک سەرەکیترین و کاریگەرترین حیزبی سیاسیی ئەو پارچەیەی کوردستان لەگەڵ ئایین، کاریگەریی زۆری هەبوو بۆوەی کە خەڵک لە ڕوویکردێکی دژەسێکۆلاریزم و عەلمانییەتدا ئایین وەک ئەجێندای سیاسیی خۆیان هەڵنەبژێرن؛ بەڵکوو وەک بیر و باوەڕێکی شەخسی لەلای خۆیان بیپارێزن.

کانت لە تێبینیی دەورانی دوای سەدەکانی نێوەڕاستدا دەڵێ: «یەکێک لە کارکردە ئەرێنی و دیارەکانی ڕێنێسانس لە ئورووپادا ئەوە بوو کە بە جیاکردنەوەی دین لە دەسەڵات، لە ڕاستیدا کەرامەتی بۆ ئایین گەڕاندەوە و دین لە ئامرازێک بۆ سەرکوت و تۆقینی خەڵکەوە، بوو بە توخمێک بۆ ئارام کردنەوە و هێمنایەتی بەخشین بە خەڵک و بەم چەشنە پێگەی ڕێزدار و حەقیقیی خۆی لەنێو کۆمەڵگەدا دۆزییەوە.»

تەجروبە نیشانی داوە کە هەرچی هێرشی زیاتر بکرێتە سەر دین هیچ کە پێگەکەی لاواز نابێ بەڵکوو بەرەو ئاقارێکی مەترسیداری دەبا. ئەزموونی نزیک بە حەفتا ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆمۆنیزم لە سۆڤیەت، چین، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا و ئەمریکای لاتین، سەلمێنەری ئەم وانەیەن. ئایینیش وەک هەر چەمکێکی مەوجوودییەت هەڵگری دی کاتێک کە هێرشی بۆ بکرێ و بوون و مانەوەی خۆی لە مەترسیدا ببینێ، هەوڵی خۆپاراستن و بەرگری لە خۆی دەدا کە بە هۆی ئەوە بنەمایەکی ئیدئۆلۆگە، ئەم بەرپەرچدانەوەیە ئاکامی باشی لێ ناکەوێتەوە.

لە بارودۆخێکی وەهادا هەم توندئاژۆیی ئایینی پەرە دەستێنێ، هەم هەوڵی بەڕێکخراو بوون و بەڕێکخراو کردن گەشە دەکا، هەمیش لە چوارچێوەی شەخسی و مزگەوتەکانەوە بەرەو ناوەندەکانی کۆمەڵگە شۆڕ دەبێتەوە و، لە ئاکامدا وەک ئەجێندایەکی سیاسی بەرەو بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات دەخوشێ.

لە ڕاستیدا ڕێگەی بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ فێندەمێنتالیزمی ئایینی و ئیسلامی سیاسی، وەک نموونە، لە دژایەتی و ڕوویکردێکی تەقابولیدا خۆی نابینێتەوە. بەڵکوو ڕێک بەپێچەوانەوە بۆوەی بەرەو ئاقارێکی توندوتیژی و ئاسۆیەکی مەترسیدار نەچێ، پێویستی بە ڕوویکردێکی تەعامولی و هەڵسوکەوتی نەرم هەیە.